# تەڵاق و لێکجیابوونەوە

## لە باشووری کوردستان، شاری هەولێر بە نمونە

(هۆکارو دەرئەنجام، لێکەوتەو کاریگەری)

**سەرباز سیامەند**

پێداچوونەوەی:

**مومتاز حەیدەری**

**١٤٣٩ کۆچی** **٢٧١٧ کوردی** **٢٠١٨ زاینی**

ناوی کتێب: تەڵاق‌و لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان،
(هۆکارو دەرئەنجام، لێکەوتەو کاریگەری)

بابەت: کۆمەڵایەتی

نووسین و ئامادەکردنی: سەرباز سیامەند

پێداچوونەوەی: ممتاز حەیدەری

کۆمپیوتەر: نووسەر

دیزاینی ناوەرۆك‌و بەرگ: سەرباز سیامەند مەنتك

چاپی: یەکەم، هەولێر ٢٠١٨

تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە

نرخ:(      ) دینار

چاپخانەی: شەهاب

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ٤٥ ) ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە.

گشت مافەکانی ئەم پەرتووکە بۆ نووسەر پارێزراوە.

## ناوەڕۆك

لاپەڕە: بابەت


٠٣: ناوەڕۆك

٠٤: پێشكەشە بە

٠٤: سوپاسو پێزانین

٠٥: پێشەكی

٠٧: گرنگی توێژینەوە

**بەشی یەكەم:**

١٠: **باسی یەكەم/** شوێنی جوگرافی باشووری كوردستانو تەڵاقو لێكجیابوونەوە

١٤: **باسی دووەم/** پرۆسەی ئازادكردنی عێراقو هاتنی تەكنۆلۆجیای بەلێشاوو بێ بەرنامە

**بەشی دووەم:**

٢٤: **باسی یەكەم/** تەڵاق بە گشتیو تەڵاق لە عێراق دا

٢٤: یەكەم: تەڵاق لە مێژوودا

٢٤: دووەم: تەڵاق بەگوێرەی ئاینە یەكتا پەرستەكان

٢٧: سێیەم: تەڵاق بەگوێرەی یاسا لە عێراقدا

٥١: **باسی دووەم/** تەڵاق لە باشووری كوردستان

٦٩: بەكورتی

**بەشی سێیەم:**

٧٤: **باسی یەكەم/** گرنگترین بەربەستەكانو هۆكاری تەڵاقو لێكجیابوونەوە لە باشووری كوردستان

٨٩: **باسی دووەم/** گرنگترین چارەسەری بۆ كەمكردنەوەو نەهێشتنی تەڵاقو لێكجیابوونەوە لەباشووری كوردستان

١٠٦: **دەرئەنجام**

١٠٨: **پێشنیار**

١١١: **پاشكۆ**

١٧٢-١٧٦: **سەرچاوەكان:**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

❖ ئەم توێژینەوەیە بە ڕووناهی دیدەکانمام (دایك و باوك)ی ئازیزمو دایکی ئەحمەدو ئامەد و هەڤلس.
❖ بە بەڕێز مامۆستا (مومتاز حەیدەری)
❖ بە هەموو مامۆستا کۆلێدەدەرەکانی قۆناغە جیاجیاکـانی خوێنـدنمو گشـت قوتابیـانی قۆناغەکانی سەردەمی خوێندنم.
❖ بەو کەسانەی کە کاتی خۆیان بۆ زانستو ڕۆشنبیری تەرخان دەکەن.

**پێشکەشە**

**سەرباز سیامەند**

++++++

**سوپاس وپێزانین**

- سوپاس بۆ خودای گـەورەو میهرەبـان کـە یارمـەتی دام بـۆ ئـەوەی ئـەم توێژینەوەیـە دەربارەی "تەلاقو لێکجیابوونـەوە لـە باشـووری کوردسـتان، (هۆکـارو دەرئـەنجام، لێکەوتەو کاریگەری)" ئەنجام بدەم، بە ئامانجی ئەوەی بۆ کۆمەڵگاکەم سود مەند بێت.
- هەروەها سوپاسی هاوسەری ئازیزمو گشت مامۆستایانو ئەو هاوڕێیانـە دەکـەم کـە یارمەتیدەر بوون بۆ تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە.

# پێشەکی

پێکهێنانی بەشێك لە خێزانەکانو پێکەوەژیانی هاوسەرەکانو خستنەوەی وەچە، لە ئێستا دا لە واتاو تێگەیشتنی سەرەکی خۆی دوور کەوتۆتەوە. ئەمەش وایکردووە پەیوەندیە هاوسەرگیریەکانی نێوان ئەو هاوسەرانە بە جیابوونەوە کۆتایی بێت.

ئێستا لە باشووری کوردستان دا ئەندامانی خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پابەندن بە یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی پەرلەمانی عێراقو یاسای ژمارە (٨)ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستانو چەندین بڕیارو رێنمایی ترەوە.

ئەمڕۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاقو لێکجیابوونەوە بۆتە یەکێك لە ترسناکترین کێشەکانی نێو کۆمەڵگاو پێکهاتەی خێزان لە بنەڕەت هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەوەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیو کلتووری دادێت. دەبینین ئێستا زیاتر لە ڕابردوو هۆکارەکانی جیابوونەوەو تەڵاق زیاتر لەزیاد بووندایە. دادگاکان پڕ بوونە لە کێشەو هەندێکیان بە تەڵاق کۆتاییان دێت. لەم ساڵانەی دواتریش ڕێژەی تەڵاق زیاتر بووە بە بەراورد کردنی لەگەڵ ساڵانی ترو بۆتە یەکێك لە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگا.

لەپێناو بنیات نانی خێزانێکی پتەوو یەکگرتوو پێویستە جارێکی تر کۆمەڵگا بگەڕێتەوە بۆ پێناسە سەرەکیەکەی خێزانو چۆنێتی مامەڵەکردنی دروست لە کاتی دروست بوونی کێشەو گرفتەکاندا.

به مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامەکان ئەم توێژینەوەیەمان بەسەر سێ بەش دابەش کردووە. بەشی یەکەم باسی شوێنی جوگراف باشووری کوردستانو تەلاقو لێکجیابوونەوە دەکات. لە بەشی دووەمدا باس لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقو هاتنی تەکنۆلۆجیای بەلێشاوو بێ بەرنامە کراوە. لە بەشی سێیەم بریتیە لە گرنگترین بەربەستەکانو هۆکارەکانی تەلاقو لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستانو گرنگترین چارەسەر بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی تەلاقو لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستاندا، باسکراوە بە ئامانجی پەرەپێدانی ژیانی خێزانو گەڕانەوە بۆ واتای راستەقینەی خێزان، لە کۆتاییدا بە ژمارەیەك دەرئەنجامو پێشنیار گەیشتووە.

سەرباز سیامەند

## گرنگی توێژینەوە:

تـەڵاق و لێکجیابوونـەوە لـە باشـووری کوردسـتان، (هۆکـارو دەرئـەنجام، لێکەوتەو کاریگەری) وەك پێویست گرنگـی ئـەوتۆی پێنـەدراوەو لـە لایـەکی تریش هۆکارەکانی زیاد بوونی لەبارن.

## گیروگرفتی توێژینەوە:

تـەڵاق و لێکجیابوونـەوە لـە باشـووری کوردسـتان روو بـەڕووی ژمارەیـەك ئاستەنگی بۆتەوە لەگەڵ ئەمەشدا هـەڵی ئـەوە نـە رەخسـاوە وەك پێویسـت رێگای زیاد بوونی لێ بگیرێت.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە بـەدیار خسـتنی ئاسـتەنگەکان، تابتوانرێـت نـەهێلین تـەڵاق و لێکجیابوونـەوە لـەوەزیاتر پـەرە بسـێنێت، بگـرە زۆر کـەم بکرێت.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوە خـۆی لـەوە دا دەبینێتـەوە کـە ژماریـەك ئاسـتەنگی هونەری رێیان لەبەردەم زیـاد بـوونی تـەڵاق و لێکجیابوونـەوە نـەگرتووە وەك رۆلی خراپی میدیاو هاتنی تەکنۆلۆجیای بێ بەرنامەو بە لێشاوو هتد...

## رێبازو شێوازی توێژینەوە:

رێبازو شـێوازی توێژینەوەکـە بریتیـە لـەوەی کـە رێبـازو شـێوازی باسـی شیکردنەوەم بۆ ئەم توێژینەوەیە پەیڕەو کردووە.

## چوارچێوەی توێژینەوە:

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چوارچێوەی شوێنو کوردستان – عێراق دەبینێتەوە کە بریتیە لە سنووری باشووری کوردستان.

## پلانی توێژینەوەکە :

بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامەکان ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بەش دابەشکراوە. بەشی یەکەم باسی شوێنی جوگرافی باشووری کوردستانو تەلاقو لێکجیابوونەوە دەکات. لە بەشی دووەمدا باس لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقو هاتنی تەکنۆلۆجیای بەلێشاوو بێ بەرنامە کراوە. کەچی بەشی سێیەم بریتیە لە گرنگترین بەربەستەکانو هۆکارەکانی تەلاقو لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستانو گرنگترین چارەسەری بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی تەلاقو لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان، باسکراوە بە ئامانجی پەرەپێدانی ژیان خێزانو گەڕانەوە بۆ واتای راستەقینەی خێزان، لە کۆتایی دا ئەم توێژینەوەیە دا بە ژمارەیەك دەرئەنجامو پێشنیار گەیشتووە.

## بەشی یەکەم:

## باسی یەکەم/ شوێنی جوگرافی باشووری کوردستان و تەلاق و لێکجیابوونەوە

## باسی دووەم/ پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق و هاتنی تەکنۆلۆجیای بەلێشاوو بێ بەرنامە

# بەشی یەکەم:

## باسی یەکەم/ شوێنی جوگرافی باشووری کوردستانو تەلآقو لێکجیابوونەوە

کوردستانی عێراق بریتییە لەو بەشەی کوردستان کەدەکەوێتە نێو سنوری دەوڵەتی عێراقەوە کە دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهان دروست بوو، بە پلەی یەکەم هەرێمێکی مرۆییە سەرەڕای ئەوەی نیشتیمان یان خاکی کوردانەو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن، بەلآم لەرووی فرەنەتەوەیی‌و فرەئاینییەوە لەهەرێمەکانی دیکەی عێراق جیایە.[(١)]

باشووری کوردستان سەرجەم ناوچەو دەڤەرەکانی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی‌و کەرکووکو دهۆکو خانەقین، شەنگار، دیالە، گەرمیانو هتد... دەگرێتەوە، توێژینەوە مێژوویی‌و جوگرافییەکان لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە بەرزاییەکانی حەمرین سنووری نێوان باشووری کوردستانو عێراق پێکدەهێنێت، راستە تاکو ئێستا سنوری جوگرافی ئەم بەشەی کوردستان کێشەی لەسەرە بەلآم بەپێی سەرچاوەکان ئەم سنورە لە ناوەڕاستی عێراقەوە لەباشووری رۆژهەلآتی شارۆچکەی بەدرە لەپارێزگای واست دەست پێدەکات بەرەو باکوور تاکو پردی نەوت لەرۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ، لەتەنیشت بەرزاییەکانی حەمرین تا فەتحە دەڕوات شان بەشانی رووباری دیجلە سەردەکەوێ‌و لەباکوری شاری موسڵ بەرەو باشوری رۆژئاوا بادەداتەوە بەئاراستەی شارۆچکەی حەزەر پاشان بەرەو رۆژئاوا بەئاراستەی سنووری عێراق سووریا لە باکووری شارۆچکەی بەعاج. رووبەری جوگرافی باشووری کوردستان ٧٨٧٣٦ کم٢ کە دەکاتە زیاتر لە ١٨٪ سەرجەمی رووپێوی عێراقو ئەم دەڤەرو پارێزگایانە دەگرێتەوە:

---

(١) http://www.krg.org/p/p.aspx?l=13&s=020000&r=327&p=238

١) پارێزگاكانی (هەولێر سلێمانیو دهۆكو كەركوك).
٢) هەموو ناحیەو قەزاكانی پارێزگای نەینەوا جگە لەقەزاكانی موسڵو بەعاجو حەزەر.
٣) قەزاكانی خانەقین ومەندەلیو كفری جگە لەناحیەی بەلەدروز لەپارێزگای دیالە.
٤) ناوەندی قەزای بەدرە لەپارێزگای واست، كوت.[١]

بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆرترین رێژەی تەلاق لە سنووری شاری هەولێر بووە، بەهۆی ئەوەی شاری هەولێریش بە پایتەختی كوردستان ناسراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم هەندێكیش باس لە جوگرافیای شاری هەولێر بكەین.

پارێزگای هەولێر یەكێكە لە پارێزگا سەرەكیەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق. كەوتۆتە ناوەڕاستی هەرێمی كوردستان، پایتەختی ئەم هەرێمەیە كە پایتەختێكی كارگێڕییە. دەكەوێتە نێوان دوو (زێ)وە. لە رۆژهەڵاتی هەولێرەوە پارێزگای سلێمانی هەیە كە سنووری نێودەوڵەتی لەنێوان (عێراق– ئێران) پێكدێنێت. لە رۆژئاواوە پارێزگای موصل هەیە كە بە درێژی (زێی گەورە) درێژ بۆتەوە. پارێزگای دهۆك دەكەوێتە باكوری رۆژئاوای هەولێرەوە. هەروەها لەسەر درێژبوونەوەی قەزای شەقلاوە لە باكوور كە سنووری نێوان (سۆرانو پارێزگای سلێمانیو دەریاچەی دوكانو هتد...)، لە باشووریەوە پارێزگای (كەركوك) هەیە. هەولێر لەرووی فەلەكی گەمارۆدراوە

---

[١] www.krg.org/p/p.aspx?l=13&s=020000&r=327&p=296

لەنێوان بازنەی پـانی (٣٠- ٣٥)، (١٥-٣٧) بـاکوور، وە هێلـی درێـژی (٢٢-٤٣)و (٥-٤٥)ی رۆژهەلات... [(١)]

هەولێر لە رووی کۆمەلایەتیەوە پێکهاتووە لە چینو توێژی جیاواز، هـەر یەك لـە هۆزەکـانیش تێـڕوانینی جیاوازیـان بـۆ ژیـانی هاوسـەرگیریو تـەلاقو لێکجیابوونەوە هەیە.

لـە دوای تـەواوبوونی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی دامەزرانـدنی دەولـەتی دەستکردی عێراق لە سالّی ١٩٢١ هەولێر بووە یەکێك لەو لیوایانەی کـە سـەر بە(١٤) لیوا بووە کە پێکهێنەری دەولّەتی عێراق بـووە. لـەڕووی کارگێڕیـەوە گۆڕانکاری زۆر بەسەر سنووری هەولێر داهاتووە.

هـــەولێر لـــە رووی کارگێڕیـــەوە تووشـــی چـــەند گۆڕانکـــاری هـــاتووە، لەسەرەتای پێکهاتنیەوە وەك لیوایەك بووە:

أ. پێش سالّی ١٩٥٨ قەزای (رانیە) لە هەولێر جیاکرایـەوەو بەسـترایەوە بـە (سلێمانی)یەوە. لە هەمان کاتدا قەزای (زێبـار) لـە موصـل جیاکرایـەوەو بـە سترایەوە بە شاری (هەولێر)ەوە. [(٢)]

ب. دەستکرا بەچـاککردنی سـنووری پارێزگاکـە بـەپێی (وێنەیـەکی کۆمـاری) ژمـارەی (٤٣٤٩) لـە ١٩٨٨/٨/١١ دەسـتکرا بـە دابڕانـی لـە ناحیـەی پـردێ

---

(١) نادية طلعت سعيد، طرف السيارات في محافظة اربيل دراسة في جغرافية النقل، رسالة مقدمة الي كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ص١٧

(٢) خليــل اسماعيــل محمــد، نەخشــەی ئیـدارەی کوردســتانی عێـراقو بـواری نەتەوەکـەی، گۆڤـاری لێکۆلینەوەی ستراتیژی، ژمارە (٢)ی سالّی هەشتەم، سەنتەری لێکۆلینـەوەی سـتراتیجی دەریـدەکات، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ٣٥-٣٨

(ئـالتون كـۆپری) كـه سـەر بـه قـەزای (دبـس) بـوو (الم غـی) لـه پارێزگـای كەركوكەوە بەسترا بە پارێزگای هەولێر.[1]

ت. دەستكرا بـە چـاككردنی سـنووری پارێزگاكـەو دابڕانـی گونـدەكانی سـەر ناحیەی (نزار) كە سەر بە (قەزای ئاكریّ) بوو، بەسـترایەوە یـان لكێنـدرا بـە قەزای (مێرگەسور).

ئەوەی كە تایبەتە بە یەكە كارگێڕیەكان كە بۆتە پێكهێنەری پارێزگاكـە تووشــی گۆڕانكــاری زۆر هــاتووە لــە رووی پێكهــاتنیو هــەروەها ســنوورو رووبەری ئەم یەكە كارگێڕیانـە گۆڕانكـاری بەسـەردا هـاتووە لـە ماوەیـەك بـۆ ماوەیـەكی تـر بـە پێـی ئـەم رامیاریـەی كـە حكومـەت دەسـتكاری سـنووری رەسەنی هەولێری كردووە.[2]

---

[1] هاشم یاسین محمد امین الحداد، اطلس موارد الطبیعیة في محافظة اربیل ادارة ارض الزراعیة دراسة كارتوغرافیة- جز (١-٢) رسالة ماجستر مقدمة الي كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٠، ص ٥.

[2] هاشم یاسین محمد امین الحداد، اطلس موارد الطبیعیة في محافظة اربیل ادارة ارض الزراعیة دراسة كارتوغرافیة- جز (١-٢) رسالة ماجستر مقدمة الي كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٠، ص ٥

## بەشی یەکەم:

## باسی دووەم/ پرۆسەی ئــازاد کردنــی عێــراق و هــاتنی تــەکنۆلۆجیای بەلێشاوو بێ بەرنامە

لەگەڵ پرۆسەی "ئازاد کردنـی" عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣ دا کـە لـە لایـەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان بەڕێوەچـوو، ئـیتر عێـراقیش پێـی نایـە قۆنـاغێکی دیکە. لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە بەوەی دەروازە سنوورییەکان بەرفراوانتر بوون و کۆنترۆلی پێویست لەسەر سنوورو دامودەزگاکاندا نـەبوو. بـەجۆرێك بووکـەوا زۆر شت بە بێ بەرنامەو بە لێشـاو هێنرایـە عێراقـەوە، یـەکێك لەوانـە هـاتنی تەکنۆلۆژیای زیاترو جۆراو جۆر بوو بە شێوەیەکی بێ بەرنامەو بە لێشاو. بـۆ نمونـە: ئینتـەرنێت، هـاتن و زیـادبوونی ئـامێری سـەتەلایت (سـحن)، مۆبایـل، هتد...

هەڵبەتـە بـەهۆی ئـەوەی باشـووری کوردسـتانیش بەشـێکە لـە عێراقـی ئــەمڕۆ، بۆیــە ئــەویش پشــکی ئــەو بــێ بەرنامــەیی و هێنــانی تــەکنۆلۆژیای بەلێشاوی بەردەکەوێت. هـەر لـە خـراپ بـەکار هێنـانی مۆبایـل و ئینتـەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی تـۆڕە کۆمەلایەتیـەکان بـە تایبـەتی بگـرە تـا ڕاگەیانـدنی بینراو(تیڤی)و نووسراو(ڕۆژنامەو گۆڤار) کە ڕۆلی نەرێنیان بەسەر کۆمەڵگاوە هێناوە.

- ✓ **بۆ ئەم مەبەستانەش چەند نمونەیەك دەهێنینەوە، وەك:**

- **خراپ بەکار هێنانی مۆبایل/** مۆبایل سەرەتا وەك ئامێرێك بـۆ پـەیوەنـدی کردن و دواتر مۆبایلی کـامێرایی بـۆ وێنـەگرتن و پاشـانیش ڤیـدیۆو تـەکنیکی نوێتر هات کە لەگەڵ ئەوەی لایەنی باشی هەیە، بەڵام بووەتە مایەی دروست بوونی کێشە بۆ بەکارهێنەرانی. ئەمەو کۆمپانیاکانی مۆبایلیش ڕۆلی خراپیان

دیوه لەوەی لە شەواندا نرخی دەقەی قسە کردن لە شەودا کەم دەکەنەوەو ئەمەش وایکردووە کەسانی هەرزەکار بەهۆی بەکارهێنانو لێدانی ژمارەی جیاواز کێشە بۆ چەندین خێزان دروست ببێت، بەتایبەت کەوا ئاستی تێگەیشتنی هەموو خێزانەکان وەك یەك نییە.

**نمونەی یەکەم/ خراپ بەکار هێنانی مۆبایل:**

مارتن کوپەر لە تەمەنی (٤٤) ساڵی دا لە ١٩٧٣/٤/٣ یەکەم کەس بوو بە تەلەفۆنی مۆبایل پەیوەندی بە ژمارەیەکی نۆرماڵەوە کرد، لەو رۆژەوە کۆپەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی ئاسان کرد. بەڵام پێش کۆپەر ئامێری مۆبایل پێشتر لە تاقیگەو ناوەندەکانی توێژینەوە بەکار دەهێنرا. بەڵام لە باشووری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە ساڵ لەدوای ساڵ بە شێوەیەکی فراوانتر مۆبایل بەکار دەهێنرێت، کە پێشتر لە هەندێ کاری تایبەتی دا بێتەلی (سورەیا) بەکار دەهێنرا کە لە رێی مانگە دەست کردەکانەوە پەیوەندیەکەی ساز دەکرد. [١]

## مۆبایل بۆ هەندێك لە کچان بووە بە بەڵا

ژنان زۆرترین باجی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلیان داوەو بە پێی ئامارەکانی پۆلیس، ئەوەش لەگەڵ فراوانبوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی مۆبایل دێت کە مەترسی بۆ سەر ئارامیو سەلامەتی بەشێك لە ژنان دروست کردوە. [٢]

---

[١] لە دایکبوونی مۆبایلو گەشەسەندنی، زانستو زانیاری، هەفتەنامەیەکی زانستیە هەموو سێ شەممەیەك رۆژنامەی خەبات دەریدەکات ٨ لاپەڕەیە، ژمارە ٤٧، سێ شەممە ٢٩١٣/١١/٦، ل ٥ .

[٢] مۆبایل بۆ هەندێك لە کچان بووە بە بەڵا، شاناز حەسەن، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (١١٨٨)، دووشەممە ٢٠١٣/١١/٢٥، ل ٩ .

بـەناز حەسـەن تەمـەن (٢٢ سـاڵ) بەدەسـت کەسـانی بێزارکـەرەوە دوو ساڵە مۆبایلی داخستووەو ناوێرێت هـەڵی بگرێتـەوە. ئـەوەی کـە ئـەو کچـەی بێزار کردووە "نوکە نوك بووە بە نیوە شەو".

بەڵام بڕواهێنان بە دەوروبەر تەنانەت لە چوارچێوەی ئەندامانی خێزانـدا بۆ ئەو کچانە ئاسان نییە کە بە مۆبایل بێزار دەکرێن، بـەناز دەڵێت:"ماڵـەوە پێیان دەوتم ئەو کەسە لەخۆڕا تەلەفۆن بۆ تۆ ناکات".

هەرچـەندە سـکاڵای بـەناز چـۆتە بەڕێوەبەرایـەتی پـۆلیس‌و کۆمپانیـای ئاسیاسـێل‌و لەوێشـەوە کێشـەکەی چارەسـەر کـراوە، بـەڵام هێشـتا ئـەو متمانەیەی دروست نەکردۆتەوە کە بتوانێت مۆبایل بەکار بێنێتەوە.

گێلاس عەلی (٣١ ساڵ) کە خاوەنی دوو منداڵە لە مـانگی شەشـی ٢٠١٣ دا لەناو قـەرەبالغی بـازاڕ دا مۆبایلەکـەی ون بـووە، لـەو کاتەشـەوە بـە بـڵاو کردنەوەی وێنەکانی ناو مۆبایلەکەی هەڕەشەی لێدەکرێت.

گـێلاس دەڵێـت:" دوو کاتـژمێر دوای ئـەوەی مۆبایلەکـەم ون کـرد، بـە ڕەقەمەکەی خۆم تەلەفۆن کرا بۆ مێردەکەم، وتبووی پێویسـتە قسـە لەگـەڵ خـاوەنی ئـەم مۆبیلـە بکـەم، هـەر لـەو کاتەشـدا لەگـەڵ مێردەکـەم بـوو بـە شەڕیان".

روون نییە گێلاس چی لێ بەسەر دێـت ئـەو لـە لایەکـەوە گـیرۆدەی ئـەو هەڕەشانەیە کە لەسەر بڵاو کردنەوەی وێنەکانیـەتی‌و لـە لایـەکی دیکەشـەوە مێردەکەی پێی دەلێ:" وێنەت بڵاو بێتەوە ژنی من نیت".

وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی سـەرکەوت ئەحمـەد، بـۆ رۆژنامـەی هـاوڵاتی وتویەتی:" حاڵەتەکان جۆراوجۆرن کە هەڕەشەیان لێدەکرێت لەوانە:".

بــە قســەی ئــەو وتەبێــژە: زۆربــوونی سـیمکارت‌و هــەرزانی نرخــی پەیوەندیکردن‌و دزینی مۆبایل‌و مامەلە بە سیمکارتی علوجەوە بـە دیـارترینی

ئەو هۆكارانە دەستنیشـان دەكـات كـە بونەتـە هـۆی زۆر بـوونی حاڵەتـەكانی بێزاركردنی هاوڵاتیان لە ڕێگەی مۆبایلەوە".

ئەو كەسانەی لە ڕێگەی مۆبایلەوە خـەڵكیان بێـزار كـردووە، سـەركەوت دەڵێت:" زۆرینەیان ئەوانەن كە ئاستی ڕۆشنبیریی‌و خوێندەواریان نزمە".

لەبارەی سزای ئەو كەسانەش كـە مۆبایـل خـراپ بـەكار دەهێـنن ڕوونـی كردەوە سزاكەی:" یەك ساڵ زیندانی دەبێت".

كەسوكاری هەندێك لەو كچانەی كەوتوونەتە داوی گـرفتی مۆبایلـەوە بـە شێوەیەك بێزار بوون وابیر دەكەنەوە كچەكانیان قوربانی " سـاویلكەیی‌و بـیٚ ئاگایی" خۆیان بن...!؟!

+++

- **__ئینتـەرنێت‌و میـدیای ئـەلیكترۆنی/__** كردنـەوەی وێـب پـەیج لـە تـۆڕە كۆمەڵایەتیـەكان‌و بڵاوكردنـەوەی وێنـەی كەسـی خـەڵكانی تـر بـە تایبـەتی ئافرەت، كێشەی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێـت. وێـب سـایتەكان بـە گشـتی‌و تـۆڕە كۆمەڵایەتیـەكان بـە تایبـەتی وەك: فەیسـبووك، تویتـەرو هتـد... لـە كۆمــەڵگای ئێمــە دا زۆر بــە كــەمی بــە شــێوەیەكی تەندروســت ســوودی لێوەرگیراوەو ئەمیش بەدەر نەبووە لە بەكارهێنان بە مەبەستی خراپ‌و سەر ئەنجام كێشەی بۆ هاوڵاتیان ناوەتەوە.

**__نمونەی دووەم/ خراپ بەكار هێنانی ئینتەرنێت/__**

لە ساڵانی ١٩٩٥ – ١٩٩٦ هێڵی ( web sat ) لە باشووری كوردستان پەیدا بوو كە مەش بەكارهێنانەكـەی سـنوردار بـووەو تـەنیا لـە هەنـدێك لـە دەزگـا حكومیـەكان‌و ڕێكخـراوە بیانییـەكان‌و هەنـدێك دام‌و دەزگـای حیزبـی بـەكار

هاتووە واتە هێڵێكی گشتی نەبووە، بەڵكو تا ڕادەیەك سنوردارو تایبەت بووە بەم دەزگایانە.[1]

بە تێپەڕ بوونی كات ئەمە وەك خۆی نەماو بەكارهێنانی ئینتەرنێت گەیشتە ماڵو شوێنە گشتیەكانیش. بە پێی ڕووپێوێكی(دەستەی ئاماری هەرێم):" ژمارەی قاوەخانەكانی ئینتەرنێتی كار كردوو لە پارێزگاكانی باشووری كوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠ (٤٩) قاوەخانە بووە. ژمارەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت بۆ ساڵی ٢٠١٠ (٦٠٩,٨٥٠) كەس بووە، ڕێژەی مێ (٨,٨٪) وە ڕێژەی نێر (٩١,٢٪) بووە".[2]

لە نمونەی خراپ بەكارهێنانی ئینتەرنێت، لە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكاندا، كردنەوەی لاپەڕەیەكی فەیسبوكە بەناوی كچێكی زانكۆ كەوا كێشەی زۆری بۆ ناوەتەوەو...هتد.[3]

+++

- **<u>دەزگاكانی ڕاگەیاندن/</u>** ڕاگەیاندنی بینراو(تیڤی)و نووسراو(ڕۆژنامەو گۆڤار)/ هەندێكیان ڕۆڵی خراپیان بینیوە. هەندێك لە تیڤیەكان بە تایبەت تەلەفزیۆنە لۆكالیەكان (ناوخۆیی) زۆر بەكەمی دەوری باشیان بینیوە، بە تایبەتی لە ژێرنووسی تیڤیەكان (سەب تایتل) بەهۆی بڵاو كردنەوەی

---

[1] كەنعان بەهادین، داود فؤاد، ئینتەرنێت بۆ خۆپێگەیاندن یان كات بەسەربردن ؟ ڕۆژنامەی خەبات، ژ ١٦٣١، بەرواری ٢٦/١١/٢٠٠٤ .

[2] ڕوپێوی چالاكی قاوەخانەكانی ئینتەرنێت بۆ ساڵی ٢٠١٠، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی موردستان، بەشی گواستنەوەو گەیاندن ٢٠١١، ل٢-٣.

[3] لاپەڕەی فەیسبووكیان بەناویەوە دروستكردووە، گۆڤاری سڤیل، ئا: ڕائیدی ماف ژیلەمۆ عبدالقادر معروف، تەمموز ١٣، ٢٠١٣، گۆڤاری سڤیل (http://www.civilmag.com/?p=13585).

ژمارەی تەلەفۆنی کوڕانو ئافرەتـان لـە ڕێـی (SMS)ەوە چـەندین کێشـەی دروست کردووە بۆ هاولاتیان، خێزانەکانو سەری بۆ تەلاقیش کێشاوە.

**نمونەی سێیەم/ خراپ بەکارهێنانی تیڤیەکان، تایتلی ژێرەوەی تیڤی وەك نمونەی ڕوودانی تەلاق:**

کەناڵـە تەلەفزیۆنییـەکانی باشـووری کوردسـتان بـە تایبـەت هونـەریو ناوخۆییـەکان (خـۆجێیی)، ماوەیـەك بـوو بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو نامـەی خۆشەویستیو ژمارەی مۆبـایلی کچـانو کوڕانیـان بـڵاو دەکـردەوە، ئەمـەش دەیان کێشـەی کۆمەڵایـەتی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. بـەڵام ئێسـتا بـە شـێوەی جیاوازتر هەندێك لە کەناڵەکان لەسەر ئەم کارە بەردەوامن.

بەڕێوەبـــەری بەڕێوەبەرایـــەتی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی دژی ئافرەتـان/ هـەولێر، ژیلـەمۆ عەبـدوالقادر معـروف، گـوتی:" دوو کەسـی لـەو شێوەمان ڕەوانەی دادگا کردووە، یەکەمیان ئافرەتێکی خێزاندار بوو، کـە لـە مێردەکەی ڕازی نەبووەو ژمارەی مۆبایلەکەی بۆ تەلەفزیۆنێك نـاردووەو بـڵاو کراوەتـــەوە، بـــەو هۆیـــەوە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ کوڕێـــك بەســـتووەو ڕەدوو کەوتووە".

ژیلـــەمۆ عەبـــدوالقادر گـــوتی:" ئـــەو کێشـــەیە ئێســـتا لـــە دادگایـــەو ئافرەتەکەش لە لایەن مێردەکەیەوە تەلاقدراوە".

فەرمانگەی داواکاری گشتی لـە باشـووری کوردسـتان ڕۆژی ٢٠١٢/٣/٢٨ نووسـراوێکی بـە ژمـارە ٢٧٦، بـۆ وەزارەتـی ڕۆشـنبیری نـاردووە، کـە تێیـدا هـاتووە "ماوەیەکـە تێبـینی کـراوە هەنـدێك کـەناڵی تەلـەفزیۆنی لۆکـاڵی (ناوخۆیی) ژمارەی تەلـەفۆنی کـوڕانو کچـان بـڵاو دەکەنـەوە، بـە مەبەسـتی

بەستنی پەیوەندیو یەکتر ناسین، ئـەم حاڵەتـەش بووەتـە هۆکـاری چـەندین کێشەی کۆمەڵایەتیو تاوانیشی لێکەوتووەتەوە".[1]

لە بەشێکی نووسراوەکەدا هاتووە "ئەم کارە پێچەوانەی یاساو پـەیامی ڕاگەیاندن"ـە، بۆیە "ڕێککاری یاسایی دەگیرێتە بەر بەرامبـەر ئەنجامـدەرانی ئەو کارە، بە پێی ماددەکـانی ٣٩٩، ٤٠٢، ٤٠٣، لـە یاسـای سـزادانی عێراقـی سزا دەدرێن".

- ماددەی ٣٩٩ لە یاسای سزادانی عێراقی، پەیوەستە بە هاندان بۆ "کـاری خراپ"و " بەدڕەوشـتی"و سزاکەشـی بەنـد کردنـە بـە مـەرجێك لـە ١٠ سـاڵ زیاتر نەبێت.
- مـاددەی ٤٠٢ هـەموو ئـەو تاوانانـە دەگرێتـەوە کـە دژی دابو نـەریتی گشتینو سزاکەشی سزای داراییو بەندکردنە بۆ ماوەی ٣ مانگ.
- هـەروەها مـاددەی ٤٠٣ هـەموو بڵاوکراوەکـانو وێنـەی پێچـەوانەی یاسـا دەگرێتەوەو سزاکەشی گیرانە بۆ ماوەی ٢ ساڵ لەگەڵ سزای دارایی.

لـە نووسـراوەکەی داواکـاری گشـتیدا نمونـە بـە تەلـەفزیۆنی (ئیفێکـت) هێنراوەتەوە، کە کورتەنامەی خۆشەویستیو ژمارە تەلـەفۆنی کچـانو کـوڕان بڵاو دەکاتەوە. ناوەندی سەرەکی تیڤیەکەش لە شاری هەولێرە.

نەوزاد ئیسـماعیل بەڕێوەبـەری کـەناڵی نـاوخۆیی ئیفێکـت گـوتی "بـڵاو کردنەوەی ژمارەی مۆبایلو کورتە نامـەی خۆشەویسـتیمان ڕاگرتـووە، تـەنیا نامەی سلاو لەیەکتر کردنو گۆرانی پێشکەش کردن ماوەتـەوە". گوتیشـی:" لـە مـاوەی مانگێکـدا ١٣٠ هـەزار کورتەنامـەمان بـڵاو کردووەتـەوە، هـیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروست نەکردووە".

---

[1] هەر کەناڵێك ژمارەی مۆبایل بڵاوبکاتەوە پەخشـەکەی رادەگیرێـت، شـوان بـەرزنجی، هەفتەنامـەی رووداو، ژمارە (٢٠٧)، دوو شەممە ٢٠١٢/٤/١٦، ل ١٥.

به بڵاوکردنـەوەی کورتەنامـە ئـەو تەلەفزیۆنـە ناوخۆییانـە مانگانـە هـەر یەکێکیان ٤٠٪ تاکو ٥٠ هەزار دۆلاریان دەست دەکەوێ، کە ٢٠٪ی داهاتەکـە بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایلە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندنی وەزارەتـی رۆشـنبیریو لاوانـی باشـووری کوردسـتان "دوای پیشـاندانی زۆر حاڵـەتی خـراپ لـە بڵاوکردنـەوەی نامـەی نەشـیاوو بڵاوکردنـەوەی ژمـارەی مۆبایـل کـە گـرفتی خێزانی گەورەی دروستکردووە، داواکاری گشتی بریاریدا ئەوە رابگیرێت".

+++

## بەشی دووەم:

### باسی یەکەم/ تەڵاق بە گشتی و تەڵاق لە عێراق دا

١- تەڵاق لە مێژوودا

٢- تەڵاق بەگوێرەی ئاینە یەکتا پەرستەکان

٣- تەڵاق بەگوێرەی یاسا لە عێراقدا

### باسی دووەم/ تەڵاق لە هەرێمی کوردستان

بەکورتی

## بەشی دووەم:

## باسی یەکەم/ تەڵاق بە گشتیو تەڵاق لە عێراق دا

بەدرێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی تەلاق هەبووە، بەڵام بەگوێرەی کاتو شوێن وکۆمەڵگاکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

به مەبەستی زیاتر ئاگادار بوونو ئاشنابوون، بەپێویستم زانیوە چەند نمونەیەك سەبارەت بە مێژووی تەڵاق لە مێژوو داو بە پێی هەر سێ ئاینە یەكتا پەرستە ئاسمانیەكە بخەمە روو. ئەمەو بە کورتی باسمان لە تەڵاق لە عێراق کردووەو ئەو یاساو رێسایانەشم خستۆتە روو کە لە عێراق دەرچوونو پەیوەندی بە تەڵاقدانو لێکجیابوونەوەی هاوسەرەکان هەیە.

### یەکەم: تەڵاق لە مێژوودا

لەگەڵ ئەوەی تەڵاق، بەسەرەتای کۆتایی قۆناغەکانی ژیانی هاوسەریەتی دادەنرێت، چونکە کۆتایی بەهەموو پیرۆزیەکانی نێوان ژنو پیاو دەهێنێت. ئەگەر هاوسەرەکان منداڵیان هەبوو یان هەندێك بابەتی تر هەر چەندە تەڵاقەکە کۆتایی بە ژیانی هاوسەری نێوان دوو کەس دەهێنێت، بەڵام کۆمەڵێك گرفت لەدوای خۆی جێ دەهێڵێتو بەر لە هەر شتێك زەرەر مەندی یەکەم منداڵەکان دەبن.

تێبینی: بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە.

### دووەم: تەڵاق بەگوێرەی ئاینە یەکتا پەرستەکان

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تەڵاق بوونی هەبووە، بەڵام بە گوێرەی دابو نەریتو کلتوورو ئاینو کاتو شوێن جیاواز بووەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

- به پێی شەریعەتی یەهودیەت(جو) پیاو مافی ئەوەی هەیە بە ئارەزووی خۆی ژنەکەی تەڵاق بدات هەتا ئەگەر ژنەکە رازامەندیش نەبێت. بەڵام تەڵاق لە تەورات دا بە کارێکی (ناحەز) دانراوە.[1]
- لە شەریعەتی مەسیحی دا تەڵاق بە خواستو ویستی تاك لایەنەی پیاو دروست نییە. بە گوێرەی ئینجیلی (مەتتا) لاپەڕە(٥) ژمارە (٣١)دا هاتووە، بۆیە مەزهەبە مەسحیەکان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی تەلاق هەیە... بەڵام بە گوێرەی ئینجیلی (لۆقا) لاپەڕە (١٦) ژمارە (١٨) لەبارەی تەڵاقدان هاتووە: ﴿ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەداتو یەکێکی دیکە دەهێنێ، ئەوا داوێن پیسی دەکات. ئەوەش کە تەڵاقدراوێك دەهێنێ بە هەمان شێوە داوێن پیسی دەکات".﴾[2]
- ئیسلام لە قۆناغێکدا تەڵاقی بە چارەسەر داناوە بۆ کێشەی نێوان ژنو مێردێك لە کاتێکا کێشەکانیان بە بنەبەست دەگاتو هیچ هیوایەك بۆ بەیەکەوە ژیان کردن بەیەکەوە نامێنێت. لەم بارەیەوە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتەکانی (سورة: البقرة، الاحزاب، الطلاق، التحريم) لەچەندین شوێن وشەی تەڵاق هاتووەو وردەکاریەکانی روون کراوەتەوە. هەروەها سورەتێکی قورئانی پیرۆزیش بە ناوی ئەلتەڵاق (الطلاق)ە لە قورئاندا هاتووە. بەڵام سورەتی (البقرة) بە درێژی باسی لە تەڵاق کردووە.[3]

تێبینی: بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە.

---

[1] مێژووی ئاینەکان، د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی، ٢٠٠٩، لە ئاینی جوو (٩٧ – ١٠٨)، ئاینی مەسیحی (١٠٩– ١٢٦)، ئاینی ئیسلام (١٢٧ – ١٥٨).

[2] ئینجیلی پیرۆز، رێنمایی نوێی حەزرەتی عیسا بە شێوەی کوردی سۆرانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل١٧٦.

[3] قورئانی پیرۆز.

## تەڵاق بە گشتیو تەڵاق لە عێراقدا:

تەڵاق کۆتایی بە هەموو پیرۆزیەکانی نێوان ژنو مێرد دێنێت، بەو سۆز وخۆشەویستیەش کە لە رابردوو هەردوو لا بۆ یەکتری هەیان بوو. زۆربوونی تەڵاق هێمایەکە بۆ داڕووخانو تێکدانی پتەویی خێزانو لێکترازانی زیاتری کۆمەڵگا بە گشتی.

تەڵاق: بە سەرەتایی کۆتایی هاتنی قۆناغەکانی ژیانی هاوسەرگیری دادەنرێت. بە واتایەکی تر نەمانی ئەو پەیوەندیەیە کە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەپێی شەرعو یاسا لەنێوان هاوسەرەکاندا هەبووە.

– بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تەڵاق بوونی هەبووە لە ناو هەموو نەتەوەیەکو ئاینە ئاسمانیەکانو رێگا پێدراوبووە کاری پێ دەکرێت. زۆربەی یاسای وڵاتانی جیهان رەنگدانەوەی ئاینەکانیانن. بۆیە شێوەو چۆنێتی تەڵاقدان لەوڵاتیکەوە بۆ وڵاتیکی دیکە دەگۆڕێت... دەربارەی تەڵاق لەنێوان هەرسێ ئایینە ئاسمانیەکەدا (جوێتی، مەسیحیو موسلمان) جیاوازی زۆر هەیە.

– تەڵاق لەرووی زمانەوانیەوە: هەڵگرتنی کۆتی هاوسەرگیریە بەشێوەیەکی ڕەها.

لەڕووی فقهیەوە: هەڵگرتنی کۆتی هاوسەرگیری دروستە لەسەر کەسەکە... تەڵاق هەڵسوکەوتێکی شەرعییە کە لە پیاوەوە دەردەچێت یاخود ئەو کەسەی لە جێگای ئەو پەیوەندی هاوسەرێتی کۆتایی بە کۆتا دێنێت.

لە رووی شەرعەوە بە پێی یاسای باری کەسێتی لە عێراقدا بەگوێرەی گرێبەستی هاوسەریەتی دروست پیاو سێ تەڵاقی لەسەر ژنەکەی هەیە.

– لـەڕووی یاسـاییەوە تـەڵاق بریتیـە لەهـەڵگرتنی کـۆتی هاوسـەرگیری بەشـێوەیەکی ڕاشـکاوانە کـە شـەرع‌و یاسـا گوزارشـتی لـێ بکـات بـە بـێ بەستنەوەی بەشێوازێکی دیاریکراو یان زمانێکی دیاریکراو بە کەوتنی لەلایەن مێرد یاخود ژنەکەوە، ئەگەر یەکێکی کردە بریکار بۆ ئەوە یاخود سەرپشکی کرد یان لەدادوەرەوە بێت.

لە ئەنجامی تەڵاقدا جگە لەهاوسەر ومناڵەکان ئەگەر هەبێت لەکۆمەڵگای ئێمە تەنانەت گرفت‌و لێکترازان لەنێوان دوو بنەماڵەش ڕوودەدات.

کارکردن بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان‌و ڕێگـە گـرتن لـەزیابوونی ڕێژەکـەی ئەرکی هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و حکومەتە.

## سێیەم: تەڵاق بەگوێرەی یاسا لە عێراقدا

لە سەر ئاستی عێراقدا دوای شۆڕشەکەی ١٤ی تەمموز، عبدالکریم قاسم لەگەڵ ئەوەی لە ڕێکـەوتی ١٩٥٨/٧/١٤ دا کۆتـایی بـە دەسـەڵاتی پاشـایەتی هێناو سیستەمی حوکمی لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماری گۆڕی. ژمارەیەك یاساو ڕێسای تایبەتی دەرخست‌و ریفۆرمی لە ژمارەیەك یاساش کرد.

یەکـەم یاسـای بـاری کەسـێتی لەعێراقـدا کـە ژمارەکـەی (١٨٨)ە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩و هەتا ئەمڕۆ کاری پێ دەکرێت. پشتی بەسـتووە بەبنەماکانی ئاینی ئیسلام، کە بەسەر هەردوو شوێنکەوتەی سوننەو شیعەدا وەك یـەك جێبـەجێ دەبێـت. لـە مـاددەی (٣٤ – ٥٧) بـۆ تـەڵاق‌و لێکجیابوونەوە تەرخان کراوە.

یاسـای بـاری کەسـێتی ژمـارە ١٨٨ی سـاڵی ١٩٥٩ هـەر لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە تـاکو سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤ زیـاتر ١٩ جـار لـە کـاتی جیـاواز هەموار کراوەتەوەو تەواوی مادەکانیشی لە ئێستادا بریتین لە ٩٤ ماددە.

لــەو کاتـــەوە تائێســـتا چـــەندین گۆڕانکـــاری بەســـەر یاســـاکەدا هـــاتووە، دیارترینیـــان لەســـاڵی ١٩٦٣ بـــووە، پـــاش ئـــەویش لەســـاڵانی حـــەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەموار کرایەوەو چەند بنەمایەکی بۆ زیادکرا کـە زۆربەیان لە بەرژەوەندی ژناندایە.

لەپاش کەوتنی (نەمانی) رژێمەکەی سەدام حسێن ئەنجومەنی حوکم کـە بەشێکی ئیدارەی عێراقی بەدەستەوە بوو یاسای ژمارە (١٣٧)ی دەرکرد کـە لەرێیــەوە یاســای بــاری کەســێتی هەڵدەوەشــایەوەو کــار بــەدادی مەزهــەبی دەکرا، بەڵام هــەر زوو لــەژێر فشــاری خۆپیشــاندانەکانی ســاڵی ٢٠٠٤ ئــەویش هەڵوەشایەوە.

لەســـەر ئاســـتی باشـــووری کوردســـتانیش (یاســـای ژمـــارە (١٥)ی ســـاڵی ٢٠٠٨) دەرچووە کـە یاسـای هـەمواركردنی جـێ بـەجێ كردنـی یاسـای بـاری کەســـێتی ژمـــارە (١٨٨) ی ســـاڵی (١٩٥٩)ی هـــەموارکراو لـــە هـــەرێمی کوردستان– عێراقە، هەموارەکە لە ٢٨ مادە پێکهاتووە.[1]

لە کۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٣، حەسەن شەمەری (شیعە)ی وەزیری داد کە سەر بەپارتی فەزیلەیە زۆربەی ناوەندە سیاسیو میللییەکانی تووشـی شۆك كرد كاتێك رایگەیانـد یاسـای بـاری کەسـێتی جەعفـەریو دادی شـەرعی جەعفەری ئامادەکراوەو رەوانەی ئەنجومەنی شورا کراون بۆ لێکۆڵینەوە.

ئامانج لەم دوو یاسایە رێکخستنی کاروباری ژنهێنانو تەڵاقو وەسیەتو میراتییە لەسەر منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی سەر بەشیعە مەزهـەب، ئەمـە

---

[1] یاسای باری کەسێتی– یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای هەموارکردنی جێ بەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان– عێراق، ئامادەکردنی: بەشی راگەیاندنو پەیوەندیەکان لـە بەرێوەبەرایـەتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژی ئافرەتان/ هەولێر، چاپی: یەکەم ٢٠١٣، ل ٢.

لەکاتێکدایـە کـە عێـراق یاسـای بـاری کەسـێتی هەیـە کـە لـەرووی بونیـادی یاساییەوە تەواوەو گرفتێکی دیاری لەسەر نییە.

لە کاتێکدا دەیان رێکخـراوی کۆمـەڵی مـەدەنیو چـالاکوانی بـواری ژنـان دەیانەوێت گۆڕانکاری لەم یاسایەدا بکرێت کە زیاتر لەبەرژەوەندی ژنان بێتو پێیان وایە یاسایەکە لایەنە باشەکانی بەراورد بەخراپەکانی زیاترن، بەڵام ئەم دوو یاسایەی وەزیری داد گورزی گەورەی لێدان.

یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو، ئەو یاسایە ئێستا کاری پێدەکرێت لەسـەردەمی یەکـەم سـەرۆك کۆمـاری عێـراق عەبدولکـەریم قاسـم دەرچـووە، رێ بـەفرەژنیو بەشـوودانی کچـانی خـوار تەمـەنی یاسـایی نـادات تـەنها بەچـەند مـەرجێکی دیـاریکراو نـەبێتو مـافی بەخێوکردنی منداڵ بەدایکان دەبەخشێت.
لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو یاسـایە (ژمـارە ١٨٨ی سـاڵی١٩٥٩) مـاف دەدات بەژن کە میراتـی مێردەکـەی وەربگرێـت لـەکاتی مردنیـداو بەپێچەوانەشـەوە، بـەڵام هەنـدێ لـەرای شـوێنکەوتوانی مەزهـەبی جەعفـەری رێنـادات ژن خانوبـەرەو زەوی بـەمیراتی وەربگرێـتو مـافی بـەخێوکردنی منـداڵیش بـەپیاو دەدات.

جگـە لەیاسـای بـاری کەسـێتی جەعفـەری، یاسـاکەی دیکـە کاروبـاری دادگاکان لەسەر بنەمای مەزهەبی جەعفەری رێکدەخات کـە ئەمـەش لەلایـەن زۆربەی دادوەرو پارێزەرانـەوە رەت دەکرێتـەوە، بـەو پێیـەی دادگـای ئـاینی دروست دەکاتو باڵادەستی پیاوانی ئاینی دەسەپێنێت.

لـــەم رووەوە دادوەر ســـامی موســـەوی بـــە وێبســـایتی "نیقـــاش"ی گوتووە:"پێکهێنانی دادگا لەسەر بنەمای ئاینی دژ بە بنـەماکانی دەسـتووورە

کـە قـەزای تـەنها لەدەسـتی دادوەرانـدا هێشـتووەتەوەو بنـەمای جیاکـاری دەسەڵاتەکانی تێدا جێبۆتەوە".[1]

ئەوانـەی بـەرگری لـەم دوو یاسـایە دەکـەن زۆرینـەیان لـەپیاوانی ئـاینی شیعەن مەزهەبن‌و بیانووی ئەوە دەهێننەوە کـە پشـتی بەسـتووە بـەماددەی (٤١)ی دەسـتور کـە تیایـدا هـاتووە:"عێراقییـەکان ئـازادن لـەوەی چـۆن مەسـەلەی بـاری کەسـێتییان رێکدەخـەن لەسـەر بنـەمای ئـاین‌و مەزهـەب‌و تێڕوانینیان، ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت".

کێشەیەکی تری ئەم یاسایە ئەوەیە کە پشتی بەستووە بـەماددەی ٤١ی دەستوری عێراقی لەکاتێکدا ئەم ماددەیە یەکێکە لەو مادانەی لەچوارچێوەی پرۆسەی هەموارکردنەوەدان‌و کوتلە سیاسییەکان کـۆك بـوون لـەوەی هـەموار بکرێتەوەو بخرێتە راپرسییەوە.

لەسەر ئاستی تەکنیکیش ئەم دوو یاسـایە چـەندین رێوشـوێنی ئاڵۆزیـان لەپێشە، وەك ئەوەی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت‌و پاش ئـەوەش بەرزدەکرێتەوە بۆ پەرلەمان‌و دەنگـدانی ئـەوانی دەوێـت لەچوارچـێوەی ئـەم کەشە بارگاویەی ئێستادا، وەها هەنگاوێك ئالۆزی زیاتر بۆ عێراق دێنێت.[2]

---

[1] دوو یاسای شیعە بارودۆخەکە بارودۆخەکە ئـالۆزتر دەکـەن، نیقـاش، موسـتەفا حـەبیب، بەغـداد، ٢٠١٣/١/٣١، (www.niqash.org/articles/?id=3318&lang=ku)

[2] کێشەکانی پەیوەندیدار بە باری کەسیەتی، مافپەروەر عزالدین عبدالله یاسین، چـاپی یەکـەم ٢٠١٢، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ل ٧٣ – ٧٤.

## تەڵاق و لێکجیابوونەوە

گرێبەستی هاوسەرگیری بە تەڵاقدان یان لێکجیابوونەوە کۆتایی پێ دێت. یاسای باری کەسێتی حوکمەکانی تەڵاقدان و لێکجیابوونەوەی لە ماددەکانی ((٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦))ی یاسای باری کەسێتی عێراق رێکخستووە.

**تێبینی**: جیاوازی لەنێوان تەڵاق و لێکجیابوونەوە هەیە، بۆنمونە:

تەڵاق، لە لایەن پیاوەوە دەبێت و بۆ ئافرەت نییە بەم کارە هەڵبستێت، تەنها ئەگەر هاتوو لە لایەن پیاوەوە رێگای پێدرابوو. لە گرێبەستی هاوسەرگیری رێککەوتن کرابێت لە نێوانیان کە تەڵاقدان بە دەستی ئافرەت بێت.

بەڵام لێکجیابوونەوە: بریتییە لەجیابوونەوەی ژن و پیاو لەسەر داوای ژنەکە یان پیاوەکە هەتا ئەگەر یەکێکیان رەزامەندیش نەبێت.[1]

### ❖ یەکەم/ تەڵاقدان:

تەڵاقدان جیاوازی هەیە لەگەڵ لێکجیابوونەوە.

مەبەستیش لە تەڵاقدان بە پێی یاسا بریتییە لە:" هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی راشکاو، کە شەرع و یاسا دەلالەتی لەسەردەکەن بەبێ بەستنەوە بە دارشتنێکی سنووردار، یان زمانێکی دیاری کراو بە کەوتنی لەلایەن مێرد یان ژن ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان سەرپشك کرابێت یاخود لە دادوەرەوە بێ ".[2]

---

[1] کێشەکانی پەیوەندیدار بە باری کەسیەتی، ماڤپەروەر عزالدین عبدالله یاسین، چاپی یەکەم ٢٠١٢، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ل ٧٣ – ٧٤.

[2] یاسای باری کەسێتی حوکمەو ماددەکانی یاساو بڕیارەکانی/ پەیوەست بە باری کەسایەتیی/ بەرکار لە هەرێمی کوردستان– عێراق، ئامادەکردنی حاکم عەونی البزاز، بەشی تەڵاق دوو بەشە، ئەندامی

بریکار نامەیی (وەکیل) لە کەتاندنی تەڵاق پێی وەرناگیرێت، مەگەر رێگرییەك هەبێت لە ئامادەبوونی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە، هەروەها تەڵاقدان لە کاتی کەتاندن یاخود دانپێنانی، بە بێ ئامادەبوونی دوو گەواهیدەری دادویست، یاخود بە بێ ئامادەبوون لەبەردەم دادوەر دروست نابێت، تەڵاقدانی سەرخۆش و شێت و گەمژەو زۆرلێکراوو ئەوکەسەی جیابوونەوەی لەدەستداوە، بەهۆی توڕەیی یان کارەساتێکی لەناکاودا یان پیری یان نەخۆشی، دروست نییە.

پیاو لەسەر خێزانەکەی سێ تەڵاقی هەیە. ئەو تەڵاقەی کە بە زارەکی یان بە ئاماژە ژمارەی لەگەڵدایە، تەنها بە یەك تەڵاق هەژمار دەکرێت.

بۆنمونە: پیاوەکە بڵێتە ژنەکەی ئەتۆم تەڵاقدا تەڵاقدا، یان ئەتۆم سێ بەسێ تەڵاقدا، لەم حاڵەتانەدا، بە پێی یاسا تەڵاقەکە یەکجار کەوتووە.

ئەگەر پیاو سێ تەڵاقی جیاوازی ئاراستەی خێزانەکەی کرد، ئەوا ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە، تەنها ئەگەر بە کەسێکی تر شوو بکات ((مارەبەجاش)) ئینجا تەڵاق بدرێتەوە، ئەوسا پیاوەکەی پێشوو دەتوانێت بیگەڕێنێتەوەو دووبارە هاوسەرگیری لەگەڵدا ببەستێتەوە بە گرێبەست و مارەییەکی نوێ دیکە.

---

پەرلەمانی کوردستا- عێراق، لە چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لێژنەی کاروباری یاسایی (٢٧)،٢٠٠٩، ل٣٣، www.perleman.org

**تەڵاقدان دوو جۆرە:**

**١- تەڵاقی بە گەڕانەوە (رەجعی):** ئەو تەڵاقەیە کە پیاوەکە دەتوانێت بچێتە لای خێزانە تەڵاقدراوەکەی خۆی لەکاتی تەواو بوونی ماوەی عیددەی، بە بێ گرێبەستێکی نوێ، بەمەرجێك هەردووکیان ویستی چاکسازیان هەبێت، ژنەکەش لە کاتی ماوەی عیددە دا ماف خەرجی تەواوی هەیە. (١)

**٢- تەڵاقی جوداکەرەوە (بائن):** بریتییە لەو تەڵاقەی پێش چوونە لای خێزانە یان دوای چوونە لای خێزانە، بەڵام بۆ گەڕانەوەی ژنەکەی بە بەرامبەرە، هەروەها تەڵاقێکی بە گەڕانەوەشە ئەگەر ماوەی عیددەی ژنەکە تەواو بوو بێت.

**تەڵاقی (بائن)یش دوو بەش (دوو جۆر)ە:**

- **تەڵاقی جوداکەرەوەی بچووك** (بائن بينونة صغرى): لەم جۆرە تەڵاقەدا، مێردەکە بۆی هەیە ژنە تەڵاقداروەکەی خۆی، بە گرێبەستێکی نوێو مارەیێکی نوێ بهێنێتەوە.
- **تەڵاقی جوداکەرەوەی گەورە یان بنبڕ**(بائن بينونة كبرى): لەم جۆرە تەڵاقەدا، مێردەکە بۆی نییە (حەرامە) ژنە تەڵاقدراوەکەی، کە سێ جار، جیا جیا تەڵاقی داوەو ماوەی عیددەکەشی لەسەرچووە بهێنێتەوە.

هەردوو هاوسەر ئەوەی ویستی تەڵاقدانی هەیە پێوستە داوای تەڵاق لە دادگای باری کەسێتی بەرز بکاتەوە بۆ وەرگرتنی حوکمی تەڵاق، ئەگەر تەڵاقدانی پیاو زێدەڕۆیی بێت (تعسفي)، واتە: تەڵاقدانەکە بە بێ بیانوو بێت،

---

(١) بڕگەی (١)ی ماددەی (سیو هەشتەم) لە یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، لەهەرێمدا لەکارخراو، ئەوەی سەرەوە بەپێی ماددەی شازدەم لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگای گرتەوە.

ئەوا ژنە تەڵاقدراوەکە بۆی هەیە داوای قـەرەبووی ئـەو زیانانـە بکـات کـە لـە ئەنجامی تەڵاقی زیادەڕۆیی پێی گەیشتووە، حکومەتی باشـووری کوردسـتان پابەندە بە چاودێری کردنی ئەو ئافرەتـە تەڵاقـدراوەی کـە داهـاتی مانگانـەی نییـە. لـە لایـەن چـاودێری کۆمەڵایـەتی بـڕە پارەیـەکی مانگانـەی بـۆ دابـین دەکرێت، تاوەکو بۆ خۆی هەڵی کارێـك دەدۆزێتـەوە، یـان جـارێکی تـر شـوو دەکـات، چـونکە ئەوکاتـە پیاوەکـە خەرجیـەکانی ئـەم ئافرەتـە لـە ئەسـتۆ دەگرێت.

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند کراوە بـەوەی هاوکـاری ئافرەتی تەڵاقـدراو بکـات مانگانـە بـە (١٥٠٠٠٠) سـەدو پـەنجا هـەزار دینـاری عێراقی، بەڵام ئـەم بڕگەیـەی هـەمواری یاسـای بـاری کەسـێتی تـا ئێسـتا بـە تەواوی نەچوەتە بواری پراکتیکیەوە.

### ❖ دووەم/ لێکجیابوونەوە ( التفريق ):

لێکجیابوونەوە دوو جۆرە (دادگەریو اختیاری): [(١)]

### أ- لێکجیابوونەوەی دادگەریی:

ئەو لێکجیابوونەوەیە کە هەر یـەکێك لـە دوو هاوسـەرەکە مافیـان هەیـە لەبەردەم دادگا داوای بکـەن، لـەکاتی بـوونی هۆیـەك لـەو هۆیانـەی کـە یاسا باسی کردوون، بریتین لە:

- ئەگـەر یـەکێك لـە هاوسـەرەکان زیـان بـە ئـەویتر یـان بـە منداڵـەکانیان بگەیـەنێت بەشـێوەیەك نـەتوانن لـەژیانی هاوسـەرێتی بـەردەوام بـن. خـوو

(١) یاسای ژمارە (٧٧) لە ژمارە (٢٩٥٢)ی ڕۆژی (١٩٨٣/٨/٨)ی (الوقائع العراقیـة)دا بلاۆکرایەوەو، ماددەی یەکەم ئیلغاکراو. ئەم دەقەی ئێستا بە پێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٤(یاسـای هـەموارکردنی دووەم)جێگای گرتەوە. ئەوەش بزانە کـە یاسـای ژمـارە (٢٧)ی سـاڵی ١٩٨٨ ( یاسـای هـەموار کردنـی یەکەم)، بە پێی یاسای هەموار کردنی دووەم. کە ئاماژەمان پێیدا- ئیلغا کرا.

پێوەگرتن بە سەرخۆشکەرو هۆشبەرەکان، بە زیانگەیاندن دەژمێردرێت، بەمەرجێك خوو پێوەگرتنەکە بەراپۆرتێکی رەسمی، لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ بیسەلمێنێت، هەروەها قومارکردن لەماڵی هاوسەرێتیدا لەخانەی زیانگەیاندن دادەنرێت.

- ئەگەر هاوسەرەکەی دیکە ناپاکیی هاوسەرێتی ئەنجام بدا. جووتبوونی پیاوەکەش لەدواوە لەگەڵ ژنەکەیدا (لواط)، بەهەر شێوەیەك بێت، بەناپاکی هاوسەرێتی دەژمێردرێت.
- ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری، بەرلەوەی یەك لە هاوسەرەکان هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، بەبێ رەزامەندیی دادوەر ئەنجامدرابێت.
- ئەگەر هاوسەرگیریەکە لە دەرەوەی دادگا، بەشێوەی زۆرەملێ ئەنجامدرابێتو جووتبوونیشی لەگەڵدا کرابێت.
- ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی لێك جودابوونەوەی دەبێ.
- هەریەك لە هاوسەرەکان بۆیان هەیە، ئەگەر ناکۆکی لەنێوانیاندا بەرپابوو، داوای لێکجیابوونەوە بکەن، چ پێش جوتبوون، چ پاش جوتبوون.

لە حاڵەتی بەرز کردنەوەی داوای لێکجیابوونەوە، لەبەر یەکێك لەو هۆیانەی لەسەرەوە باسمان کرد، پێویستە دادگا لە هۆکاری ناکۆکییەکە بکۆڵێتەوە، ئەگەر بوونی ناکۆکییەکە سەلمێنرا، ئەوا پێویستە ناوبژیوانێك لە کەسوکاری ژنەکەو، ناوبژیوانێك لەکەس‌وکاری مێردەکە دەستنیشان بکرێت (ئەگەر دەست کەوتن) بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکدی ئاشتیان بکەنەوە، ئەگەر دەست نەکەوتن، دادگا هەڵبژاردنی ناوبژیوانەکان دەخاتە ئەستۆی هەردوو هاوسەرەکە، ئەگەریش رێك نەکەوتن، دادگا، خۆی هەڵیاندەبژێرێت.

پێویستە لەسەر هەردوو ناوبژیوانەکە هەوڵی پێکهاتنەوەیان بدەن، ئەگەر بۆیان نەکرا، گرفتەکە بۆ دادگا بەرزبکەنەوەو بەرووني لایەنی کەمتەرخەم دەستنیشان بکەن. ئەگەر ناوبژیوانەکانیش لەگەڵ یەك ناکۆك بوون، دادگا ناوبژیوانی سێیەمیان بۆ دەستنیشان دەکات.

ئەگەر دادگا بۆی دەرکەوت کە ناکۆکیی نێوان هاوسەرەکان بەردەوامەو، نەشیتوانی پێکیان بهێنێتەوەو، مێردەکەش رازی نەبوو ژنەکەی تەڵاق بدات، دادگا لێکیان جیادەکاتەوە.

هەروەها هۆکاری دیکە هەن بۆ لێکجیابوونەوە، وەك ئەوەی لە مادده (٤٣)ی یاسای باری کەسێتی دا هاتووە: ئەم هۆیانەش تەنها تایبەتن بە ژنەوە، واتە ژن بۆی هەیە داوای لێکجیابوونوە لە پیاوەکەی بکات، ئەگەر یەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوە هاتنە کایەوە، کە بریتین لە:

- ئەگەر مێردەکەی بەندکرا بە سزایەك ئازادی موقەییەد بکات (ئازادی لێ سەنرایەوە) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵو زیاتر دوای ساڵێك لە جێبەجێ کردنی هەرچەندە دەرامەتی هەبێو خەرجی بکات.
- ئەگەر مێرد، ژنەکەی بۆ ساڵێكو زیاتر، بەبێ پاساوی (رەوا) بەجێهێشت، هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێ بوونی دیار بێو دەرامەتی وای هەبێ لێی خەرج بکات.
- ئەگەر مێرد، لەرۆژی گرێبەندەکەوە تاماوەی دوو ساڵیش، داوای گواستنەوەی ژنەکەی کە نەچوبێتە پەردەوە نەکردبێ ئەگەر مافەکانی هاوسەرێتی بەجێ نەهێنابێت، داوای گواستنەوەی ژنەکەی بکات داواکەی بەهەند وەرناگیرێت.

- ئەگـــەر مێردەکـــەی بەســـتراو (عـــنين) دەرچـــوو، یـــان گرفتـــاربوو بـــە نەخۆشییەك کە نەیتوانی ئـەرکی ژنو مێردایـەتیی لەگەڵدا بـەجێ بهێنـێ، چ لەبەر هۆکاری ئۆرگانی، چ لەبەر هۆکاری دەروونی، یان پاش لەپـەردەکردنی ژنەکـەی، گرفتـار بـووبێ و، بـەپێی راپـۆرتی لیژنەیـەکی پزیشـکی پسـپۆڕ سەلمێنرابێت کە چارەسەری بۆ نییە. بـەڵام ئەگـەر بـۆ دادگـا دەرکـەوت کـە هۆکارەکـــەی، هۆکـــارێکی دەروونییـــە، ئـــەوا بۆمـــاوەی یـــەك ســـاڵ جیابوونەوەکـەیان دوادەخـات، بـە مـەرجێ ژنەکـە بتوانێـت، لـەماوەی ئـەو ساڵەدا، مێردەکە، لەخۆی بێنێتەکار.

- ژن ئەگەر مێردەکـەی نـەزۆك بێـت، یـان دوای ژنهێنـانی تووشـی نـەزۆکی بوبێتو هیچ منداڵێکی زیندووشی لەمێردەکەی بۆ نەمابێتەوە.

- ئەگـــەر ژنەکـــە، پـــاش گرێبەندەکـــە بـــۆی دەرکـــەوت کـــە مێردەکـــەی دەردەدارەو تووشی گەڕی یان خورشت یان ئسـیقا یـان زوهـری یـان شـێتی بووەو، بەبێ زیان، لەگەڵیدا نایباتەسەر، یان دوای ئەوە تووشی دەردێك لەو دەردانە، یان دەردێکی دیکە وەك ئـەو دەردانـە بـووە. بـەڵام ئەگـەر دادگـا، دوای پشـــکنینی پزیشـــکی، بـــۆی دەرکـــەوت کـــە دەردەکـــەی ئومێـــدی چـــاکبوونەوەی لێـــدەکرێت، ئـــەوا جیاکردنـــەوەیان دوادەخـــات تـــا چـــاك دەبێتەوەو، ژنەکەش بۆی هەیە بەدرێـژایی مـاوەی دواخسـتنەکە سـەرجێیی نەکات. بەڵام ئەگەر دادگا بۆی دەرکـەوت، کـە ئـەو دەردەی هیـوای ئـەوەی لێناکرێت لە ماوەیەکی گونجاودا نەمێنێو، مێردەکەشـی رازی نـەبوو تـەڵاقی بـــدات و، ژنەکـــەش مکوڕبـــوو لەســـەر داواکـــەی، ئـــەوا قـــازی حـــوکم بەجیاکردنەوەیان دەدات.

- ئەگـەر مێردەكـە، رازی نـەبوو بـەبێ پاسـاوێكی بـەجێ (رەوا) خـەرجیی ژنەكەی بكێشێ، دوای ئەوەی ئەو پەڕیشی شەست رۆژ مۆڵەتی پێدرابوو.
- ئەگەر نەتوانرا (نەفەقە) لە مێردەكە بسەنرێت لەبەر پێواربـوونی (تغيبـە) یان بزربوونی یان خۆشاردنەوەی، یان حوكمدانی بە حـەپس كـردن لەسـاڵێك زیاتربێت.
- ئەگــەر مێردەكــە رازی نــەبووبێت ئــەو خەرجییــە بــدات كــە حــوكمی پێدەرچووەو لەسەری كەڵەكەبووەو، فەرمانگەی جێبـەجێكردنیش، مۆڵـەتی ئەوپەڕی شەست رۆژی پێدابێت.

ژن بۆی هەیە، پـێش هاتنـە لای لـە لایـەن پیاوەكەیـەوە، لـە دادگـا داوا بكات لەگەڵ پیاوەكەی جیابێتـەوە، لـەم حاڵەتـەش دەبێـت دادگا حـوكم بـە لێكجیابوونەوەیان بدات. پاش ئەوەی ژنەكە مـارەیی وەرگـێراو خەرجیـەكانی هاوسەرگیری بۆ پیاوەكە دەگەڕێنێتەوە.

ئەو هۆكارانەی باسمان كرد، ئەو هۆكارانە ئەگەر یەكێكیان بێتە كایەوە، ئەوا ژنەكە بۆی هەیە پەنا بباتە بەر دادگای باری كەسێتی تایبەتمەندو داوای لێكجیابوونەوە بكات.

**ب- لێكجیاكردنەوەی ئارەزومەندانە (اختیاري)/ لەبەریەك دەرچوون (خولع):**

مەبەسـت ئەوەیـە لابردنـی كـۆتی هاوسـەرگیری بـە دەربڕینـی وشـەی (خولع) ـە، یاخود بـە هـەمان واتـای ئـەو، بـەوەی كـە ماناكـەی دەبەخشـێ، بەرامبـەر قەرەبووكردنەوەیـەك زیـاتر نـەبێ لـەوەی وەریگرتـووە لـەمارەیی دیاریكراوو مەرجیش نییە مێردەكە بەو (خولع) ـە رازی بێت ئەگەر دەركـەوت بۆ دادوەر لەڕێگەی تەحكیمەوە كە ژنەكە ناتوانێ لەگەڵیدا بژی.

ئەمە دەقی ئـەو پێناسـەیەیە کـە یاسـا هێناویـەتی دەربـارەی بیرۆکـەی (خولع)، لەم پێناسەیەی سەرەوە، کـە یاسـا دەقـی لەسـەر کـردووە، بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ((خولـع)) لـە بنەڕەتـدا بریتییـە لـە: لێکجیابوونـەوەو بـە ڕەزامەنـدی هـەردوو هاوسـەر، بەرامبـەر هاتنـە خـوارەوەی ژن لـە بەشـێك لـە مافەکانی، وەك: هاتنەخوارەوە لە مارەیی. بۆنمونە: بە مەبەسـتی پاراسـتنی مافەکانی ژن، یاسا بەرزترین ئاستی ئەو شتەی کە ژنەکە لێی دێتە خوارەوە، بەوەی کە نابێت زیاتر بێت لەو شتەی کە وەریگرتووە، دیاری کردووە. تـاکو پیاوەکـە بارودۆخەکـە نەقۆزێتـەوەو هاوسـەرەکەی ناچـار بکـات لـە هـەموو مافەکانی بێتە خوارەوە، بۆ ئەوەی ئـازادی خـۆی دەسـتەبەر بکـات، کەواتـە ئـافرەت ئەگـەر هۆیـەکیش لـە هۆیـەکانی لێکجیابوونـەوەی دادگـەری — کـە باسمان کرد— بۆی نەڕەخسێت، ئەوا دەتوانێت پەنا بۆ خولع بباتو تیایدا لە بەشێك لە مافەکانی بێتە خوارەوە بەرامبەر دەسـتەبەر کردنـی ئـازادی خـۆی لای پیاوەکە.

بە ئامانجی زیاتر پاراستنی مافی ژنی تەڵاقدراو حکومەتی عێراق (یاسـای مـافی ژنـی تەڵاقـدراو لـە نیشـتەجێ بـوون، ژمـارە (٧٧)ی سـاڵی ١٩٨٣)ی دەرچواند.

**بەگوێرەی ماددەی سێیەمی (یاسای مافی ژنی تەڵاقدراو لە نیشتەجێ بوون، ژمارە (٧٧)ی ساڵی ١٩٨٣) ژنەکە یە یەکێك لەم حاڵەتانە، لەو مافانە بێبەش دەکرێت:** [١]

أ. ئەگەر هۆی تەڵاقدانەکە یان جیاکردنەوەکەی ناپاکیی هاوسەرێتی یان ناشیزەبوونی ژنەکە بێت.

ب. ئەگەر ژنەکە بە تەڵاق یان لێکجیابونەوەکە رازی بێت.

ج. ئەگەر جیاکردنەوەکەی لە ئەنجامی (مخالعه)وە بێت.

د. ئەگەر ژنەکە خانوێك یان شوقەیەکی نیشتەجێ بوونی تایبەت بەخۆی بووبێت.

**مافەکانی ژن لەکاتی تەڵاق یان جیابوونەوەدا:**

١- هەموو مارەیی.

٢- کەل‌و پەلی ناومال‌و دیاری (هبة) جگە لەوەی خۆی کردبێتی.

٣- مافی مانەوە لەخانودا (٣) ساڵ بەمەرجێك خۆی خانوو یان شوقەی بەناوەوە نەبێت.

٤- قەرەبوو (تعويض)ی تەڵاقی تەعەسوفی.

٥- خەرجی پێشوو (نفقة الماضي)، ئەگەر مووچە خۆر نەبوو.

**مارەیی:**

مارەیی: ئەو ماڵەیە کە ژن وەری ئەگرێت بە بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری یان بەگواستنەوەی ڕاستەقینە (الدخول الحقيقي).

بە پێی ماددە ١٩ لە یاسای باری کەسێتی: [٢]

---

[١] یاسای یاسای باری کەسێتی حوکمو ماددەکانی یاساو بڕیارەکانی/ پەیوەست بە باری کەسایەتیی/ بەرکار لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ئامادەکردنی حاکم عەونی البزاز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستا- عێراق، بەشی مارەیی، لە چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٧)، ٢٠٠٩، ل ٢٦ - ٢٧، www.perleman.org.

[٢] خولاصەی ڕێکارەکانی هەندێ داوای کۆتایی پێهێنانی هاوسەرگیری، توندوتیژی خێزانی- تێڕوانین‌و چارەسەر، توێژەری کۆمەڵایەتی عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان، چاپی یەکەم/ ٢٠١٢، پاشکۆی کتێب،

١– ژن مارەیی ناوبراو(مهر مسمی) وەردەگرێ بەپێی گرێبەست (عقد)، بەڵام ئەگەر باس نەکرا بوو لە (عقد)ەکە یان نفی کرا بوو ئەوا مارەیی هاوشێوە (مهر مثل) وەردەگرێ.

٢– ئەگەر (خاطب) داخوازیکەر لە پێش عقد ماڵێکی تسلیم کرد بەداخوازیکراو لەسەر مارەیی پاشان (عدول) دروست بوو لەلایەن یەکێکیانەوە لە ڕۆشتنی عقدەکە یان یەکێکیان مرد دەبێت مارەییەکە بگێڕدرێتەوە ئەگەر مابوو ئەگەر نەما بوو بۆی ئەگۆڕن بەشتێکی تر لەبری ئەوە ئەیدەنەوە.

**جۆرەکانی مارەیی:**

١) مارەیی دەستنیشان کراو، ناوبراو(مهر مسمی): ئەو مارەییە کە لەکاتی بەستنی گرێبەستەکە دا دەستنیشان دەکرێتو هەر دوو لایەنی گرێبەستەکە لەسەری ڕازین.

٢) مارەیی وەك خۆی (المهر المثل): ئەمە لەحاڵەتێکدایە کە لەکاتی گرێبەستەکە دا مارەیی دەستنیشان نەکرابێ، دوای دەستنیشان ئەکرێت لەسەر ئەساسی یەکێ لە خزمانی نزیکی کچەکە لەڕووی (جوانی، تەمەن، پەردە ساغیو بێوەژنیو منداڵنەبوون، ڕەوشت، زانست،ژیری، خواپەرستیو سامان). [1]

---

تەڵاقو لێکجیابوونەوە، ل ١٣٤ – ١٣٩، مەرجەکانی مافی ئافرەتی تەڵاقدراو بۆ نیشتەجێ بون، ل ١٥٤، ئەو حاڵەتانەی ژنی تەڵاقدراو ئەم مافانە لە دەست دەدات، ل١٥٤.

[1] یاسای باری کەسێتی حوکمو ماددەکانی یاساو بڕیارەکانی/ پەیوەست بە باری کەسایەتیی/ بەرکار لە هەرێمی کوردستان– عێراق، ئامادەکردنی حاکم عەونی البزاز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستا– عێراق، بەشی مارەیی، لە چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان– عێراق، لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٧)، ٢٠٠٩، ل ٢٦–٢٧ ، www.perleman.org .

## ئەو یاساو بڕیارانەی پەیوەندار بە تەڵاقو لێکجیابوونەوە دەرچوون

له رووی یاسایی تا ئێستا ئەم یاساو رێساو بڕیارانە لە بارەی تەڵاقو لێکجیابوونەوە لە عێراقو هەرێمی کوردستان دەرچوون:[١]

- یاسای باری کەسێتی لە عێراق، یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە (الوقائع العراقية) ژمارە (٢٨٠) ی رۆژی (١٩٥٩/١٢/٣٠) دا بڵاوکراوەتەوە.
- یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەمواری یاسای باری کەسێتی لەعێراق، کە لە ژمارە(٩٥)ی رۆژی (٢٠٠٨/١٢/٣٠)ی وەقایعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.
- (یاسای مافی ژنی تەڵاقدراو لە نیشتەجێ بوون، یاسای ژمارە(٧٧)ی ساڵی ١٩٨٣) لە ژمارە (٢٩٥٢)ی رۆژی (١٩٨٣/٨/٨)ی (الوقائع العراقية)دا بڵاوکرایەوەو، ماددەی یەکەم ئیلغاکراو. ئەم دەقەی ئێستا بە پێی یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٤(یاسای هەموارکردنی دووەم) جێگای گرتەوە. ئەوەش بزانە کە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٨٨ (یاسای هەموار کردنی یەکەم)، بە پێی یاسای هەموار کردنی دووەم. کە ئاماژەمان پێیدا — هەڵوەشێنراوە.

[١] یاسای باری کەسێتی حوکمو ماددەکانی یاساو بڕیارەکانی/ پەیوەست بە باری کەسایەتیی/ بەرکار لە هەرێمی کوردستان– عێراق، ئامادەکردنی حاکم عەونی البزاز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستا– عێراق، ئەو یاساو بڕیارانەی لە بارەی تەڵاق لە باشووری کوردستان دەرچوون، لە چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان– عێراق، لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٧) ،٢٠٠٩، ل ١٥و ل٥٨، www.perleman.org

## بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆرش (هەڵوەشاو) دەربارەی باری کەسێتی [1]

بڕیاری ژمارە (١٤٧)ی ڕۆژی (١٩٨٢/١/٢٧) کە لە ژمارە(٢٨٧٠)ی ڕۆژی (١٩٨٢/٢/٨)ی – لوقائع العراقیە–دا بڵاوکراوەتەوە ئەمەش دەقەکەیەتی: (گەڕاندنەوەی ژنی تەڵاقدراو بۆ لای مێردەکەی، بە ژنهێنانی لەیەك ژن زیاتر ناژمێردرێت بۆ مەبەستی هەردوو برگەی (٤)و (٥)ی ماددەی سێیەمی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو ئەگەر پێش گەڕاندنەوەکەشی گرێبەستی هاوسەرێتی لەگەڵ ژنێکی دیکەشدا بەستبێ. مێردە تەڵاقدەرەکە لە مەرجی هێنانی موافەقەتی دایەرەکەی بۆ گەڕاندنەوەی ژنە تەڵاقدراوەکەی بۆ لای خۆی. دەبووردرێت (عەفو دەکرێت) ئەگەر ئەو یاسایانەی کە مێردەکە پێیانەوە پابەندە پێویست بەو موافەقەتە بکات پێش بەستنی گرێبەستی هاوسەرێتییەکە، حوکمەکانیشی حاڵەتەکانی گرێبەستی هاوسەرێتی کە بەر لە جێبەجێ کردن ئەنجام دراون دەگرێتەوە).

بڕیاری ژمارە (١٠٠٠)ی ڕۆژی (١٩٨٣/٩/١٠)کە لە ژمارە (٢٩٦٠) ی ڕۆژی (١٩٨٣/٩/٢٦)ی (الوقائع العراقیة)دا بڵاوکراوەتەوە: (بە پێی گۆڕانی بارودۆخ، دەشێ نەفەقەی منداڵەکان زیاد بکرێت هەروەها دەشێ نەفەقەی پاکب بوونەوەی سوڕی مانگانە (عیددە) یش زیادبکرێت مادامێکی

[1] یاسای هەمان سەرچاوەی پێشوو، یاسای باری کەسێتی حوکمو ماددەکانی یاساو بڕیارەکانی/ پەیوەست بە باری کەسایەتیی/ بەرکار لە هەرێمی کوردستان– عێراق، ئامادەکردنی حاکم عەونی البزاز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستا– عێراق، ئەو یاساو بڕیارانەی لە بارەی تەڵاق لە باشووری کوردستان دەرچوون، لە چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان– عێراق، لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٧)، ٢٠٠٩، ل ٧٥ – ٨٤، www.perleman.org.

تەڵاقدراوەکە لە (عیددە)ی خۆیدا بێت، زیادبوونی داهاتی ئەو کەسەش کە نەفەقەی بەسەردا براوە، بەهۆیەك لە هۆیەکانی زیادکردنی نەفەقە دادەنرێت.

- بڕیاری ژمارە (١٥٢٩)ی رۆژی (١٩٨٥/١٢/٣١) لە ژمارە (٣٠٨١)ی رۆژی (١٩٨٦/١/٢٠)ی (الوقائع العراقية)دا بلاوکراوەتەوە: (ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات ئەگەر لە بەجێگەیاندنی راژەی (خزمەتی) سەربازی دواکەوت، یان رای کرد بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر بوو، یان هەڵات بۆ ناو دوژمن. لەسەر دادگاش پێویستە حوکم بە لێکجیابوونەوەی بداتو تەواوی مافەکانی هاوسەرێتیش بۆ ژنەکە بهێڵێتەوە. لێکجیاکردنەوەش بەپێی ئەم بڕیارە بە تەڵاقی گەڕاوە (طلاقاً رجعياً) دادەنرێتو رێگا بە مێردەکە دەدات، ژنەکە بگەڕێنێتەوە، ئەگەر چووەوە سەر سەربازییەکەی یان لە ماوەی عیددە دا لە راکردنەکەی گەڕایەوە. ئەگەریش مێردەکە، راکردنەکەی (هەڵاتنەکەی) دووبارە کردەوەو بۆ دووەم جار بەپێی ئەم بڕیارە حوکم بە لێکجیابونەوەکە درا، ئەوا لەم بارەدا لێکجیاکردنەوەکە بە تەڵاقی(بینونە – دابڕان)ی بچووك دادەنرێت.[1]

- بڕیاری ژمارە (٥٤٤)ی رۆژی ١٩٨٧/٧/٢٨). لە ژمارە (٣١٦٢)ی رۆژی (١٩٨٧/٨/١٠)ی (الوقائع العراقية)دا بلاوکراوەتەوە: (باوکێك کوڕەکەی پێوار بێت لە دەرەوەی عێراق، بۆی هەیە داوای لێکجیاکردنەوەی نێوان کوڕە پێوارەکەی (غائیبەکەی)و ژنەکەی بکات، بەهۆکاری زینا کردن، بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

---

(١) کارکردن بەو بڕیارە، لە هەرێمدا، بە پێی بڕیاری ژمارە(٣٥)ی رۆژی ١٩٩٣/٧/٣ کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە سڕکرا (جمد).

**یەکەم**/ باوکی پێوارەکە (غائیبەکە) بە (قیّم) لەسەری دامەزرا بێت دوای تەواو بوونی ماوەی پێوارییەکە، وەك دەقەکەی لە ماددەی(٨٥)ی یاسای چاودێریکردنی ناکامان (القاصرين) ژمارەی (٧٨)ی ساڵی١٩٨٠دا هاتووە.

**دووەم**/ تاوانی زینایەکە بەبڕیاری بنبڕی دادگای تایبەتمەند بسەلمێندرێت باوکی پێوارەکە. ناشێ دەعوای زینایەکە بکاتەوە، تەنیا بە ئیزنی ئەو دادگایە نەبێ کە بە(قەیم) لەسەر کوڕەکە دایمەزراندووە، لێکجیاکردنەوەکەش لەم بارەدا بە تەلاقی (بائن) دادەنرێت. [1]

بڕیاری ژمارە (١٧٥)ی رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٤ لە ژمارەی (٣٤٨٧)ی رۆژی (١٩٩٣/١٢/٦)ی (الوقائع العراقية)دا بڵاوکراوەتەوە: (ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە لە مێردە دیلەکەی (ئەسیرەکەی) بکات، ئەگەر بەشێوەیەك لە شێوەکان سەلمێنرا کە بایداوەتەوەو خزمەتی دوژمن دەکات، پێویستە لەسەر دادگاش کە حوکمی لێکجیابوونەوەی بۆ بداتو تەواوی مافەکانی هاوسەرێتیشی بۆ بهێڵێتەوە. لێکجیاکردنەوەش بەپێی ئەم بڕیارە بە تەلاقی گەڕاوە دادەنرێت، رێگا بە مێردەکە دەدات ژنەکەی بباتەوە ئەگەر لەماوەی عیددە دا بچێتەوە ناو ریزی نیشتمانی. [2]

بڕیاری ژمارە (١٢٧)ی رۆژی ١٩٩٩/٧/٢٤. کە لە ژمارە (٣٧٨٥)ی رۆژی ١٩٩٩/٨/٢ی لە رۆژنامەی (الوقائع العراقية) دا بڵاوکراوەتەوە: لە

---

[1] بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بە ژمارە (٦٢)ی رۆژی ٢٠٠٠/٤/٢٩ لە هەرێمدا ئیلغاکرا.

[2] لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێناکرێت.

حالەتی تەلاقداندا، ژن مارەیی پاشەکییەکەی بە پێودانگی نرخی زێڕی رۆژی مارە بڕینەکەی وەردەگرێت.[١]

## یاساو بڕیارەکانی دەسەلاتی یاسادانان لەهەرێمدا دەربارەی باری کەسێتی:

- یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠١/ رۆژی (٢٠٠١/٦/٣٠) ئەگەر مێردێ ژنەکەی تەلاقداو، دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکە بەزوڵم تەلاقی داوە ئەوا دادگا لەسەر داوای ژنەکە حوکمی قەرەبووکردنەوەی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەدا دەدات کە لەگەڵ باری دارایی و گوزەران و پلەی زوڵمەکەیدا بگونجێ و زەرەرەکان سەرجەم خەملٚ دەکرێن بەمەرجێ سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی دیکەی ژنەکە نەفەقەکەشی لەماوەی دووساڵ کەمتر نەبێ و لە (٣) سێ ساڵیش تێنەپەڕێ.[٢]

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (جلال تالەبانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان)، ژمارەی بڕیار:(٦٢)، بەرواری بڕیار: ٢٩/٤/٢٠٠٠ز، رێکەوتی ٩/ گولان/ ٢٧٠٠ك، بڕیاری هەموارکردنی ماددەکانی (٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٩،٥٠،٥٨)ی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)، هەموارکراو، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش: (١٧٠٨ کە لە ١٩٨١/١٢/١٧) دا دەرچووەو ژمارە (١١٢٨ کە لە ١٩٨٥/٩/٢دا دەرچووە)و، ژمارە (١٥٢٩ کە لە ١٩٨٥/١٢/٣دا دەرچووە)و، (٥٤٤ کە لە ١٩٨٧/٧/٢٨دا دەرچووە) هەڵدەوەشێنرێن (ئیلغا دەکرێن).[*]

---

[١] لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێناکرێت.

[٢] ئەم یاسایە، لەژمارە (١٩)ی رۆژی (٢٠٠١/٨/١)ی (وەقایعی کوردستان)دا بلاوکراوەتەوە.

[*] سەردەمی حوکمڕانی دەڤەری سەوز "یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك)" سلێمانی، لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا.

- یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان. عێراق، لەرۆژی بڵاوکردنەوەشی لەرۆژنامەی رەسمیی (وەقائیعی کوردستان) ژمارە (٩٥)ی (٢٠٠٨/١٢/٣٠) دا جێبەجێ کرا.

## بەراوردکاریەکی رێژەیی تەلاق لە نێوان باشووری کوردستانو وڵاتانی عەرەبیدا:

لە وڵاتانی عەرەبستانی سعودیا لە کۆی حەفتا ٧٠ هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری لە ساڵی ٢٠١٠ دا بیست هەزار حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراوە، واتا رێژەی جیابوونەوە نزیکەی لە (١٢٪) سەدا دوانزەیە.[١]

ئەم رێژەی تەنیا پشتی بەو ئامارانە بەستووە کە دادگای شەرعی سعودیە بڵاوی کردۆتەوە.

بەڵام لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی ٢٠١٠ دا لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکوك/ گەرمیان) دا ٣٩ هەزارو ٤١٤ گرێبەستی هاوسەرگیری (مارەبڕین) بە رێژەی سەدی (٩١,٣٪)تۆمار کراوەو ٣ هەزارو ٧٢٨ حاڵەتی جیابوونەوە بە رێژەی سەدی (٨,٦٪) تۆمار کراوە.

بە پێی ئامارێکی رێکخراوی فریاگوزاری خێزان لە وڵاتی سعودیە تەنیا لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ دا نزیکەی حەفتا هەزار حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراوە، واتا جیابوونەوە لە سعودیە ئەو رێژەیە یە لە باشووری کوردستان تۆمار کراوە کە رێژەی سەدی (٨,٦٪) دەکات.

---

(١) تەلاق... بەراوردکاریەکی رێژەیی لە نێوان کوردستانو وڵاتانی عەرەبیدا، ئامادەکردنی: ئاری بەختیار– هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل٦٩ .

به گشتی، ساڵانه له وڵاتی میسر هەشتا هەزار حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار دەکرێت، له سعودیەش حەفتا هەزار.

له وڵاتێکی وەك میسر دا رێژەی جیابوونەوە زۆر بەرزەو تەنیا له ساڵی ٢٠١١ دا پتر له هەشتا هەزار حاڵەتی جیابووەوە تۆمار کراوە. [١]

بە پێی ئاماری رێکخراوی پارێزەرانی ئافرەت لە میسر لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆی پێنج حاڵەتی هاوسەر گیریدا لە وڵاتی میسر دوانیان تووشی جیابوونەوە دەبن.

زانیاریە فەرمیەکانی ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق ئەوە پێشان دەدەن، لە ماوەی ٨ ساڵ لە (٢٠٠٤ – ٢٠١٢) رێژەی جیابوونەوە ژنو مێردەکان له یەکتری به شێوەیەکی پێشبینی نەکراو بەرز بووەتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکانی ئەو ئەنجومەنە لەساڵی ٢٠٠٤ دا ٢٨ هەزارو ٦٩٠ حاڵەتی تەڵاقدان لە عێراق هەبووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا گەیشتۆتە ٣٣ هەزارو ٣٤٨ کەس‌و له ساڵی ٢٠٠٦ یشدا بۆ ٣٥ هەزارو ٦٢٧ حاڵەت بەرز بووەتەوە. [٢]

ئەنجومەنی دادوەریی عێراق هەروەها دەڵێت رێژەی جیابوونەوە لە ٢٠٠٦ ەوە بەرز بوونەوەیەکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١١ دا ٥٩ هەزارو ٥١٥ ژن‌و مێرد له یەکتری جیابوونەتەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق کامیل ئەمین، هۆکاری ئەو رێژە زۆرەی تەڵاق، بۆ کێشەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە.

---

[١] تەڵاق... بەراوردکاریەکی رێژەیی لە نێوان کوردستانو وڵاتانی عەرەبیدا، ئامادەکردنی: ئاری بەختیار– هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل٧٠ .

[٢] لەعێراقدا، رێژەی جیابوونەوەی ژنو مێردەکان لە یەکتری لە بەرز بوونەوەدایە، ئاماری (ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق) لە عێراق، ٢٠١٢، شەونم محەمەد ئەمین، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٤٠٢)، ٢٠١٢/٨/١، ل ٨ .

چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتیش هەن وایان کردووە، ڕێـژەی جیابوونـەوە بەم جۆرەبێت، لەوانیش هێنانی ژنی دووەم، چونکە چەندین پیـاو هـەن ژنـی دووەم دەهێنن‌و ژنی یەکەمیش ئامادە نییە لای مێردەکەی بمێنێتەوەو داوای جیابوونەوە دەکات.

پێویستە حکومەت کێشەی بێکاری‌و کرێچیەتی چارەسەر بکات، چـونکە ئەمانە سەرەکیترین هۆکاری جیابوونەوەی ژن‌و مێدەکانن لـە یـەکتری. ئەمـە ڕای مستەفا ئیبراهیمی کارمەندی دادگای کەڕادەی ناوەندی بەغدایە.

بەرپرسی یەکەی ئافرەتان لـە وەزارەتـی مـاف مـرۆڤ روقیـە محەمـەد لـە ساڵی ٢٠١٢ لە لێدوانی بۆ میدیاکان دەڵێت: "پێویستە ڕێگا نـەدرێن کـوڕان‌و کچان لە تەمەنێکی زوودا ژیـانی هاوسـەرگری پێـك بهێـنن، چـونکە زۆربـەیان نـاتوانن بەرپرسـیاریەتی ژیـان لـە ئەسـتۆ بگـرن‌و لـە کۆتاییـدا لـە یـەکتری جیادەبنەوە."

## بەرزبوونەوەی ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی

ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق باس لـەوە دەکـات کـە دوای پرۆسـەی ڕزگاری عێراق (٢٠٠٣)ەوە ڕێژەی پێکهێنانی هاوسەرێتی زۆر بووە.

بەگوێرەی زانیاریە فەرمیـەکانی ئـەو ئەنجومەنـە لـە سـاڵی ٢٠٠٣ دا، ٢٠ هەزای کەس لە عێراقدا زەماوەندیان کردووەو ساڵی ٢٠٠٤ ئەو ڕێژەیە بووەتە ٢٦٢ هـــەزار کـــەس. هـــەروەها ٢٨ هـــەزار و ٦٩٠ حاڵـــەتی تـــەلاق و لێکجیابوونەوەش تۆمار کراون. لە ساڵی ٢٠٠٥ ئاستی تەلاق و لێکجیابوونـەوە بۆ ٣٣ هەزار و ٣٤٨ حاڵەت بەرز بووەتەوە. [1]

---

[1] لەعێراقدا، ڕێژەی جیابوونەوەی ژن‌و مێردەکان لە یەکتری لە بەرز بوونەوەدایە، ئاماری (ئەنجومـەنی باڵای دادوەری عێراق) لە عێراق، ٢٠١٢، شەونم محەمەد ئەمین، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمـارە (١٤٠٢)، ٢٠١٢/٨/١، ل ٨.

ئەنجومەنەکە دەڵێت: لە چەند ساڵی رابردوو دا رێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بەرز بووەتەوە بە جۆرێك کە لە ساڵی ٢٠١١ دا، ٢٣٠ هەزار حاڵەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی تۆمار کراون، بەڵام لە بەرامبەردا ژمارەی تەڵاق و لێجیابوونەوە بۆ ٥٩ هەزار و ١٥١ حالەت زیادی کردووە.

هەر بەپێی ئاماری (ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق) جگە لە شارەکانی [هەولێر، سلێمانی، دهۆك و ئیدارەی گەرمیان]، دەبینین لە ١١ مانگی ٢٠١٧دا لە پارێزگاکانی عێراقدا ٢٧٩ هەزار و ٣٤٨ پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدراون، لە بەرامبەردا ٦٦ هەزار و ٦٠٩ حاڵەتی تەلاق و لێجیابوونەوە تۆمارکراون، کە ئاستی تەلاق و لێکجیابوونەوەل سە ساڵی ٢٠١٧ دا ١٩.٢٥٪ بووە.[١]

| هاوسەرگیری و تەڵاق لە عێرارق بەگوێرەی ئاماری (ئە نجومەنی دادوەری باڵای عێراق) | | |
|---|---|---|
| ساڵ | ژمارەی هاوسەرگیری کردن | ژمارەی تەڵاق و لێکجیابوونەوە |
| ٢٠٠٤ | ٢٦٢,٠٠٠ | ٢٨,٦٩٠ |
| ٢٠١١ | ٢٣٠,٠٠٠ | ٥٩,١٥١ |
| ١١ مانگی ٢٠١٧ | ٢٧٩,٣٤٨ | ٦٦,٦٠٩ |

++++++

[١] ئاماری (ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق) لە عێراق، ١١ مانگی ٢٠١٧، https://www.iraqja.iq/statistics/ .

**تێبینی**/ هەرچەندە ئەو توێژینەوەیە پێشتر ئامادەکراوە و ئاماری ٣ ساڵ و نیو وەرگیرابوو، بەڵام بەهۆی دوکەوتنی چاپەکەی و پێویستی سەردەم، ئاماری نوێی بۆ زیاد کراوە.

## بەشی دووەم:

### باسی دووەم/ تەڵاق لە باشووری کوردستان

باشووری کوردستان وەك هەر شوێنێکی تر تەڵاقو لێکجیابوونەوەی ژنو پیاو لێی روو دەدات. بەڵام ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە بۆچی تەڵاقو لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان لە زیاد بووندایە؟ ئاخۆ چی کاریگەری هەیە لەسەر زیاد بوونو زیاتر لەبەریەك هەڵوەشاندنی خێزانەکان!

بە پێی ئامارە فەرمیەکانی (ئەنجومەنی دادوەری هەرێم) رێژەی مارەبڕین (هاوسەرگیری)و تەڵاق و لێکجیابوونەوە لە ماوەی ٧ساڵو شەش مانگ دا (٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٧/٦/٣٠) لە سنووری شارو قەزاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك/ گەرمیان، دهۆك)دا ٣٣١ هەزارو ٥٤٠ مارەبڕینو ٤٦ هەزارو ٤٨٨ تەلاق و لێکجیابوونەوەش تۆمار کراوە. بەبێ هەژمارکردنی ئامارەکانی رێپێدان بە ژنهێنانی دووەم و پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی (لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان) دەبینین لە ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دا بەرێژەیەکی بەرچاو جیابوونەوە زیای کردووە.

بە پێی ئامارە فەرمیەکانی (ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان) کاتێك ئاماری جیابوونەوەی خێزانەکان لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٧ لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکەین، دەبینین:

لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٣ دا رێژەی جیابوونەوە ١٢.٨٪ بووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٧ بۆ ١٧.٧٪ بەرزبووەتەوە. لەکاتێکدا لە ساڵەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ دا ئاماری کەرکوك/ گەرمیان بڵاو نەکراونەتەوە. [1]

---

[1] مامەلەکانی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٧/٦/٣٠، بەرێوەبەریەتی پلانو ئامار لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

نابێت بڕوا بەوە بهێنین کە ڕێژەی سەدی لێکجیابوونەوە بە بەراورد بە هاوسەرگیری ژمارەکەی کەمە، بەڵکو کاتێك ساڵ بەساڵ لێی بڕوانین هەست بە مەترسیەکەی دەکەین‌و دەبینین ساڵانە ڕێژەی جیابوونەوە لە زیادبوون دایە.

هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٠ ڕێژەی جیابوونەوە (٩,٤٪) بووە، بەڵام دەبینین لە ساڵی ٢٠١١ روو لەکەمی کردووەو بووە بە (٨,٩٪)و لە ساڵی ٢٠١٢ دا جارێکی تر ڕێژەکە زیاد دەبێت‌و بووە بە (١٠,٦٪).

لە ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی جیابوونەوە (١٠.٨٪) بووە، بەڵام دەبینین لە ساڵی ٢٠١٤ روو لە بەرزبوونەوە کردووە بووە بە (١٥.٦٪)، لەکاتێکدا شەڕی ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) رووی لە ناوچەکە کردووە.

تەواوی ڕووداوەکان هەر لە شەڕی داعش و دۆخی سیاسی و قەیرانی دارایی هەریەك بە ئەندازەی خۆی کاریگەریان لەسەر ژیانی خێزانەکان بەجێ هێشتووە. لە ساڵی ٢٠١٥ دا جارێکی تر ڕێژەکە زیاد دەبێت‌و بووە بە (١٦.٩٪)، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ ڕێژەی جیابوونەوە رووی لە کەمی کردووە و بووە بە (١٥.٧٪).

لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٣ یشدا جارێکی تر روو لە زیادبوون دەکات‌و ڕێژەکەی (١٢,٨٪)بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧ کاتێك داعش لەسەر رووی زەوی بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت دەبنین لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٧ یشدا جارێکی دیکە تەلاق و لێکجیابوونەوە روو لە زیادبوون دەکات‌و ڕێژەکەی بووە بە (١٧.٧٪).

ئەوە لەکاتێکدا دۆخی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان هەلبەز و دابەزی جیای بەخۆە بینیوە. لە ٢٥-٩-٢٠١٧ لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدرەی هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی

سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڵام لێکەوتەکانی بە گوشاری ئابووری لە داخستنی فڕۆکەخانەکان لە ٢٩-٩-٢٠١٧ و داخستنی دەروازە سنووریەکان و هێرشی سەربازی بۆسەر کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان لە ڕووداوەکانی ١٦-١٠-٢٠١٧ و ڕۆژانی دوایی لێ کەوتەوە.

هەرێمی کوردستان، بەدەست پرسگەلێکی سیاسی ناوخۆیی، ئابووری و کێشەی موچەوە گیرۆدەبووە، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕا و تاوەکو سەرەتای ٢٠١٨یش بە کردەوە ئاسۆی چارەسەری دۆخەکان بە بنەبەست نەگەیشتووە.

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە (ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق بە پێی ساڵەکان لە باشووری کوردستان) باشتر روون دەکاتەوە: [١]

| ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق بە پێی ساڵەکان لە هەرێمی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | مارەبڕین | ڕێژەکە | تەڵاق | ڕێژەکە |
| ٢٠١٠ | ٣٩,٤١٤ | ٪٩٠,٦ | ٣,٧٢٨ | ٪٩,٤ |
| ٢٠١١ | ٥٠,٤٨١ | ٪٩١,١ | ٤,٥١٦ | ٪٨,٩ |
| ٢٠١٢ | ٥٦,٠٠٢ | ٪٨٩,٤ | ٥,٩٥٦ | ٪١٠,٦ |
| ٦ مانگی یەکەمی ٢٠١٣ | ٢٧,٢٠١ | ٪٨٧,٢ | ٣,٤٩٢ | ٪١٢,٨ |
| ٢٠١٣ | ٥٢,٧٤٩ | ٪٨٩,٢ | ٦,٤١٧ | ٪١٠,٨ |
| ٢٠١٤ | ٤٧,٤٤٤ | ٪٨٤,٤ | ٨,٧٧٧ | ٪١٥,٦ |
| ٢٠١٥ | ٣٩,٦٠٢ | ٪٨٣,١ | ٨,١٠٥ | ٪١٦,٩ |
| ٢٠١٦ | ٣١,١٨٣ | ٪٨٤,٣ | ٥,٨١٤ | ٪١٥,٧ |
| ٦ مانگی یەکەمی ٢٠١٧ | ١٤,٦٦٥ | ٪٨٢,٣ | ٣,١٧٥ | ٪١٧,٧ |
| کۆی گشتی | ٣٣١,٥٤٠ | | ٤٦,٤٨٨ | |

---

[١] مامەڵەکانی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٧/٦/٣٠، بەڕێوەبەرایەتی پلانو ئامار لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

تێبینی/ لە ساڵەکان ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا ئاماری کەرکوك/ گەرمیان بڵاو نەکراوەتەوە. بۆیە لەو ماوەیە ئاماری ئەو دو شوێنەی لەگەڵ هەژمار نەکراوە، بۆ بەرچاوڕوونی.

بەپێی ئامارەكانی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی كوردستان، لە ماوەی ٧ ساڵ‌و شەش مانگ دا لە(٢٠١٠/١/١ تاكو ٢٠١٧/٦/٣٠) لەهەرێمی كوردستان (هەولێر، سلێمانی، گەرمیان/ كەركوك، دهۆك) بەگشتی ٣٣١ هەزار و ٥٤٠ مارەبڕینی تازە و ٤٦ هەزار و ٤٨٨ حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە روویداوە.

هەروەها ٩١٠ كەس بە یاسایی ژنی دووەم یان سێیەم و چوارەمیان هێناوە، ٢٢ هەزار و ٨٧٣ مارەبڕینی دەرەكیش لە دادگاكانی هەرێمی كوردستاندا تۆماركراون، كە لەدادگاكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان ژنیان هێناوە.[1]

هەر بەپێی ئامارەكانی ئەنجومەنی دادوەری لەماوەی شەش مانگی ٢٠١٧ دا ١٤ هەزار و٦٦٥ مارەبرین تۆماركراوە، بەڵام ٣ هەزار و ١٧٥ حاڵەتی تەلاق و جیابوونەوە روویداوە.

هەر لەماوەی شەش مانگی ٢٠١٧ دا لەو رێژەیە زۆرترین جیابوونەوە لەپارێزگای هەولێر بووە، كە هەزار و ٣٧٠ حاڵەت بووە، بەڵام دهۆك كەمترین حاڵەتی تۆماركردووە، كە ٥٤٩ حاڵەت بووە. هەرچی پارێزگای سلێمانییە پلەی دووەمی هەیە و هەزار و ٢٥٦ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار كراوە، بەڵام كەركوك/گەرمیان وەكو سالانی (٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧) هیچ ئامارێك بلاونەكراوەتەوە.

هەروەها لە شەش مانگی ٢٠١٧ زۆرترین مارەبرین لەپارێزگای هەولێردا بووە و ژمارەكەی ٧ هەزار و ٢٦١ حاڵەت بووە، كەمترین مارەبرین لە سلێمانی بووە، بە ٢ هەزار و ٧٤٩ حاڵەت بووە. هەرچی پارێزگای دهۆكە

[1] مامەڵەكانی ئەنجامدراو لە دادگاكانی هەرێمی كوردستان لە ٢٠١٠/١/١ تاكو ٢٠١٧/٦/٣٠، بەڕێوەبەریەتی پلان‌و ئامار لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستانی عێراق.

دوابەدوای هــەولێر بەپلــەی دووەم دێت، کـە ٤ هــەزار و ٦٥٥ حاڵـەت حاڵـەت بووە.

## مارەبرین

لەئامارەکەی ئەنجومەنی دادوەریـی ئامـاژە بـەوە کـراوە، بـە گشـتی لـە ماوەی ٧ ساڵ و شەش مانگی ٢٠١٧ی رابـردوودا، پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە هەرێمی کوردستان ٣٣١ هەزار و ٥٤٠ حالـەت بـووە، کـە زۆرتـرین مـارەبرین لـەپارێزگای هـەولێردا بـووە و ژمارەکـەی ١٢٨ هـەزار و ٦٤٤ حاڵـەت بـووە، کەمترین مـارەبرین لـە کەرکوك/گـەرمیان بـووە، بـە ٢٦ هـەزار و ٢٨١حاڵـەت بووە. هەرچی پارێزگای سلێمانییە دوابەدوای هەولێر بەپلەی دووەم دێت، کە ٩٣ هەزار و ٨٦٨ حاڵەت حاڵەت بووە، بەڵام دهۆك ریزبەندی پلـەی سـێیەمی وەرگرتووە، کە ٨٢ هەزار و ٧٤٧ حاڵەت بووە.

## تەڵاق و جیابوونەوە

هەرچی پەیوەنداره بەتەڵاق و جیابوونـەوە لـە مـاوەی ٧ سـاڵ و شـەش مانگی ٢٠١٧ی رابردوودا بە گشتی ٤٦ هەزار و ٤٨٨ حاڵەت تۆمـارکراوە، لـەو رێژەیە زۆرینەی لەپارێزگای هەولێر بووە، کە ١٨ هەزار و ٨٨١ حاڵەت بووە، بەڵام دهۆك کەمترین حاڵەتی تۆمارکردووە، کە ٧ هەزار و ٤٧٧ حاڵەت بووە. هەرچی پارێزگای سلێمانییە پلـەی دووەمـی هەیـە و ١٧ هـەزار و ٧٥ حاڵـەت بووە، بەڵام کەرکوك/گەرمیان لەپلەی سێیەمدا دێت، کە ژمارەکەی ٣ هەزار و ٥٥ حاڵەت بووە.

## پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی

یەکێکی دیکە لەداتاو ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەریی، کە لـەماوەی ٧ سـاڵ و شـەش مـانگی ٢٠١٧ی رابـردوو ئامـاژەی پێکـراوە، پەسـەندکردنی مـارەبڕینی دەرەکییـە، کـەوا ژمـارەی مـارەبرینی دەرکـی ٢٢ هـەزار و ٨٧٣ حاڵەت بووە، لەو ژمارەیە زۆرترین مارەبرینی دەرەکی لە هـەولێربووە، کـە ٩

هــــەزار و ٥٠٨ حالــەت بــووە، بــەڵام کــەمترین مــارەبرینی دەرەکــی لــە کەرکوك/گەرمیان بووە، کە تەنیا هەزار و ٣١١ حاڵەت بووە. هەرچـی دهۆکـە پلەی دووەمی هەیە و ژمارەکەی ٦ هەزار و ١٨٧ بووە، بەڵام سلێمانی پلـەی سێیەمی هەیە بە ٥ هەزار و ٨٦٧ حاڵەت.

**ژن هێنانی دووەم**

هەرچــەندە لــەکوردەواری دەگوترێــت `پیــاوی دوو ژنــە جــەرگی کــون کونــە`، بــەڵام لــەئامارەکانی ســاڵانی (٢٠١٠ – ٢٠١٦)دا ٨٩١ پیــاوی کــورد لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان رێگـەیان پێـدراوە پرۆسـەی ژنهێنـانی دووەم ئەنجامبدەن.

لە رێپێدان بە ژنهێنانی دووەم لـە دادگاکـانی هـەرێمی کوردسـتاندا وەك لەئامارەکانــدا دەرکــەوتووە، ســلێمانی پلــەی یەکــەمی بەدەســتهێناوە و ژمارەکەی ٣٣٦ حاڵەت بـووە، بـەڵام دهـۆك کـەمترین حاڵـەت روویـداوە، کـە تەنیا ٩٢ حاڵەت بـووە، هەرچـی هـەولێرە پلـەی دووەمـی بەدەسـتهێناوە بـە ٢٧٨ حاڵەت و کەرکوك/گەرمیان پلەی سێیەمیان گرتووە بە ٢٠٤ حاڵەت.

ڕێژەی مارەبڕین و تەلاق لە باشووری کوردستان لە (٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٧/٦/٣٠)

| شوێن | ساڵ | مارەبڕین | ڕێ پێدان بە ژنهێنانی دووەم | پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی | تەلاق و لێجیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2010 | 15022 | 50 | 1500 | 1918 |
| | 2011 | 18565 | 34 | 1759 | 1910 |
| | 2012 | 20275 | 21 | 1859 | 2810 |
| | 2013 | 18354 | 39 | 1308 | 2760 |
| | 2014 | 17044 | 27 | 1077 | 2424 |
| | 2015 | 16183 | 50 | 1080 | 3024 |
| | 2016 | 15940 | 42 | 925 | 2665 |
| | 2017 | 7261 | 15 | - | 1370 |
| ك. گ | | 128644 | 278 | 9508 | 18881 |
| سلێمانی | 2010 | 12759 | 22 | 942 | 506 |
| | 2011 | 14642 | 10 | 762 | 1339 |
| | 2012 | 15917 | 18 | 1163 | 2035 |
| | 2013 | 14911 | 16 | 956 | 2184 |
| | 2014 | 13821 | 36 | 841 | 4012 |
| | 2015 | 13172 | 45 | 1060 | 3855 |
| | 2016 | 5897 | 186 | 143 | 1888 |
| | 2017 | 2749 | 3 | - | 1256 |
| ك. گ | | 93868 | 336 | 5867 | 17075 |
| کەرکوك/گەرمیان | 2010 | 2792 | 201 | 92 | 645 |
| | 2011 | 5828 | 1 | 210 | 555 |
| | 2012 | 5961 | 0 | 532 | 197 |
| | 2013 | 6114 | 1 | 278 | 420 |
| | 2014 | 5586 | 1 | 199 | 1238 |
| | 2015 | - | - | - | - |
| | 2016 | - | - | - | - |
| | 2017 | - | - | - | - |
| ك. گ | | 26281 | 204 | 1311 | 3055 |
| دهۆك | 2010 | 8841 | 24 | 492 | 659 |
| | 2011 | 11446 | 12 | 619 | 712 |
| | 2012 | 13849 | 14 | 1297 | 914 |
| | 2013 | 13370 | 6 | 971 | 1053 |
| | 2014 | 10993 | 11 | 1188 | 1103 |
| | 2015 | 10247 | 13 | 945 | 1226 |
| | 2016 | 9346 | 11 | 675 | 1261 |
| | 6m2017 | 4655 | 1 | - | 549 |
| ك. گ | | 82747 | 92 | 6187 | 7477 |
| کۆی گشتی | | 331540 | 910 | 22873 | 46488 |

## بەرزترین‌و نزمترین ڕێژەی تەڵاق بە پێی شارەکان لە ماوەی ساڵێکدا

ئەگەر بڕوانینە بەرزترین ڕێژەی تەڵاق‌و نزمترین ڕێژەی تەڵاق بە پێی شارەکان لە ماوەی ساڵێکدا کە لە شارەکانی باشووری کوردستان تۆمار کراوە، دەبینین:[1]

- لە ساڵی ٢٠١٠ دا، بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە ٦٤٥ حالەت (٢٣,١٪) بووە کە لە کەرکوك گەرمیان بووەو کەمترین ڕێژەی جیابوونەوەش لە شاری سلێمانی بووە کە ٥٠٦ حاڵەت (٣,٩٪) بووە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی مارەبڕین ١٥ هەزارو ٢٢ حاڵەت بووە کە لە شاری هەولێر بووە.
- لە ساڵی ٢٠١١ دا، بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە ١٩١٠حالەت (١٠,٢٪) بووە کە لە هەولێر بووەو کەمترین ڕێژەی جیابوونەوە لە شاری دهۆك بووە کە ٧١٢ حالەت (٦,٢٪) بووە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی مارەبڕین ١٨ هەزارو ٥٦٥ حاڵەت بووە کە لە شاری هەولێر بووە.
- لە ساڵی ٢٠١٢ دا، بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە ٢٨١٠ حالەت (١٣,٨٪) بووە کە لە شاری هەولێر بووەو کەمترین ڕێژەی جیابوونەوەش لە کەرکوك/گەرمیان بووە کە ١٩٧ حاڵەت (٣,٣٪) بووە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی مارەبڕین ٢٠ هەزارو ٢٧٥ حاڵەت بووە کە لە شاری هەولێر دا بووە.
- لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دا، بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە ١٦٦٤ حالەت (٢١,٨٪) بووە کە لە شاری سلێمانی بووەو کەمترین ڕێژەی جیابوونەوەش لە کەرکوك/گەرمیان بووە کە ١٩٥ حاڵەت (٦,١٪) بووە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی مارەبڕین ٩ هەزارو ٥١٣ حاڵەت بووە کە لە شاری هەولێردا بووە.

---

[1] مامەڵەکانی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٣/٦/٣٠، بەڕێوەبەریەتی پلان‌و ئامار لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە وردەکاریەکانی ڕێژەی تەڵاقو لێکجیابوونەوە لەگەڵ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری (مارەبڕین) بە پێی ساڵو شارەکان، دەتوانیت بڕوانیتە ئەم خشتانە:[١]

**خشتەی یەکەم:** ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە ساڵی ٢٠١٠ دا.

| ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە هەرێمی کوردستان لە ( ١/١ تاکو ٢٠١٠/١٢/٣١ ) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **شار** | **مارەبڕین** | **ڕێژەکەی** | **تەڵاق** | **ڕێژەکەی** |
| **هەولێر** | ١٥,٠٢٢ | ٪٨٧,٣ | ١,٩١٨ | ٪١٢,٧٦ |
| **سلێمانی** | ١٢,٧٥٩ | ٪٩٦,١ | ٥٠٦ | ٪٣,٩ |
| **کەرکوک/گەرمیان** | ٢,٧٩٢ | ٪٧٦,٩ | ٦٤٥ | ٪٢٣,١ |
| **دهۆك** | ٨,٨٤١ | ٪٩٢,٦ | ٦٥٩ | ٪٧,٤ |
| **کۆی گشتی** | ٣٩,٤١٤ | ٪٩٠,٦ | ٣,٧٢٨ | ٪٩,٤ |

**خشتەی دووەم:** ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە ساڵی ٢٠١١ دا.

| ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە هەرێمی کوردستان لە ( ١/١ تاکو ٢٠١١/١٢/٣١ ) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **شار** | **مارەبڕین** | **ڕێژەکەی** | **تەڵاق** | **ڕێژەکەی** |
| **هەولێر** | ١٨,٥٦٥ | ٪٨٩,٨ | ١٩١٠ | ٪١٠,٢ |
| **سلێمانی** | ١٤,٦٤٢ | ٪٩٠,٩ | ١,٣٣٩ | ٪٩,١ |
| **کەرکوک/گەرمیان** | ٥,٨٢٨ | ٪٩٠,٥ | ٥٥٥ | ٪٩,٥ |
| **دهۆك** | ١١,٤٤٦ | ٪٩٣,٨ | ٧١٢ | ٪٦,٢ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠,٤٨١ | ٪٩١,١ | ٤,٥١٦ | ٪٨,٩ |

---

[١] مامەڵەکانی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٣/٦/٣٠، بەڕێوەبەریەتی پلانو ئامار لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

**خشتەی سێیەم:** ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە ساڵی ٢٠١٢ دا.

| ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە هەرێمی کوردستان لە (١/١ تاکو ٢٠١٢/١٢/٣١) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شار | مارەبڕین | ڕێژەکەی | تەڵاق | ڕێژەکەی |
| هەولێر | ٢٠,٢٧٥ | ٪٨٦,٢ | ٢,٨١٠ | ٪١٣,٨ |
| سلێمانی | ١٥,٩١٧ | ٪٨٧,٣ | ٢,٠٣٥ | ٪١٢,٧ |
| کەرکوک/گەرمیان | ٥,٩٦١ | ٪٩٦,٧ | ١٩٧ | ٪٣,٣ |
| دهۆك | ١٣,٨٤٩ | ٪٩٣,٥ | ٩١٤ | ٪٦,٥ |
| کۆی گشتی | ٥٦,٠٠٢ | ٪٨٩,٤ | ٥,٩٥٦ | ٪١٠,٦ |

**خشتەی چوارەم:** ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دا.

| ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە هەرێمی کوردستان لە (١/١ تاکو ٢٠١٣/٣/٣١) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شار | مارەبڕین | ڕێژەکەی | تەڵاق | ڕێژەکەی |
| هەولێر | ٤,٧٧٢ | ٪٨٩,٦ | ٥٠١ | ٪١٠,٤ |
| سلێمانی | ٣,٨٦٩ | ٪٨٠,١ | ٧٧٠ | ٪١٩,٩ |
| کەرکوک/گەرمیان | ١,٧٠٨ | ٪٩٥,٨ | ٧٢ | ٪٤,٢ |
| دهۆك | ٣,٣٧٤ | ٪٩٤,٣ | ١٩٤ | ٪٥,٧ |
| کۆی گشتی | ١٣,٧٢٣ | ٪٨٨,٨ | ١,٥٣٧ | ٪١١,٢ |

**خشتەی پێنجەم:** ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دا.

| ڕێژەی مارەبڕینو تەڵاق لە هەرێمی کوردستان لە (١/١ تاکو ٢٠١٣/٦/٣٠) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شار | مارەبڕین | ڕێژەکەی | تەڵاق | ڕێژەکەی |
| هەولێر | ٩٥١٣ | ٪٨٧,٧ | ١,١٧٨ | ٪١٢,٣ |
| سلێمانی | ٧,٦٢٧ | ٪٨٧,٢ | ١,٦٦٤ | ٪٢١,٨ |
| کەرکوک/گەرمیان | ٣,١٨١ | ٪٩٣,٩ | ١٩٥ | ٪٦,١ |
| دهۆك | ٦,٨٨٠ | ٪٩٣,٤ | ٤٥٥ | ٪٦,٦ |
| کۆی گشتی | ٢٧,٢٠١ | ٪٨٧,٢ | ٣,٤٩٢ | ٪١٢,٨ |

خشتەی شەشەم: [1]

| ڕێژەی مارەبڕین و تەڵاق لە ماوەی ٣ ساڵ و ٦ مانگدا (٢٠١٠ تاکو ٢٠١٣/٦/٣٠) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | شارەکان | مارەبڕین | ڕێژەکەی | تەڵاق | ڕێژەکەی |
| ٢٠١٠ | هەولێر | ١٥,٠٢٢ | ٪٨٧,٣ | ١,٩١٨ | ٪١٢,٧٦ |
| | سلێمانی | ١٢,٧٥٩ | ٪٩٦,١ | ٥٠٦ | ٪٣,٩ |
| | کەرکوک/گەرمیان | ٢,٧٩٢ | ٪٧٦,٩ | ٦٤٥ | ٪٢٣,١ |
| | دهۆك | ٨,٨٤١ | ٪٩٢,٦ | ٦٥٩ | ٪٧,٤ |
| ٢٠١١ | هەولێر | ١٨,٥٦٥ | ٪٨٩,٨ | ١,٩١٠ | ٪١٠,٢ |
| | سلێمانی | ١٤,٦٤٢ | ٪٩٠,٩ | ١,٣٣٩ | ٪٩,١ |
| | کەرکوک/گەرمیان | ٥,٨٢٨ | ٪٩٠,٥ | ٥٥٥ | ٪٩,٥ |
| | دهۆك | ١١,٤٤٦ | ٪٩٣,٨ | ٧١٢ | ٪٦,٢ |
| ٢٠١٢ | هەولێر | ٢٠,٢٧٥ | ٪٨٦,٢ | ٢,٨١٠ | ٪١٣,٨ |
| | سلێمانی | ١٥,٩١٧ | ٪٨٧,٣ | ٢,٠٣٥ | ٪١٢,٧ |
| | کەرکوک/گەرمیان | ٥,٩٦١ | ٪٩٦,٧ | ١٩٧ | ٪٣,٣ |
| | دهۆك | ١٣,٨٤٩ | ٪٩٣,٥ | ٩١٤ | ٪٦,٥ |
| ئاماری ٦مانگی ٢٠١٣ | هەولێر | ٩,٥١٣ | ٪٨٧,٧ | ١,١٧٨ | ٪١٢,٣ |
| | سلێمانی | ٧,٦٢٧ | ٪٨٧,٢ | ١,٦٦٤ | ٪٢١,٨ |
| | کەرکوک/گەرمیان | ٣,١٨١ | ٪٩٣,٩ | ١٩٥ | ٪٦,١ |
| | دهۆك | ٦,٨٨٠ | ٪٩٣,٤ | ٤٥٥ | ٪٦,٦ |
| کۆی گشتی | | ١٧٣,٠٩٨ | ٪٨٧,١ | ١٧,٦٩٢ | ٪١٢,٩ |

[1] مامەڵەکانی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٠/١/١ تاکو ٢٠١٣/٦/٣٠، بەڕێوەبەریەتی پلان و ئامار لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەگەر ووردەكاری مارەبڕینو تەڵاق لەسەر ئاستی پارێزگای هـەولێر وەك نمونە وەربگرین دەبینین زۆرتـرینی جیابوونـەوەكان ئەوانـەن كـە لـە تەمـەنی بچوكدا هاوسەرگیریان كردووە.

بـە پێـی ئامـاری دادگـای بـاری كەسـی لـە سـەرۆكایەتی دادگـای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، دەبیـنین لەمیانـەی سـاڵی ٢٠١١ دا زۆرتـرین رێژەی مارەبڕینو تەڵاقو لێكجیابوونەوە لەو چینەی كۆمەڵگایە كە تەمـەنیان لە نێوان (٢٠ – ٢٥) ساڵی دایە.[١]

هەروەها ئەگەر بڕوانینە ئاماری ساڵی دواتـر، دەبیـنین لەمیانـەی سـاڵی ٢٠١٢ دا زۆرترین رێژەی مارەبڕینو تەڵاقو لێكجیابوونەوە هـەر لـەو چـینەی كۆمەڵگایە كە تەمەنیان لە نێوان (٢٠ – ٢٥)ساڵیدایە.[٢]

هەروەها ئەگەر بڕوانینە ئاماری ساڵی ٢٠١٦، دەبینین زۆرتـرین رێـژەی مارەبڕینو تەڵاقو لێكجیابوونەوە هەر لەو چینەی كۆمەڵگایە كە تەمەنیان لـە نێوان (١٥ – ٢٥)ساڵیدایە.[٣]

ئەمەش ئاماژەو زەنگێكی خەتەرناكە كـەوا زۆربـەی ئـەو هاوسـەرگیریانە بـە لێكجیابوونەوە كۆتاییان پێهاتووە كە لـە تەمـەنێكی بچـووكدا زەواج دەكـەن، كـە ئێستا ئەمە بووە بە دیاریدەو حاڵەتی تێپەڕاندووە.

---

[١] ئامـاری تایبـەت بـە دادگـای بـاری كەسـی لـە سـەرۆكایەتی دادگـای تێهەڵچـوونەوەی ناوچـە هەولێر، ٢٠١١/١/١ تاكو ٢٠١١/١٢/٣١ .

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ئامـاری تایبـەت بـە دادگـای بـاری كەسـی لـە سـەرۆكایەتی دادگـای تێهەڵچوونەوەی ناوچە هەولێر.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ئامـاری تایبـەت بـە دادگـای بـاری كەسـی لـە سـەرۆكایەتی دادگـای تێهەڵچوونەوەی ناوچە هەولێر.

وورده‌كـاری مـاره‌بڕینو تـه‌ڵاق له‌سـه‌ر ئاسـتی پارێزگـای هـه‌ولێر، لـه‌ سـاڵی ٢٠١١دا به‌مجۆره‌یه‌: [١]

| ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی<br>لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ٢٠١١/١/١ تاکو ٢٠١١/١٢/٣١ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | چەشنەکانی تەمەن | مارەبڕین | | تەڵاق و لێکجیابوونەوە | | هۆکارەکانی دەبنە هۆی تەڵاق و لێکجیابوونەوە | ژمارە |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ١ | ١٥ – ٢٠ | ٣,٤٢٤ | ٤,٨٧٣ | ٣٤٧ | ٣٦٧ | نەگونجان لەگەڵ یەکتر | ٥٢٩ |
| ٢ | ٢٠ – ٢٥ | ٥,٣١٨ | ٥,٠٩٣ | ٤٩١ | ٥٠٥ | جیاوازی تەمەن | ٥٩ |
| ٣ | ٢٥ – ٣٠ | ٣,٨٩٨ | ٣,٢٦١ | ٣٦٨ | ٣٩٢ | هۆکاری نەزۆکی | ٧١ |
| ٤ | ٣٠– ٣٥ | ٢,٢٥٧ | ٢,٠٦٩ | ٣٣٨ | ٣١٥ | داوێن پیسی (خیانە زوجیە) | ٢٤٦ |
| ٥ | ٣٥– ٤٠ | ١,٢٣١ | ١,٢٢٢ | ٢٢١ | ٢٢٠ | نەبوونی ماڵی جیا | ٣٠٨ |
| ٦ | ٤٠– ٤٥ | ٩٠٢ | ٨٧١ | ٧١ | ٥٨ | ژن هێنانی دووەم | ٥٢ |
| ٧ | ٤٥– ٥٠ | ٦٠٣ | ٤٥٨ | ٤٣ | ٣٦ | تەکنـــــــــەلۆجیای سەردەم(مۆبایل–انترنت) | ٢١٧ |
| ٨ | ٥٠– ٥٥ | ٣٨٣ | ٣٢٥ | ١٩ | ١٠ | تووش بوونی یەکێکیان بەنەخۆشی | ٣١ |
| ٩ | ٥٥– ٦٠ | ٣٠٢ | ٢٧٥ | ٤ | ٣ | هۆکاری کۆمەڵایەتی | ١٩٧ |
| ١٠ | ٦٠– ٦٥ | ١٧٣ | ١١٥ | ٤ | ١ | هۆکاری ئابووری | ١١٧ |
| ١١ | ٦٥– ٧٠ | ٦٢ | ٣ | ١ | ١ | هۆکاری ئاینی | ٧ |
| ١٢ | ٧٠– ٧٥ | ١٠ | ٠ | ١ | ٠ | هۆکارەکانی تر | ٧٦ |
| ١٣ | ٧٥– ٨٠ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | | |
| ١٤ | تەمەنەکانی تر | ٠ | ٠ | ٢ | ٢ | | |
| کۆی گشتی | | ١٨,٥٦٥ | ١٨,٥٦٥ | ١,٩١٠ | ١,٩١٠ | | ١,٩١٠ |

+++

[١] ئامـاری تایبـه‌ت بـه‌ دادگـای بـاری كه‌سـی لـه‌ سـه‌رۆكایه‌تی دادگـای تێهه‌ڵچـوونه‌وه‌ی ناوچـه‌ هه‌ولێر،٢٠١١/١/١ تاكو ٢٠١١/١٢/٣١ .

تەواوی ووردەکاری مارەبڕینو تەڵاق لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٢دا بەمجۆرەیە: [١]

**ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی**

**لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ٢٠١٢/١/١ تاکو ٢٠١٢/١٢/٣١**

| ز | چەشنەکانی تەمەن | مارەبڕین | | تەڵاق و لێکجیابوونەوە | | هۆکارەکانی دەبنە هۆی تەڵاق و لێکجیابوونەوە | ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ١ | ١٥ – ٢٠ | ٣,٩٠٦ | ٥,١٤٠ | ٥٣٠ | ٥٥٩ | نەگونجان لەگەڵ یەکتر | ٦٤٤ |
| ٢ | ٢٠ – ٢٥ | ٥,٦٤٥ | ٥,٤٠٩ | ٥٥٤ | ٥٩٢ | جیاوازی تەمەن | ١٣٤ |
| ٣ | ٢٥ – ٣٠ | ٤,٠٦٠ | ٣,٥٩٧ | ٥٣٩ | ٤٩٧ | هۆکاری نەزۆکی | ١٣ |
| ٤ | ٣٠– ٣٥ | ١,٨٨٤ | ١,٥٥٨ | ٤٣٦ | ٤٤٢ | داوێن پیسی (خیانە زوجیە) | ٣٠٢ |
| ٥ | ٣٥– ٤٠ | ١,١٦٨ | ١,٢١١ | ٣١٢ | ٣٢٥ | نەبوونی ماڵی جیا | ٣٤١ |
| ٦ | ٤٠– ٤٥ | ٨٩٩ | ٩٤٦ | ١٥٦ | ١٤٤ | ژن هێنانی دووەم | ٨٥ |
| ٧ | ٤٥– ٥٠ | ٩٠٨ | ٧٧٠ | ١٢٦ | ١٣٠ | تەکنەلۆجیای سەردەم(مۆبایل–انترنت) | ٢٣٨ |
| ٨ | ٥٠– ٥٥ | ٨٤١ | ٧٢٤ | ٨٧ | ٨٨ | تووش بوونی یەکێکیان بەنەخۆشی | ٤ |
| ٩ | ٥٥– ٦٠ | ٧٤٦ | ٧٥٤ | ٣٤ | ١١ | هۆکاری کۆمەڵایەتی | ٤٤٨ |
| ١٠ | ٦٠– ٦٥ | ١٥٣ | ١٢١ | ٢٦ | ١١ | هۆکاری ئابووری | ٣٨٤ |
| ١١ | ٦٥– ٧٠ | ٥٩ | ٤٣ | ٣ | ٣ | هۆکاری ئاینی | ٠ |
| ١٢ | ٧٠– ٧٥ | ٢ | ٠ | ٢ | ٢ | هۆکارەکانی تر | ٢١٧ |
| ١٣ | ٧٥– ٨٠ | ١ | ١ | ٠ | ٠ | | |
| ١٤ | تەمەنەکانی تر | ٣ | ١ | ٥ | ٦ | | |
| **کۆی گشتی** | | ٢٠,٢٧٥ | ٢٠,٢٧٥ | ٢,٨١٠ | ٢,٨١٠ | | ٢,٨١٠ |

+++

[١] ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچە هەولێر،٢٠١١/١/١ تاکو ٢٠١١/١٢/٣١ .

**تەواوی ووردەکاری مارەبڕینو تەڵاق لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٦ دا بەمجۆرەیە:** [١]

| ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ٢٠١٦/١/٢ تاکو ٢٠١٦/١٢/٣١ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | چەشنەکانی تەمەن | مارەبڕین | | تەڵاق و لێکجیابوونەوە | | هۆکارەکانی دەبنە هۆی تەڵاق و لێکجیابوونەوە | ژمارە |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| | لە ١٥ کەمتر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | نەگونجان لەگەڵ یەکتر | ٨٩٩ |
| ١ | ١٥ – ٢٠ | ٣٢٤٨ | ٤٠٨٤ | ٤٣٦ | ٥٠٤ | جیاوازی تەمەن | ٥٨ |
| ٢ | ٢٠ – ٢٥ | ٣٦٥٥ | ٣٤٣٢ | ٦٢١ | ٦٤٤ | هۆکاری نەزۆکی | ١٥ |
| ٣ | ٢٥ – ٣٠ | ٣٢٦٧ | ٣٠٣٤ | ٥٤٤ | ٤٨٤ | داوێن پیسی (خیانە زوجیە) | ٣٣٠ |
| ٤ | ٣٠ – ٣٥ | ٢٧٢٩ | ٢٥١٣ | ٤٠٨ | ٣٦٢ | نەبوونی ماڵی جیا | ٢٤٤ |
| ٥ | ٣٥ – ٤٠ | ١٦٥٣ | ١٦٩٠ | ٢٧١ | ٢٦ | ژن هێنانی دووەم | ٥٤ |
| ٦ | ٤٠ – ٤٥ | ١٠٨١ | ١٠٣٠ | ١٨٧ | ٢٠٣ | تەکنەلۆجیای سەردەم (مۆبایل–انترنت) | ١٨٦ |
| ٧ | ٤٥ – ٥٠ | ١١٥ | ١٠٤ | ١٠٠ | ١٠٥ | تووش بوونی یەکێکیان بەنەخۆشی | ٢١ |
| ٨ | ٥٠ – ٥٥ | ١٤ | ٢٣ | ٥٠ | ٥٩ | هۆکاری کۆمەڵایەتی | ٢٧٦ |
| ٩ | ٥٥ – ٦٠ | ١٣ | ٧ | ٢٩ | ٣٠ | هۆکاری ئابووری | ٢٨٩ |
| ١٠ | ٦٠ و زیاتر | ٦٥ | ٢١ | ١٩ | ١٢ | هۆکاری ئاینی | ٠ |
| ١١ | | | | | | هۆکارەکانی تر | ٢٩٣ |
| | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | ١٥,٩٤٠ | ١٥,٩٤٠ | ٢,٦٦٥ | ٢,٦٦٥ | | ٢,٦٦٥ |

+++

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

[١] ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچە هەولێر، ٢٠١١/١/٢ تاکو ٢٠١٦/١٢/٣١ .

بــه پێــی ئامــاری دادگــای بــاری کەســی لــه ســەرۆکایەتی دادگــای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، دەبیـنین لەمیانـەی سـاڵی ٢٠١١ دا زۆرتـرین رێژەی مارەبڕینو تەڵاقو لێکجیابوونەوە لەو چینەی کۆمەڵگایە کە تەمـەنیان لە نێوان (٢٠ – ٢٥)ساڵیدایە.

بـەپێی بەدواداچـوونمانو بـە پێـی (ئامـاری دادگـای بـاری کەسـی لـە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر)یش، کـە سـاڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢ مان وەك نمونە وەرگرت، بۆمان دەرکەوت کە هۆکارەکانی دەبنـە هـۆی تەڵاق زۆرترینی نەگونجانە لەگەڵ یەکترو هۆکارەکان بە پێـی ریزبەنـدیان کـە لەنێو کۆمەڵگای ئێمـە بوونەتـە هـۆی کۆتـایی هێنـان بـە ژیـانی هاوسـەرێتی بــریتین لــە:" نــەگونجان لەگــەڵ یــەکتر، نــەبوونی مــاڵی جیــا، هۆکــاری کۆمەڵایەتی، داوێن پیسی (خیانة زوجیـة)، هۆکـاری ئـابووری، تەکنـەلۆجیای سـەردەم (مۆبایـل– ئینتـەرنێت)، هۆکارەکـانی دیکـە، جیـاوازی تەمـەن، ژن هێنـانی دووەم، هۆکـاری نـەزۆکی، تـووش بـوونی یـەکێکیان بـە نەخۆشـی، هۆکاری ئاینی"یە.

- **یەکێك لەو هۆکارانەی کــە جیابوونــەوەی زۆر کــردووە گــۆڕانی دابو نــەریتو کەلتورەکانە.**

– جاران ئەگەر کێشە لە نێوان هاوسەرەکان دروست بوایە ئەوا دایـكو بـاوك نەیاندەهێشــت گــەورەبێت، ژنو مێردەکــە لەبــەر فۆرمــە کۆمەڵایەتیــەکان نەیاندەهێشت جیابوونەوە روو بدات. بـە هـەر چۆنێك بوایـە لـەپێناوی دابو نەریتدا قبوولی هەموو گرفتەکانیان دەکردو روویان نـەدەکردە جیابوونـەوە، بـەڵام ئـەمڕۆ بەپێچـەوانەیە دایـكو باوکـەکان رۆلیـان کەمبۆتـەوە یـان هـیچ رۆلێکیـان نـەماوە نـە لـە دەسـت نیشـان کردنـی هاوسـەرو نـە لـە روودانـی کارەساتی جیابوونەوە، بەڵکو دایكو باوك تـەنیا رۆلـی ئاسـانکاری دەبیـننو

ناتوانن بڕیار بدەن، هاوسەرەکانیش بە گشتی لە کاتی هەر ڕوودانێکدا بیر لە جیابوونەوە دەکەنەوە.[١]

زۆر لە چالاکوانانی ئافرەتانیش ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە بەرز بوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە، هەندێکیان دەیگێڕنەوە کە ئێستا ئافرەتان زانیاریان سەبارەت بە مافەکانیان هەیەو کاتێك ڕوو بەڕووی گرفت دەبنەوە ڕاستەوخۆ داوای جیابوونەوە دەکەن.

ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین لە ئاماری دادگای باری کەسی هەولێر لە کۆی (١٤٨٦) حاڵەتی جیابوونەوە (٥٣٠) حاڵەتیان داوای جیابوونەوە بووە لە لایەن ژنەکانەوە دژی مێردەکانیانیانەوە بەرز کراوەتەوە. بەڵام ئەوە ژمارەیەکە لەوساڵەداو مەرج نیە هەردەم وابێت.[٢]

**نمونە:**

**کوردستان" چیرۆکی ئەو ئافرەتەی لەسەر نوکەی مۆبایل تەڵاق درا"**

چیرۆکی شنۆ لێرەوە دەست پێ دەکاتو دەڵێت:" دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر داوام لە مێردەکەم دەکرد مۆبایلێکم بۆ بکڕێ بە گوێی نە دەکردم، بەڵام ڕۆژێکیان بڕیاریدا کە بۆم بکڕێت، پاش ماوەیەك کە ئێوارەیەکیان خەریکی ئامادە کردنی خوانی ئێوارەبووم مۆبایلەکەم زەنگێك لێیداو داخرایەوە هاوسەرەکەم پەلاماری مۆبایلەکەمی داو گوتی ئەم ژمارە نەناسراوە کێ بوو؟ منیش زۆر بە سادەیی وتم نازانم پاش کەمێك پەیوەندی کردەوە بە ژمارەکەوە کە زانی دەنگی پیاوە هیچی نەوتو مۆبایلەکەی

---

[١] تەڵاق... بەراوردکاریەکی ڕێژەیی لە نێوان کوردستانو وڵاتانی عەرەبیدا، ئا: ئاری بەختیار– هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل ٧١.

[٢] تەڵاق... بەراوردکاریەکی ڕێژەیی لە نێوان کوردستانو وڵاتانی عەرەبیدا، ئا: ئاری بەختیار– هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل ٧٢.

داخستەوەو چەند قسـەیەکی ناشـرینی پێـوتم منـیش بڕیارمـدا بچـمەوە مـاڵی باوکم.[1]

شنۆ بە متمانەی زۆرەوە دەچێتەوە ماڵی باوکیو پشگیری لـێ دەکـەنو دەڵێن ئێمە متمانەی تەواومان بە کچی خۆمان هەیە بۆیە لـەمڕۆوە شـنۆ وەك جاران کچی خۆمانە. دواتر هاوسەرەکەی شنۆ داواکەی دەخاتە بەر دادگا بـۆ بڕیاردانی جیابوونەوەی لە شـنۆ بـە تووڕەییـەکی زۆرەوە خـۆی شـلەژاندوەو دەڵێت من ژنێکم ناوێ پیاوی خەڵکی نوکەی بۆ بکاتو کاتی خۆی پێ بەسەر بەرێت. شنۆش بەوپەڕی متمانـەوە لـە دادگـا راوەسـتاوەو چـاوەڕێی بڕیـاری دادوەر دەکاتو چاوەڕوانی بڕیاری دادگایە. چونکە هیچ هەڵەیەکی نـەکردبوو کە شایەنی ئەم جیابوونەوەیە بێت.

لەرووی یاسـاییەوە هـەموو مافێـك دەدرێـت بـە شـنۆ، چـونکە داواکـاری تەڵاقەکە لەلایەن مێردەکەیەوە بووەو هـیچ کـارێکی وەهاشـی نـەکردووە کـە شایەنی جیابوونەوەبێت.

رووداوی بەسەرهاتەکانی ئەم چیرۆکە راستینو ئـەوەی گرنگـە پێویسـتە کۆمەڵگا چیتر بە چاوی خراپ تەماشای ئەو ژنانە نەکات کە کۆتایی بە ژیـانی هاوسەریان هاتوە بەهۆی جیابوونەوە، چونکە زۆربەی ئەو ژنانە لـە ئـەنجامی مەینــەتیو ناخۆشــی وەك ئــەم بەســەرهاتە جیادەبنــەوە، بــەڵام وشــە بریندارەکانی نێو کۆمەڵگا کە دەڵێن (تەڵاق دراوە) بە چاوی خراپ تەماشـای دەکەن وا لە ژنانەکە دەکات متمانەی بەخۆی کەم بێتەوە لە کاتێکـدا بـەپێی شەرعو قانوون چـۆن گرێبەسـت دانـراوە بـۆ هاوسـەرگیری، لـە هـەمان کاتـدا گرێبەستێك هەیە بـۆ جیابونـەوە لـە یـەکتری، بۆیـە دەبێـت شـتێکی ئاسـایی بێتو چیتر بە چاوی خراپ تەماشا نەکرێن.

---

[1] فەرمانبەرانی یاسایی، ٢٠١٣/٨/٣٠، www.facebook.com/pages.

**بەکورتی**

- **پوختەی ڕێکارەکانی هەندێك داوای کۆتایی پێهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری:** [1]

**هەنگاوی یەکەم:** سکالایەکی (عەریزە) داواکردن، کە تێیدا داوای لێکجیابوونەوەو هۆیەکانی روونکرابێتەوە پێشکەش دەکرێت.

**هەنگاوی دووەم:** بەڵگە نامە هاوپێچەکان: گرێبەستی هاوسەرگیری، راپۆرتی پزیشکی کە حاڵەتی بوونی لێدان یان نەخۆشی، وەك هۆی لێکجیابوونەوە بسەلمێنێت.

**هەنگاوی سێیەم:** بوونی شاهێد بۆ سەلماندنی ناکۆکی نێوان دوو هاوسەرەکە.

++++

- **پوختەی ئەو هەنگاوانەی بۆ لێکجیابوونەوە پێویستە ئەگەر تەلاقدانەکە لە دەرەوەی دادگا روویدابێت:**

**هەنگاوی یەکەم:** سکالایەکی داواکردن، کە تێیدا بابەتی داواکە، بریتییە لە پەسەند کردنی تەلاقدانی دەرەوەی دادگا لەخۆوە بگرێت.

**هەنگاوی دووەم:** هاوپێچ کردنی کۆپییەك لە گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ داوا کردنەکە.

**هەنگاوی سێیەم:** بوونی شاهێد بۆ سەلماندنی حاڵەتی روودانی تەلاقەکەو مەرجەکانی لەکاتی تەلاقدانەکە ئامادە بووبن، یاخود هەر بەڵگەیەکی تری سەلماندن.

++++

[1] توندوتیژی خێزانی– تێروانینو چارەسەر، توێژەری کۆمەڵایەتی عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان، چاپی یەکەم/ ٢٠١٢، پاشکۆی کتێب، تەلاقو لێکجیابوونەوە، لاپەڕەکانی ١٤٠– ١٤٢و لاپەڕە ١٤٥و ١٥١.

## ▪ پوختەی چۆنێتی داواکردنی کەلوپەلی هاوسەرێتی لە لایەن ئافرەتی تەڵاقدراو:

**هەنگاوی یەکەم:** ئەم داوایە لەبەردەم دادگای بەرایی بەرز دەکرێتەوە، کە تێیدا ژنەکە داوای دەستکەوتنی کەلوپەلی نێو مەنزڵگەی هاوسەرێتی دەکات.

**هەنگاوی دووەم:** لەگەڵ داواکە کۆپیەك لە بڕیاری تەڵاقدانو ئەو گرێبەستو پسولانەی کە خاوەندارێتی هەندێ کەلوپەلەکان یان کڕینیان لە لایەن ژنەکەوە دەسەلمێنێت، هاوپێچ دەکرێت.

**هەنگاوی سێیەم:** بوونی شاهێد بۆ سەلماندنی کەلوپەلەکانی نێو مەنزڵگای هاوسەرێتی.

++++

## ▪ پوختەی رێکارەکانی داواکردنی دایەنگەیی دایك (تەڵاقدراو) بۆ منداڵەکانی:

**هەنگاوی یەکەم:** سکالایەکی داواکردن کە تێیدا داوای داینگەیی دەکرێتو ئاراستەی دادگای باری کەسێتی دەکرێت، لەگەڵ دیاری کردنی هۆیەکانی لەدەستدانی کەسی داینگەکار بۆ مەرجەکانی داینگەیی.

**هەنگاوی دووەم:** کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیریو بڕیاری لێکجیابوونەوە لەگەڵ عەریزەکەدا هاوپێچ دەکرێن.

**هەنگاوی سێیەم:** بوونی شاهێد بۆ سەلماندنی بوونی منداڵ لە لای کەسی داینگەکار، هەروەها بۆ سەلماندنی نالێهاتوویی کەسی داینگەکار بۆ داینگەیی.

++++

- **پوختــەی روونکردنــەوەی رێکارەکــانی ســەلماندنی رەچــەلەك کــە منداڵەکە لەو ژنە ( تەلاقدرا )ەیە :**

**هەنگاوی یەکەم:** سکالایەکی داواکردن پێشکەشی دادگای باری کەسێتی بکرێــت، کــە تێیــدا هاوســەرە داواکارەکــە داوای ســەلماندنی رەچــەلەکی منداڵەکانی لە پیاوەکەی (داوالێکراو) بکات.

**هەنگاوی دووەم:** کۆپیەك لە گرێبەستی هاوسەرگیریو راپۆرتی پزیشکی کەوا گەڕانەوەی رەچەڵەکی منداڵەکانی بۆ کەسی داوالێکراو بسەلمێنێت، لەگەڵ سکالای داوا هاوپێچ دەکرێت.

**هەنگاوی سێیەم:** لەحاڵەتی نەبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری رێکارەکان بریتی دەبن لە:

- پێشکەشکردنی سکالایەك، کە کەسی داواکار تیایدا داوای سەلماندنی گەڕانەوەی رەچەڵەکی منداڵەکانی بۆ کەسی داوالێکراو دەکات.
- بوونی شاهێد بۆ سەلماندنی داواکاریەکە.
- راپۆرتی پزیشکی (DNA) گەڕانەوەی رەچەڵەکی منداڵەکان بۆ باوکیان دیاری دەکات.

++++

## بەشی سێیەم:

**باسی یەکەم/ گـرنگترین بەربەسـتەکان و هۆکـاری تـەڵاق و لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان**

**باســی دووەم/ گــرنگترین چارەســەری بــۆ کەمکردنــەوەو نەهێشتنی تەڵاق و لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان**

## بەشی سێیەم:
## باسی یەکەم/ گرنگترین بەربەستەکان و هۆکاری تەلاق و لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان

لە رابردوودا کۆمەڵگامان لەو جۆرە خێزانانە بوون کە هەمیشە مافیان بەخۆیان داوە دەست لە ژیانی ئەوانی تر وەربدەن. بە بەراورد بە رۆژگاری ئێستا ژنان زۆر کەمتر کاری دەرەوەیماڵیان هەبووە، زۆرتر کاتە بەتاڵەکانیان لەگەڵ ژنانی دیکەی گەڕەکدا بەشێوەی گروپ بەسەر دەبرد.

جاران ئەگەر کێشە لە نێوان هاوسەرەکان دروست بوایە ئەوا دایكو باوك نەیاندەهێشت گەورەبێت، ژنو مێردەکە لەبەر فۆرمە کۆمەڵایەتیەکان نەیاندەهێشت جیابوونەوە روو بدات. بە هەر چۆنێك بوایە لەپێناو دابو نەریتدا قبوولی هەموو گرفتەکانیان دەکردو روویان نە دەکردە جیابوونەوە.

بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە دایكو باوکەکان رۆلیان کەمبۆتەوە یان هیچ رۆلێکیان نەماوە، نە لە دەست نیشان کردنی هاوسەرو نە لە رووداني کارەساتی جیابوونەوە. بەڵکو بەشێکی دایكو باوکەکان تەنیا رۆلی ئاسانکاری دەبینن و ناتوانن بڕیار بدەن، هاوسەرەکانیش بە گشتی لە کاتی هەر رووداوێکدا بیر لە لەیەکتر جیابوونەوە دەکەنەوە. [١]

بۆیە یەکێك لەو هۆکارانەی کە جیابوونەوەی زۆر کردووە گۆڕانی دابو نەریتو کەلتورەکانە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاق و لێکجیابوونەوە بوەتە

---

[١] تەلاق... بەراوردکاریەکی ڕێژەیی لە نێوان کوردستانو وڵاتانی عەرەبیدا، ئا: ئاری بەختیار– هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل ٧١.

یەکێك لە ترسناکترین کێشەکانی نێو کۆمەڵگای باشووری کوردستانو کیانی خێزان لە بنەڕەتەوە هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیانو ژینگەو دەوروبەری خێزانەکانو باری کۆمەڵایەتی خەڵکدا دێت دەبینین ئێستا زیاتر لە رابردوو هۆیەکانی جیابوونەوەو تەڵاق زیاتر بوون. دادگاکان پڕبوون لە کێشەو ڕێژەیەکی زۆر لە کێشەکان تەڵاقی لێ دەکەوێتەوە. لەم ساڵانەی دواتریش ڕێژەی تەڵاق زیاتر بووە بە بەراورد کردنی لەگەڵ ساڵانی پێشوو تر، بووەتە یەکێك لە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە.

توندوتیژیەکان چ توندوتیژی خێزانیو دەوروبەرو جەستەیی بێت یان دەروونی، هەندێکیان هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی هاوسەرانە. بە تایبەتی توندوتیژی دەروونی کە زۆر دژوارترە.

زۆر جاران خێزانەکان بەو جۆرە پرسیارانە بێزار دەبن کە نایانەوێت لێیان بکرێتو لە لایەن کەسانی تر روو بەڕووی دەبنەوە، وەك:" بۆچی شوو ناکات؟ بۆچی ژن ناهێنێت؟ بۆچی منداڵیان نابێت؟ بۆچی جیا نابنەوە؟ بۆ جیابوونەتەوە؟ بەچی ئەم خانووەی کڕی؟ بەچی گەیشتە ئەو پۆستە؟ فلان بەچی قەڵەو بووە؟ فلان بۆ قەڵەو نابێت ئەڵێی نانیان نیە بیخۆن؟ زۆر سەیرە هەر ڕۆژەی ئۆتۆمبێلێکی پێیە!، ئەبێت چەندە پارەی دانراوی هەبێت وا ئەم هەموو موڵکەی هەیە؟، ماوەیەکە دەرناکەوێت؟ دەبێت خەریکی چی بێت؟ عەیب ناکات ئەو جلکانە لەبەر دەکات؟ بۆ بەڕۆژوو نابێت، لەوە گەورەتر دەبێت؟ بۆ ماوەیەکە جلکی رەشی لەبەردایە؟)

ئەگەر هەریەك لە: پەرۆشی (الغـیرة)، درۆ، توندوتیـژی، دەسـتێوەردانی کەسوکار، خۆویستی، رەزیلی، وەڕسبوونو تەمبەڵیو دڵپیسی گرنگتیرن ئـەو هۆکارانەبن کە دەبنـە هـۆی تێکدانی پەیوەنـدی هاوسـەرێتی، ئـەوا هۆکـاری تریش هەن.

ئەو هۆکارانەی لەلایەن دادگاکـانی باشـووری کوردسـتان وەك گـرنگترین هۆکارەکانی تەڵاقو لێکجیابوونەوە دیاریکراون بـریتین لە:"نـەگونجان لەگـەڵ یـەکتر، جیـاوازی تەمـەن، هۆکـاری نـەزۆکی، داوێـن پیسـی (خیانـة زوجیـة)، نـەبوونی مـاڵی جیـا، ژن هێنـانی دووەم، تەکنـەلۆجیای سـەردەم (مۆبایـل– ئینتـەرنێت)، تـووش بـوونی یـەکێکیان بـە نەخۆشـی، هۆکـاری کۆمەڵایـەتی، هۆکاری ئابووری، هۆکاری ئاینیو هۆکارەکانی تر."

بەپێی بەدواداچوونەکان بۆمـان دەرکـەوت کـە ئـەو هۆکارانـەی بوونەتـە هۆی تەڵاقو لێکجیابوونەوە بەشی زۆری نەگونجانە لەگەڵ یەکتر. هۆکارەکان بە پێی ریزبەندیان کە لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی کۆتـایی هێنـان بـە ژیانی هاوسەرێتی بریتین لە:"نـەگونجان لەگـەڵ یـەکتر، نـەبوونی مـاڵی جیـا، هۆکـاری کۆمەڵایـەتی، داوێـن پیسـی (خیانـە زوجیـە)، هۆکـاری ئـابووری، تەکنـەلۆجیای سـەردەم (مۆبایـل– ئینتـەرنێت)، هۆکارەکـانی تـر، جیـاوازی تەمەن، ژن هێنانی دووەم، هۆکاری نەزۆکی(نەبوونی توانـای منـداڵ)، تـووش بوونی یەکێکیان بە نەخۆشی، هۆکاری ئاینی".[1]

---

[1] ئامـاری تایبـەت بـە دادگـای بـاری کەسـی لـە سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچـوونەوەی ناوچـە هەولێر،٢٠١١/١/١ تاکو ٢٠١١/١٢/٣١و ٢٠١٢/١/١ تاکو ٢٠١٢/١٢/٣١.

بـۆ ووردەکـاری زیـاتر بڕوانـە ئـەم خشـتـەی خـوارەوە، کـە ریزبەنـدی هۆکارەکانی تەڵاق و لێکجیابوونەوەی بە پێـی زۆری ئـەو هۆکارانـەی بوونەتـە مایەی تەڵاق و لێکجیابوونەوە ریز کراون، کە بەمجۆرەیە: [١]

| | هۆیەکانی تەڵاق و لێکجیابوونەوە لە شاری هەولێر، بە نمونە: | ساڵی ٢٠١١ | ساڵی ٢٠١٢ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نەگونجان لەگەڵ یەکتر | ٥٢٩ | ٦٤٤ | ١,١٧٣ |
| ٢ | نەبوونی ماڵی جیا | ٣٠٨ | ٣٤١ | ٦٤٩ |
| ٣ | هۆکاری کۆمەڵایەتی | ١٩٧ | ٤٤٨ | ٦٤٥ |
| ٤ | داوێن پیسی (خیانة زوجیة) | ٢٤٦ | ٣٠٢ | ٥٤٨ |
| ٥ | هۆکاری ئابووری | ١١٧ | ٣٨٤ | ٥٠١ |
| ٦ | تەکنەلۆجیای سەردەم(مۆبایل-ئینتەرنێت) | ٢١٧ | ٢٣٨ | ٤٥٥ |
| ٧ | هۆکارەکانی تر | ٧٦ | ٢١٧ | ٢٩٣ |
| ٨ | جیاوازی تەمەن | ٥٩ | ١٣٤ | ١٩٣ |
| ٩ | ژن هێنانی دووەم | ٥٢ | ٨٥ | ١٣٧ |
| ١٠ | هۆکاری نەزۆکی | ٧١ | ١٣ | ٨٤ |
| ١١ | تووش بوونی یەکێکیان بە نەخۆشی | ٣١ | ٤ | ٣٥ |
| ١٢ | هۆکاری ئاینی | ٧ | ٠ | ٧ |
| | **کۆی گشتی** | ١,٩١٠ | ٢,٨١٠ | ٤,٧٢٠ |

بـە پێـی ئامـاری دادگـای بـاری کەسـی لـە سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، دەبینین لەمیانەی ساڵی ٢٠١١و ساڵی ٢٠١٢ دا زۆرترین رێژەی مارەبڕینو تـەڵاقو لێکجیابوونـەوە لـەو چینەی کۆمـەڵگادا بووە کە تەمەنیان لە نێوان (٢٠ – ٢٥) ساڵیدایە.

هۆکاری بەشی زۆری جیابوونەوەکان "نەگونجان لەگـەڵ یـەکتر" بـووە. ئەمەش ئاماژەو زەنگێکی مەترسیدارە کەوا زۆربـەی ئـەو هاوسـەرگیریانە بـە

[١] ئامـاری تایبـەت بـە دادگـای بـاری کەسـی لـە سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچـوونەوەی ناوچـە هەولێر،٢٠١١/١/١ تاکو ٢٠١١/١٢/٣١و ٢٠١٢/١/١ تاکو ٢٠١٢/١٢/٣١.

لێکجیابوونەوە کۆتاییان پێهاتووە کە لە تەمـەنێکی بچووکدا زەواج دەکـەن، کە ئێستا ئەمە بووە بە دیاریدەو حاڵەتی تێپەڕاندووە.

لــە رۆژگــاری ئــەمڕۆدا، بــە بــەراورد بــەرابردوو هۆکارەکــانی تــەڵاق گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. بـەرز بوونـەوەی رێـژەی جیابوونـەوە هۆکـاری زۆرە لەوانە "نەگونجانی نێوان هاوسەرەکان" پلەی یەکەمی لە جیابوونەوەی نێوان هاوسەران هەیە، بەکورتی دەتوانین بەمجۆرە ئاماژەیان پێ بکەین:

١. **نەگونجان لەگەڵ یەکتر**:

نەگونجان چەند فاکتەرێکی جیاواز دەگرێتەوە دەتوانین بۆ چەند خاڵێك ووردی بکەینەوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی نەگونجانـدن گـرفتی کـەمی تەمــەن‌و نــەبوونی متمانــە بەیــەکتری‌و جیــاوازی ئاســتی رۆشــنبیری نێــوان خێزانەکانـەو ئەوانەشـی داوای جیابوونـەوە دەکـەن ئەوانـەن کـە لـە تەمەنـدا بچوکن‌و هیچ ئەزموونێکی ژیانیان نییە.

لێــك تێنەگەیشــتنی بەشــێك لــە هاوســەران بــەهۆی پاڵەپەســتۆی خێزانــەکانیان‌و دەروبــەریان یــان بــەهۆی هەســت کــردن بــە تــەنیایی هاوسـەرگیرییە. دوای ماوەیـەك بۆیـان دەردەکـەوێت لەگـەڵ هاوسـەرەکەیان دووچاری لێك تێنەگەیشتن دەبن‌و بە یەکەوە ناگونجێن.

یەکێك لەو هۆکارانەی ئەمڕۆ زۆر تەشەنەی کردووە دەبینین پیاوو ژنەکە لێك تێگەیشتنیان بۆ یەکتری کەم بووەتەوە. لەسەر سادەترین شت کێشـەی گەورە دروست دەکەن کە رەنگە کۆتاییەکەی بەماڵئـاوایی کـردن لەیـەکتری، کۆتایی پێ بێت.

لـە دەسـتدانی پەیوەنـدی زۆربـەی ئەوانـەی جیابوونەتـەوە دەڵـێن کـە هەرگیز لە کاتی شەڕو ناکۆکیدا گوێیان لە هاوسەرەکەیان نەگرتووو گرنگیـان

پیێ نەداوە. پەیوەندی نێوان هاوسەران زۆر گرنگەو ئەگەر نەتوانن گویێ لە یەکتر بگرن، ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

٢. **نەبوونی ماڵی جیا**:

بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانو هێنانی خەڵکێکی زۆر لە شوێنەکانی تر بۆ باشووری کورستان لەسەر حیسابی خەڵکی هەژارو بیێ دەرەتانی ئەم هەرێمە، ئەمەش کێشەی نیشتەجێبوونی بەدوای خۆیدا هێناوە. لە لایەکی تریش کەمی داهات کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی خێزانەکان دروست کردووە بەوەی لە شاری خۆیان کرێچی خەڵکی بیانیین. بازرگانو بەلێندەر(مقاول)ەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بازاڕ دەسووڕێننو دەست دەگرن بەسەر بازاڕو زەویو نرخی خانوودا. بیێ ئەوەی گویێ بدەنە ئەوەی کێشە بۆ هاوڵاتیەکانیان دروست دەکەن. وەك ئەوەی دەبینین دووەمین هۆکاری تەڵاق بەهۆی نەبوونی ماڵی جیا دروست تر بلێین کێشەی نیشتەجێبوونو گرفتی ترەوەیە. چونکە ئەگەر گەنج توانای ئەوەی هەبێت لە ماڵی جیابژییێت هێندەش روو بەڕووی کێشەو ئاژاوە نابێتەوە.

٣. **هۆکاری کۆمەڵایەتی**:

رەنگە کۆمەڵگەی ئێمە یەکێك بێت لەو کۆمەڵگایانەی لە ژیانو ئازادییە تاکییەکاندا زۆرترین دەستێوەردانی تێدا دەکرێت. زۆربەی دەست تێوەردانەکان لەلایەن کەسوکارو دەورووبەر روودەدات. بۆ هەر دەستێوەردانێك پاساوی خۆیان دەهێننەوە یەکێك بەناوی دڵسۆزی، ئەوی دی بەناوی حەرامو حەڵاڵ، یەکێکی تر بەناوی هاوڕێییەتی، یەکێك دۆستایەتی، خزمایەتی، حزبایەتی، کوردایەتی و... هتد.

ئــەم دەســتێوەردانانە لــە خێزانــەوە گواســتراوەتەوە نێــو ئۆرگانــە کۆمەڵایەتیەکانی تریش، بەنموونە: لە فەرمانگەو قوتابخانەو ڕێکخراوەکانیشدا بە ڕێکخراوە سیاسییەکانیش رەنگی داوەتـەوەو بۆتـە سـیمایەکی ناشـیرینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.

بەجۆرێك دەستێوەردان وەك رەفتـارێکی کۆمەڵایـەتی بۆتـە بەشـێك لـە نــەریتی کۆمەڵگــە، بــەڵام پاڵنــەرە دەرونیــەکانی پشــت ئــەم رەفتــارە کۆمەڵایەتییە وەك خۆی خوێندنەوەی بـۆ ناکرێـت، لـە زۆرینـەی حاڵەتەکانـدا نائامادەیە لە هزری تاکەکانـدا. بـەڵام چـۆن "هـیچ دوکـەڵێك بـیَ ئـاگر نییـە" بەوجۆرەش هیچ ڕەفتارێك بیَ پاڵنەر بوونی نییە.

٤. **داوێن پیسی** (<u>خيانة زوجية</u>):

لـە تـەواوی شـارەکانی باشـووری کوردسـتاندا خیانـەتی هاوسـەرگیری تەشەنەی کردووە بەهۆی زۆر بوونی پەیوەندییە سێکسیەکانو ئاسان بـوونی تێکەڵاو بوونی هەردوو رەگەز لە هەموو شـوێنەکاندا. قـەرەبالغ بـوونی شـارو زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان وایکردووە کەسانێك بتوانن پەیوەندی سێکسی ببەستن بەهۆی ئینتەرنێتو باشبوونی گوزەرانو تێکەڵاو بوونی رەگـەزەکان. جگە لەوەی نەگونجان لە رووی سێکسـیەوە رۆڵـی خـۆی بینیـوە کـەوا بکـات هەردوو رەگەز پەیوەندی لەگەڵ کەسی سێیەمدا ببەستێت.

هەروەها بەشێکی جیابوونەوەکان بەهۆی ناپـاکی یـەکێك لـە هاوسـەران روو دەدات، بـەڵام زۆربـەی بۆچـوونەکان پێیـان وایـە کـە ناپـاکی بـە تـەنیا هۆکـاری سـەرەکی جیابوونـەوە نییـە. بـەڵکو نیشـانەی ئەوەیـە کـە ئـەم پەیوەندیە دەمێکە کۆتـایی پـیَ هـاتووە. بـەڵام ناپـاکی یەکێکە لـە هۆکـارە باوەکانی جیابوونەوە.

٥. **هۆكاری ئابووری**:

لایەنی ئابوری بووەتە هۆكارێك لە هۆیەكانی تەڵاقدان، بە تایبەتی ئەو هاوسەرگیریانەی لەسەر بنەمای مادده بنیات دەنرێن. چونكە ژیانی نێوانیان دەكاتە پەیوەندیەكی بەرژەوەندیو پێكەوە ژیانێكی ماددیو دوور لە بنەمای سۆزو خۆشەویستی. لەكاتێكدا پێویستە لە نێوان هاوسەرەكان دا لێك تێگەیشتنو ڕێزو یەكتر ویستن هەبێت.

كاتێك ساردبونەوە لە نێوان ژنو مێردەكە دروست دەبێت كە بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆ ئابوریانەی توشیان بووە. ئەمەش سەردەكێشێت بۆ دروست بوونی چەندین كێشەی وەكو ڕەفتاری خراپ لەلایەن پیاوەكەوە بۆ ژنەكەی، دابین نەكردنی ئەو پێداویستیانەی خێزانەكەیان پێویستی پێیەتی، خۆدزینەوە لە پەستانی ئابوریو كێشەكان.

ئازاردانی دارایی یاخود ئابوری، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە: ناچاركردن بە پاشكۆیی دارایی، ڕێگەنەدان بە بوونی حسابی بانكی تایبەت بەخۆی، ڕێگەنەدان بە چونە حسابی بانكی تایبەت بە خێزانەكە، دابین نەكردنی پارەی پێویست بۆ پێویستیەكانی خێزانەكە، جێ بەجێ نەكردنی مەرجەكانی بەخێوكردن، بردنو تێكشكاندنی كەلوپەل، ڕەتكردنەوەی زانیاری پێدان سەبارەت بە باری دارایی هاوبەش، چاوەڕێی ئەوە بكرێت هەمو دینارێك حسابی بۆبكرێت یاخود چاوەڕیی ئەوە بكرێت زیاتر لەبەهای پارە شتی پێ بكرێت.

نەهاتنەدی چاوەڕوانیەكان، ڕەنگە بەشێك لە هاوسەران وا بیر بكەنەوە كە هاوسەرگیریەكەیان ئەوە نەبووە كە ئەوان چاوەڕوانیان دەكرد. بە تایبەتی ئەگەر كلتورو بۆچونی جیاوازیان هەبێت. زۆرجار بەهۆی كێشەی

دارایی ناکۆکی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بۆ نمونە یەکێك لە هاوسەران رەزیلو ئەوەی تر دەست بڵاو بێت.

### ٦. تەکنەلۆجیای سەردەم (مۆبایل-ئینتەرنێت):[١]

بەهۆی تەکنۆلۆجیای سەردەمەوە دونیای ئەمڕۆ گۆی زەوی بووەتە لادێیەکی بچووك. جاران کاتێك یەکێك بیویستایە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ دەرەوەی وڵاتدا بکات ئەوا دەبوو لە رێگای سەنتەری تەلەفۆنو فاکسەوە بیکردایە وە خەرجییەکی زۆریشی تێدەچوو. بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی جیهانگیریدا بەئاسانترین شێوە لەرێگای مۆبایلو ئەنتەرنێت دەتوانێت راستەوخۆ ئەو کارە بکەیتو بە تێچوونێکی کەمیشی دەوێت.

هاتنە ناوەوەی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان بۆ ژیانی کۆمەڵگەی ئێمە کاریگەری لەسەر کۆی لایەنەکانی ژیانی تاکی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، بەجۆرێك لەئێستادا جەنجاڵی زیاتری بۆ ئەندامانی خێزان دروست کردووە.

سەبارەت بە روودانی تەڵاق هەندێك لە زانایانو توێژەرانی دەروونی ئاماژە بە تەکنۆلۆژیا دەکەن کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی زیادبوونی جیابوونەوەیە لە هەرێمی کوردستان.

هەندێکیش ئاماژە بە دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن کە تەلەفزیۆنە لۆکالیەکان (خۆجێیی یان ئەوانەی پەخشیان لەنێو شارەکاندایە) بڵاوی دەکەنەوە کە کاریگەریەکی نێگەتیڤی هەیەو هۆیەکی راستەوخۆیە بۆ زیاد بوونی جیابوونەوە.

---

[١] پارێزەر/ شوان رفیق حسن، www.facebook.com/pages.

تەکنۆلۆژیا بە هەموو بوارە جیاوازەکانیەوە وەك: ئینتەرنێت بە گشتی، تــۆڕە کۆمەڵایەتیــەکان (فەیســبووك، تویتــەرو..)و مۆبایــلو ســەرجەم ئامێرەکــانی تــری تــەکنۆلۆژیا کاریگــەری زۆریــان هەیــە بــۆ زیــادبوونی جیابوونەوەو هەڵوەشانەوەی خێزانەکان، هەندێك جار پیاوێـك لەبـەر ئـەوەی کە ژمارەیەکی نادیار بۆ ژنەکەی هاتووە لە ژنەکەی جیابۆتەوە.

لـەم ڕۆژگـارە دا ئینتـەرنێت بـە گشـتیو تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان زیـاتر بوونەتە جێی سەرنجی کەسانی دەستێوەردەر. چـاودێری کردنـی ئـەکاونتی تاکەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەك: فەیسبوكو تویتـەر وهتـد... جێگـای بــە دەســتێوەردانە راســتەوخۆکان لێــژ کــردووە. تەنانــەت ڕێکخــراوە سیاسییەکانیش لەڕێی کەسـانی تایبـەتی خۆیانـەوە چـاودێری بیروبۆچـوونو وێنەو دەنگوباسی ئەوانی دیکە دەکەن.

لای کەسـانێك دەسـتێوەردانی ئەلـەکترۆنی بۆتــە گرفتێکــی دەروونــیو بەردەوام لەشێوەی دەستدرێژی ئەلەکترۆنیدا هەوڵی هـاککردنی ئەکاونتـەکان دەدەن بۆ ئەوەی بگەنە نهێنی ئەوانی تـر کـە هـیچ پەیوەندییـەکی بەوانـەوە نییە.

هەندێکی تریش لەڕێی مۆبایلـەوە کـار لەسـەر دەست تێوەردانـە ژیـانی ئەوانی تر دەکەنو نامەو زەنگی ناوەخـت دەنێـرن بـۆ کچـێك یـان ژنێـكو لـە ئەنجامدا دووچاری گرفتی دەکەن.

یـان بـەهۆی گرتـە ڤیـدیۆکانی مۆبایـل گـەورەترین کێشـە روو بـەڕووی خێزانـەکان دەبێتـەوە، کـە لـەماوەی چـەند دەقەیـەك دا لـە هـەموو وڵاتـدا بڵاودەبێتەوە. ئێستاش خێزانەکان لەبەردەم مەترسی ئەم ئامێرەدانو ڕۆژانە چــەندین داوای تــەڵاقو لێکجیابوونــەوە لــەدادگاکانی هــەرێمی کوردســتاندا

تۆماردەكرێن. لە كاتێكدا ژن یان پیاوێك لە ڕێگای مۆبایل یاخود ئینتەرنێت بەدزی خێزانەكەی دەكەوێتە پەیوەندیەوە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی كێشەو ناكۆكی لە نێوان ئەم ژنو مێردە كە لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی گرتەی ڤیدیۆیی پەیوەندیەكەیان ئاشكرا دەبێت. كە ئەمەش زۆرجار كارەساتی ناخۆشی وەك كوشتنو هەڵوەشاندنەوەی خێزانو خۆسوتاندنو جیابوونەوەی لێ دەكەوێتەوە بە شێوەیەك ئێستا ئەم جۆرە داوایە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵكشان دەچێت.

٧. **هۆكارەكانی دیكە**:

- ئەمەش چەندین بوار دەگرێتەوە، وەك: جێبەجێ نەكردنی ئەركی سەرجێییو هتد...

- هەندێكجار منداڵان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ناكۆیەكانی نێوان دایكانو باوكان، چونكە ناتوانن سەبارەت بەو بڕیارانەی كە بۆ منداڵەكانیان دەیدەن بە یەك بگەن. یەكێك لەوان هەست بەوە دەكات كە لایەنی بەرامبەر دەیەوێ دەسەڵاتەكەی لاواز بكاتو ناكۆكی لێ دەكەوێتەوە.

- هەڵەكردن لە هەڵبژاردنی هاوسەر، چ لە لایەن ئافرەتەكەوە بێت یان پیاوەكە. لە كاتی خوازبێنی پیاوەكە پرسیار ناكات لە بارەی ئافرەتەكەو ئافرەتیش كاتێك پرسیار ناكات سەبارەت بە خوو ڕەوشتی پیاوەكە. هەرچەندە تا ئێستاپرسیار كردن لەنێو كۆمەڵگای كوردیدا باوە، بەڵام لە حاڵی ئێستادا بە پێی شوێنەكان كەمتر بووەتەوە.

- چاولێكەری یان سەیر كردنی حالی كەسێكو بەراورد كردنی بە حالی خۆی. ئەمە لەلایەن ئافرەت بێت یان پیاوەكە، بۆ نمونە: سەیر كردنی ئافرەتەكە بە

کەسێك کە لە خۆی دەوڵەمەند ترەو حاڵی باشترە. ئەوەی کە هەیەتی قەناعەتی پێی نییە.

٨. **جیاوازی تەمەن**:

ئەم کێشانەش تەنها لە چینە هەژارەکان یان مامناوەندیەکاندا ڕوو نادات، بەڵکو لە نێو چینە ئاست بەرزو دەوڵەمەندەکانیش زۆرە. چونکە ژن‌و پیاو لەم چینەدا لەسەر ماددەو پارە بچوکترین ناکۆکی دروست دەکەن. هۆی پاڵنەری ئابوریە وا دەکات زۆر لە کچان شوو بە پیاوێك بکەن لەخۆیان گەورەتر بێت، کە ئەمەش لەپێناوی پارەو سامانەکەیەتی. چونکە ئەو گەنجەی لە تەمەنی خۆیەتی توانای ماددی لاوازەو هەموو خەونە ماددیەکانی بۆ ناهێنێتە دی، بەڵام بەداخەوە پاشەڕۆژی زۆر لەو هاوسەرگیریانە هەڵوەشانەوەیە.

هەندێ جاریش دەبینین کوڕێکی گەنج ئافرەتێك لەتەمەنی خۆی گەورەتر دێنێت بەهۆی ئەو موڵك‌و سامانەی ژنەکە هەیەتی، زۆربەی ئەم هاوسەرێتیەش لەکۆتاییدا هەڵدەوەشێتەوە بەهۆی نەبونی هاوکێشەیی لە فیکرو ئاستی بیرکردنەوەو جیاوازیەکی گەورە لە تەمەندا، کە پاش ماوەیەك لە پێکەوەژیان هەستی پێ دەکەن.

٩. **ژن هێنانی دووەم**:

زۆر دەگمەنە ژن ڕازی بێت بەوەی هاوسەرەکەی ژنێکی تر بهێنێت. بەگشتی ژنان لەگەڵ ئەوە نین پیاوەکانیان ژنێکی تر بهێنن، لەکاتی ڕوودانی وەها ڕەوشێك دا کێشەو ئاژاوە ڕوو لەو خێزانە دەکات‌و سەر ئەنجام بۆ کێشەی قولتر یان جیابوونەوە سەر دەکێشێت.

لەگەڵ ئەوەی هێنانی ژنی دووەم بەپێی یاسا ڕێی پێدراوە، بەڵام هۆکارو مەرجو پێوەری تایبەتی بۆ دیاری کراوە. بەڵام لە باشووری کوردستان بە پێی هەمواری یاسای باری کەسێتی هێنانی ژنی دووەم ڕێگری زۆری بۆ دانراوە، ئەگەر لە دادگاکانی هەرێم ڕێگا بە هێنانی ژنی دووەم نەدرێت بەهۆی ڕازی نەبوونی هاوسەری یەکەم یان جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی هێنانی ژنی دووەم، بەڵام ئەمڕۆ لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان زەواج بۆ هێنانی ژنی دووەم دەکرێت.

بەپێی ئامارێکی دادگای کەرکوك، لە ساڵی ٢٠١٣ دا ژمارەی ئەو پیاوانەی لە باشووری کوردستانەوە چوونەتە کەروکوك بۆ مارەکردنی ژنی دووەم (٤٥٠) کەس بوونە. ئەو چوارسەدو پەنجا پیاوە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانییەوە ڕوویان کردۆتە شاری کەرکوكو لە دادگا بە فەرمی گرێبەستی هاوسەرگیریان کردووە.

تەمەنی پیاوەکانیش لەنێوان ٢٥ — ٦٠ ساڵیدا بووەو زۆربەیان جگە لە ڕێگری یاسایی لە هەرێمی کوردستان کێشەی کۆمەڵایەتیو خێزانیشیان لە هێنانی ژنی دووەمدا هەبووە. [1]

ئەگەر پیاوێك ژنی دووەمی هێنا لە حالێکدا سەرپێچی یاسای کرد، ئەوا بە ١٠ ملیۆن دینار غەرامە دەکرێت، بەڵام تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت نەمان بیستووە پیاوێك یان بەرپرسێك لەسەر هێنانی ژنی دووەم سزا درابێت.

---

[1] مەرجەکانی یاسای باری کەێتی بۆ مارەکردنی ژنی دووەم هیچ سودێکی نییە، ٤٥٠ پیاوی شارەکانی هەرێمی کوردستان، ژنی دووەم لە کەرکوك مارە دەکەن، ئا: سلێمان جرجیس، هەفتەنامەی ژیانەوە، ژمارە (٥٨٨)، یەکشەممە ٢٠١٤/١/١٩، ل ١ .

١٠. **هۆكاری نەزۆكی (نەبوونی توانای منداڵ):**

نەبونی توانای منداڵ هێنان یەكێكی ترە لە هۆكارەكانی تەڵاقو رەنگە گەر پارەو ماددە هەبوبێت بتوانرێت كێشەكە چارەسەر بكرێت، بە پەنابردنە بەر پیتاندنی دروستكراو (تلقيح صناعي) یان شتی تر. ئەمەش پارەیەكی زۆری دەوێتو لێرەوەش جارێكی تر باری ئابوری كاریگەری بەهێزی هەیە بۆ بەردەوام بونی ژیانی هەردوو هاوسەرەكە یان جیابونەوەیان لەیەكتر.

١١. **تووش بوونی یەكێكیان بە نەخۆشی:**

زۆر دەگمەن وارێككەوتووە ژن یان پیاوەكە داوای تەڵاق یان جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی بكات، لەكاتی تووشبوونی هاوسەرەكەی بە نەخۆشیەكی درێژخایەن كەهیوای چاكبوونەوەی نەبێت.

ئەگەر لە رابردوودا بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە ئەگەر بگەرێین لەوانەیە دەگمەن بێت نمونەیەكی وامان دەست بكەوێت. بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەمەش وەك جاران نەماوەو بەشێكی هاوسەرەكان بەهۆیەوە لەیەكتر جیادەبنەوە.

١٢. **هۆكاری ئاینی:**

هەرچەند رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی هەندێكیان ئاین وەك بەرپرسیاری كێشەكان دەدەنە ناسین، بەڵام وەك دەبینین ئاین لاوازترین یان دوایترین هۆكارە كە بەهۆیەوە تەڵاقو لێكجیابوونەوە لە باشووری كوردستان رووی دابێت.

بەپێی یاسای باری كەسێتی، بۆ ئافرەت نییە كە هاوسەرگیری لە گەڵ پیاوی دەرەوەی ئاینەكەی خۆی بكات، بۆ ئاینەكانی تریش هەروەها پیاو بۆی نییە هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتێكدا بكات خاوەنی ئاینی ئیسلام یان

یەکێك لە ئاینە ئاسمانیەکانی تر نە بێت. ئێستا ئەگەر ئافرەتێکی موسلمان شو بە پیاوێکی موسلمان بکاتو دوای زەواج پیاوەکە لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە ئەوا پێویستە بەپێی یاسا لە یەکتر جیا ببنەوە. سەبارەت بە دین گۆڕینی ئافرەتو پیاوەکەیش هەروەها پێویستە لە یەکتر جیا ببنەوە (واجب ان یتفرقا).

ئەو هۆکارانەشی دەست نیشان کراونو بونەتە هۆکاری جیابوونەوە باسمان کرد، بەڵام لێرەدا منداڵەکان دەبنە نێچیری ئەو تەڵاقەو دەفەوتێن. لەولاشەوە دایكو باوکیان خۆیان لە بەرپرسیاریێتی دەدزنەوەو دەگەڕێن بەدوای هاوسەرێکی تردا. ژیانی خۆیان دەبەنەسەر بێ بایەخدان بەو کارەساتەی لەپاش خۆیان بۆ منداڵەکانیانو کەس وکاریان جێیان هێشت.

تەڵاق هەمیشە بۆتە کێشەیەك هەڕەشە لە ئارامیو هۆگری هەر خێزانێك بێت دەکات، بۆیە پێویست دەکات لە کاتی دروست بوونی هەر ناکۆکیەك بەدوای چارەسەرو ڕێگەکانی بەختەوەری خێزانی بگەڕێین تاکو ژیانێکی ئاسودەیی دوور لە خاڵی لاوازی بژینو بەرەو ئەو دروشمە هەنگاو بنێین کە بریتیە لە: نەخێر بۆ تەڵاق، بەڵێ بۆ مانەوەو پێکەوەژیان.

## بەشی سێیەم:
## باسی دووەم/ گرنگترین چارەسـەری بـۆ کەمکردنـەوەو نەهێشـتنی تـەڵاقو لێکجیابوونەوە لە باشووری کوردستان

خێزانـی کـوردی هەنـدێکجار دەسـتێوەردانی مەترسـیداری لـەژیانی ئەندامەکانی خۆیدا کردووە بەپاساوی داب‌و نەریت، بۆ نموونە: جاران زیاترو لەئێستاشدا بەشێك لەخێزانەکان دەست وەردەدەن.

بەڵام کاتێك دایك یـان بـاوك ڕێنمـایی کچـێك یـان کـوڕێکی هـەرزەکاریان دەکـەن لـەپێناو پاراسـتنی لـەلادان‌و دوورکەوتنـەوە لـە گرفـت‌و گێچـەڵی جۆراوجـۆر، نابێـت ئـەم ڕەفتارانـەی بـاوان بەدەسـتێوەردان لێـك بدرێتـەوە. بەڵکو دەبێت بەهێمنی تێ بگەیەنرێن کە ئەمە بەشێکە لە ئەرکی باوکایـەتی‌و دایکایەتی ئەوان‌و لەپێناو ئەواندایە.

هەر وەك ئاشکرایە لەلای هەموان کـە خـوای گـەورە مرۆڤـەکانی لـە دوو ڕەگەز دروست کـردوە ڕەگـەزی (نێـر، مـێ) هەڵبەتـە ئاشکراشـە هەڵکەوتـەی هەردوو ڕەگەز جیاوازن لـە ڕوانگـە ی (جەسـتەیی، کـردار، هەسـت، بەرهـەم، مامەڵە)وە. بۆیە زۆر کـات جیـاوازی ئـەم ڕوانگانـە ئـە بنـە هۆکارێـك بـۆ لێـك تێنەگەیشتن‌و ئازار بەخشی.

هەندێك کاتیش بەداخەوە بـە تـەڵاق‌و لێـك جیابوونـەوە کۆتاییـان دێـت، بۆیـە ئـەوەی پێویسـتە لـە سـەر هـەردوو ڕەگـەز بـەردەوام گـەڕان بـەدوای چارەسەرو لێك گەیشتن‌و هۆشیاری بەردەوام تاکو هەمیشە بتوانین لەسـایەی خێزانێکی بەختە وەر دا بژین.

## پێویستە خێزانەکان ئەم خاڵانە بە هێند وەربگرن

بە کورتی دەتوانین هەریەکە لـە (پـەرۆشـی "الغـيرة"، درۆ، توندوتیـژی، دەستێوەردانی کەسو کار، خۆویستی، رەزیلی، وەڕسـبوونو تەمبـەڵی) بـەو هۆکارانە دیاری بکەین کە دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندی هاوسەری.

بۆ زیاتر ئاشنا بوون پێیان ئەمانەمان پـۆلێن کـردووە بەسـەر (ترسـناك، زۆر ترسناك، لەناو بەرو بکوژ)دا.

هەوەها هۆکارەکانمان بە کورتی لە چەند دێرێك دەست نیشان کردووەو بـە هـەمان شـێوە چارەسـەری ئـەو دۆخانـەشمان دیـاری کـردووەو لایـەنی ئابووریش رووێکی تری ئەم بابەتەیە.

هەشت هۆکاری سەرەکی تێکدەری پەیوەندی هاوسەرێتی هەن کـە وەك ڤایرۆس وان، وردەکاریەکان بەمجۆرەیە: [١]

---

[١] تەڵاق... بەراوردکاریەکی رێژەیی لە نێـوان کوردسـتانو وڵاتـانی عەرەبیـدا، ئـا: ئـاری بـەختیار- هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل ٧١.

**یەکەم: پەرۆشی "الغیرة"**

**جۆرەکەی:** لەناو بەر.

**هۆکارەکەی:** ئارەزووی خاوەندارێتی، گومان لەکەسی بەرامبەر، نەمانی قسە لەڕووی یەکترکردن.

**چارەسەری:** ڕێزگرتن لە ئازادییەکانی هاوبەشەکەی تری ژیان، قسەکردنی بەتەواوەتی لە ڕووی یەکترو گفتوگۆی هێمنانەو بابەتیانە، دوورکەوتنەوە لە تیکەڵاوی "ژنو پیاو" بەپیێ ی توانا.

**دووەم: درۆ**

**جۆرەکەی:** بکوژ

**هۆکارەکەی:** ترس، کەمتەرخەمی، هەڵاتن لە ڕووبەڕوو بوونەوە.

**چارەسەری:** تێپەرین لەسەر هەڵە سادەکانی هاوسەران، زانینی ئەرك‌و بەرپرسیاریەتەکانی هەریەکەیان، داننان بەهەڵە بەسادەیی لەکاتی ڕوودانی.

**سێیەم: توندوتیژی**

**جۆرەکەی:** زۆر ترسناك

**هۆکارەکەی:** کەللە ڕەقی‌و بەرەنگاربوونەوە، لاوازی هاوبەشەکەی ترو ناکاملێ.

**چارەسەری:** ئارامگرتن‌و لێبووردەیی‌و ڕازیبوون بە بەشی خۆت، بەزەیی‌و پەیوەندی گیانی بە گیانی لە پەیوەندی هاوسەری، ڕاستگۆیی لە هەموو بارەکان.

## **چوارەم: دەستێوەردانی کەسو کار**

**جۆرەکەی:** زۆر ترسناك

**هۆکارەکەی:** دزەکردنی کیشە خێزانیەکان بۆ دەرەوە، زۆر هاموشۆ کردنی کەسو کارو پێ ڕاگەیاندنی ووردەکارییە تایبەتیەکان بەبێ هۆ.

**چارەسەری:** پارێزگاری کردن لە نهێنیو تایبەتمەندی ژیانی پەیوەندی هاوسەری، نێوەندی لە سەردانیەکان، گرنگی دان بە کارو باری ماڵو خێزان لە پێشینەی کارەکانت بێ.

## **پێنجەم: خۆویستی**

**جۆرەکەی:** ترسناك

**هۆکارەکەی:** خۆشەویستی خۆ، هەست نەکردن بە لێپرسراویەتی.

**چارەسەری:** ڕێزگرتن لە پێویستیو حەزەکانی یەکتر، هاوکاریو بەشداری کردن لە خۆشیو ناخۆشیەکانی یەکتردا.

## **شەشەم: ڕەزیلی**

**جۆرەکەی:** ترسناك

**هۆکارەکەی:** خوێکی خراپ، سیفەتێکی بێزراو.

**چارەسەری:** شوکرو سوپاسی خوای گەورە لەسەر بەخششەکانی، خۆشی بینین لە ڕۆزی حەڵاڵ، باوەڕی تەواو بەوەی مردن هەردەم زۆر نزیکە.

### حەوتەم: وەڕسبوون

**جۆرەکەی:** ترسناک

**هۆکارەکەی:** ڕۆتینی ژیان، ڕەزیلی لە نوێکردنەوەی کاروبارەکانی ڕۆژانە، بەتاڵی.

**چارەسەری:** هەوڵدان بۆ نویێ کردنەوەی سادەترین کارو بار، کەمی گۆڕانو لادانی پۆشاکی نمونەیی بەسوودە، پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان بەکاری بەسوودو بیری نوێگەری.

### هەشتەم: تەمبەڵی

**جۆرەکەی:** ترسناک

**هۆکارەکەی:** دەزگایەکی خۆیی، پشت بەست بە کەسانی تر.

**ڕێگای چارەسەری:** ڕێکخستی ژیانی ڕۆژانە، پشت بە خۆبەستن بە پێی توانا، هەست بە بەر پرسیاریەتی کردن.

## چۆن سەرکەوتوو بین لەبونیادی خێزاندا؟

زەواجو ژن مارەکردن پەیمانێکە لەنێوان هەردوولا، واتە: (ژنو پیاو) پەیمانێکە هەردوولا بەڵێن دەدەن کە مافەکانی یەکتر جێ بەجێ بکەنو کەس مافی ئەوەیتر پێشێل نەکات، بەتایبەت ئەو مافانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە لە پەرتوکە ئاسمانیەکان بە گشتیو لە قورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەر (د.خ) بەتایبەتی. هەروەك پێویستە لەسەر ژنو پیاو کە بگەڕێن بەشوێن ئەو بنەما خێزانیانەی کە دەبنە مایەی بەختەوەریو پتەوکردنی بناغەی خێزان.

بەڵام جێگای داخە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینرێت کچو کوڕ زۆربەی ئەوشتە لاوەکیانەی کە لەم سەردەمەدا باون بۆیان دەچنەپێشو جێبەجێیان دەکەن، بەڵام لەولاوە ئەوەیان لەبیرکردووە یاخود لەبیر کراوە یان بەهۆی ئاگادار نە کردنەوەیان یان بێ ئاگابوونیان لەو کارو فەرمانە سەرەکیانەی کە پێویستن بۆ دانانی بەردی بناغەی خێزانداری، وەك: دابینکردنی لایەنی ماددیو نیشتەجێبوون، ڕێکخستنی خێزان هەنگاوێکەو پێشخستنی پێویستە، هەنگاوێکی گرنگتر کە ئەویش ئاشنابوونە بەو داواکاریە نادیارو مەعنەویانەی کە دەبێت هەردوولا پێکەوە ئاڵوگۆڕیان بکەن.

نابێت ئافرەتەکە یان کەسوکاری لەو روانگەیەوە سەیری پیاو بکەن کە خەزێنەی پارەیە با ئەویش پەیداکەری بژێوی خێزان بێت، بەڵکو دەبێت واسەیر بکرێت کە ئەویش بەهەمان شێوە هەوڵی ژیانەوە پێ گەیەنەرو فێرکەرو ڕێنیشاندەری خێزانەکە یەتی.

نابێت پیاویش لەو روانگەیەوە سەیری ژنەکەی بکات کە تەنها خزمەتکاری خۆییو ماڵ، پاكو خاوێن ڕاگرتنییەتیو بەس، بەڵکو وا سەیری بکات کە خزمەت کردن بەشێکە لە کارەکانی، بەڵکو زیاتر لەوەش کە ئەو دۆستێکی خۆشەویستی هاوسەرەکەیەتیو پێگەیەنەرو مامۆستای منداڵەکانیەتیو ڕێکخەری ماڵەکەیەتیو ئەمین ترین کەسە لە ماڵو سەروەت لەلای بێت.

ژنو پیاو لەوکاتەی کە لەیەکتر حەڵاڵ دەکرێن ئیتر بەرپرسن بەرامبەر جێ بەجێ کردنی مافەکانی یەکترو خۆش گوزەرانی بۆلانەی نوێو داهاتوویان. ئەو پێویستیانەی دێنە گۆڕەپانی خێزانداریش پێویستە جێ بەجێ بکرێن.

## چەند ئامۆژگارییەك بۆ هاوسە ران [1]

بەپێویست دەزانم بەجیا چەند خالێك بۆ ئافرەتانو پیاوان بخە مەڕوو بۆ هەردوو رەگەز، بەجیا کە ئاخۆ پێویستە چی بکەن بەمەبەستی بە ئەنجام گە یاندنو پابەند بون پێیان، لەپێناو خێزانێکی تەندروستو دوور لە ئاژاوەو کێشە. دڵنیام کە هەمیشە لە بەختە وەریدا دە ژین. چەند لایەنێك لە کۆی ٢٠ خالّدا ئەخەینە بیری پیاوانو ١٦ خالّیش ئەخەینە بیری ئافرەتان بە مەبەستی سود لیّ وەرگرتنو بەهێندی وەربگرن.

## یەکەم: لەسەر پیاوان پێویستە پابەندی چە ند رێنماییو خالێك بن:

بەپێویست دەزانم بەجیا چەند خالێك بۆ پیاوان بخە مەڕوو کە پێویستە چی بکەن لە پێناوی خێزانێکی تەندروستو دوور لە کێشە. چونکە خێزان بەهۆی هەڵکەوتەو پێکهاتەکەی جیاوازە لە تۆ، رەنگە جیاوازی هەبێت لە زۆر روانگەوە بۆیە دەتوانیت بەم خالاّنەی لای خوارەوە ئاسانکاری بکە یت بۆ هێنانەدی خێزانێکی بەختە وەر:

١. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە ئافرەتان بەقۆناغەکانی دوگیانیو منالّ بوونو سوڕی مانگانە دا تێپەڕ ئەبن بەردەوام هەولّ بدە هەستی رابگریت لەو کاتانەداو یارمەتی بدەیت.

٢. هەولّی ئەوە مەدە کە بتەوێت وەك خۆت هەڵسوکەوتو مامەلە بکات، چونکە لە تۆ جیاوازترە.

٣. خامۆشی مەکەو هەولّبدە هەمیشە خۆشەویستیو سۆزو ئارامی پیّ ببەخشیت. چونکە هەڵکەوتەی پێویستیەتی.

---

[1] پارێزەر/ شوان رفیق حسن، www.facebook.com

٤. ڕێگری لێ مەکە لەسەر دانکردنو بینینی کەسوکاری. چونکە شوێنی هاتنەژیانو گەورە بونیەتی، بێگومان ئاسانکاری تۆش لەم خاڵەدا زیادکردنی خۆشەویستیتە. ڕێگری تەنیا لە حاڵێکدا گونجاوە کە بە شێوەیەك بێت ئافرەتەکە هەست نەکات تۆ زیانی ئەوت دەوێتو هەوڵبدە بۆی ڕوون بکەیتەوەو تێی بگەیەنیت کە بۆچی سەردانەکە گونجاو نییە. یان پاساوێکی بڕواپێهێنەری بۆ بهێنەوە.

٥. دەربڕینی هەست کردن بە غیرەی خۆشەویستی پشتگوێ مەخە. چونکە ئەوە زۆر کات ئافرەتان دڵخۆش دەکات.

٦. بێبەشی مەکە لە قسەی خۆشو هەڵسوکەوتی شیرین لە کاتی سەر جێگەی دا تا پڕاوپڕ هەست بەچێژ بکات وەك ئافرەتێك.

٧. خراپەو هەلەکانی ڕاستەوخۆ پێ مەڵێ. چونکە ئافرەتان حەز لە ڕەخنە ناکەن.

٨. لە کاتی گفتوگۆ کردندا لەگەڵی دا هەمیشە گوێگربە بۆی هەتاکو هەست بە کەمی نەکات.

٩. خیانەتی لێ مەکە. چونکە سەخت ترین ئازار بۆ ئافرەتان خیانەت کردنە.

١٠. بە شێوازی گاڵتەو تانە لێ گرتن مامەلەی لەگەڵ مەکە، چونکە هەستی ئافرەتان زۆر ناسكو هەستیارە.

١١. داواکاریەکانی بە پێی پێویست کە داوای دەکات لێت هەوڵبدە خامۆشیان مەکە هەتا هەست بەوە نەکات لە خەیاڵیدا نیت.

١٢. هەمیشە هەوڵبدە جێگای گەورە ترین متمانەی ئەو بیتو لەدەستی نەدەیت.

١٣. داواكاری‌و ئه‌ركه‌كانی خێزانی پشت گوێ مه‌خه تاكو هه‌میشه هه‌ست بكات كه خۆشه‌ویستی تازه تر ده‌بێته وه.

١٤. له به‌ڕێوه‌بردنی خێزان‌و چاره‌سه‌ر كردنی كێشه‌كان راو بۆچونه‌كانی پشتگوێ مه‌خه تاكو هه‌ست به گرنگی خۆی بكات.

١٥. له‌و باوه‌ڕه‌دا مه‌به كه گشت كێشه‌كان به‌شێوازێكی راست‌و بیركردنه‌وه‌ی ته‌واو چاره‌سه‌ر بكات. چونكه ئافره‌تان زیاتر سۆز به‌سه ریان زاڵتره.

١٦. هه‌وڵبده له به‌ڕێوه‌بردنی ماڵ به‌تایبه‌تی له چێشتخانه‌و ماڵ ڕازاندنه‌وه‌دا ده‌ستوه‌رمه‌ده‌و سیقه‌ی ته‌واوی پێ ببه‌خشه تاكو به‌ته‌واوی خۆی به‌شاژنی ماڵ بزانێت‌و هه‌ست به دڵخۆشی بكات.

١٧. پیاهه‌ڵدان‌و ستایش كردنی پشت گوێ مه‌خه له لایه‌نه‌كانی جلك‌و به‌رگ‌و جوانكاری‌و خواردن ئاماده‌كردن.

١٨. رێگری لێ مه‌كه له په‌یوه‌ندیه كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان له‌گه‌ڵ هاوڕێیان‌و دراوسێیان‌و كه‌سوكار به مه‌رجێك له‌شه‌رع تێپه‌ڕ نه‌كات. تا ئافره‌ت وانه‌زانێت كه تۆ دڵپیسی لێ ده‌كه‌یت. چونكه ئافره‌تان حه‌ز به پیاوی دڵپیس ناكه‌ن.

١٩. كه‌مته‌رخه‌می‌و درێخی مه‌كه له پێداویستی كڕین‌و دیاری به‌خشین. چونكه ئافره‌تان حه‌ز به پیاوانی ره‌زیل ناكه‌ن.

٢٠. هه‌میشه هه‌وڵبده كێشه‌كان نه‌گاته راده‌ی رق‌و كینه‌و جیاكاری تاكو درێژخایه‌ن نه‌بن‌و قه‌دری یه‌كترتان له‌لا كه‌م نه‌بێت.

## دووەم: لەسەر ئافرەتـان پێویستە پابەندی چە ند ڕێنمایی‌و خاڵێك بن:

ئافرەتی بەڕێز بەهەمان شێوازی پیاوان چۆن چەند خاڵێکمـان خسـتەڕو بۆ ئاسانکاری‌و خۆشبەختی ژیان لەگـەڵ هاوسـەرەکەی، بەهـەمان شـێوە لـە سەر ئافرەتان پێویستە پابەندی چەند ڕێنمایی‌و خاڵێك بن بە مەبەستی زیاتر ئاسانکاری‌و خۆشبەختی ژیانیان، ئەو خاڵانەش بریتین لە:

١. هەوڵبـدە بـەراوردی خـۆت نەکـەیت بـە پیـاوان، چـونکە لـە ئافرەتـان جیاوازترن.

٢. بیروبۆچون‌و داواکاریـەکانت بـە شـێوازی فرمـان کـردن پێـی مەگەیەنـە. چونکە بەسروشتیان حەز بەزاڵ بوون ناکەن.

٣. هەوڵبدە زۆر لە خۆڕا لەگەڵیدا گفتوگۆ نەکەیت لەسەر شتێك کە ئەوەنـدە نەهێنێت.

٤. ئەو هەستەی پیَ مەگەیەنە کە تۆ پێویستیت پێی نییە.

٥. ئەو هەڵسوکەوت‌و کردارانە مەکە کە ئەو حەزی پیَ ناکات.

٦. ڕەخنـەی لـیَ مـەگرە لەبـەردەم خزمـان‌و کەسـوکار دا تـاکو هەسـت بـە کەمی‌و دڵگرانی نەکات.

٧. لە کاتی توڕەیی‌و نائارامی دا زۆر لەگە ڵیدا مـەڵیَ تـاکو زیـاتر نائـارامتر نەبێت‌و هەوڵبدە بێدەنگ بیت یان هێمنی بکەیت.

٨. لـە کـاتی ئاسـایی‌و سـەرجێی دا بێبەشـی مەکـە لـە دەربـڕینی سـۆزو خۆشەویستیت تاکو هەست بەیەك لایەنی نەکات.

٩. نهێنی‌و گفتوگۆکانی نێوانتان مەبەرە دەرەوەی خێزانەکانتان.

١٠. هەمیشە چاوەڕوانی سۆزو بەزەیی ڕاستەوخۆی لیَ مەکە. چونکە زۆرێـك لە پیاوان بە کردەوە زیاتر دەری دەبڕن.

١١. گرنگـــی زیـــاترو ڕادەبـــەدەر مـــەدە بەمنالـــەکانت لەســـەر حســـابی هاوسەرەکەت. تاکو هەست بە کەمی هەستو سۆز نەکات.

١٢. هەمیشە چاوەڕێی لێبوردەی دەربڕین لە ئەو مەکە، با زۆر کاتیش تۆ لە پێش بیت. هەوڵبدە دەستپێشخەری لێبوردەیی بیت.

١٣. گرنگی بدە بەوشتانە کە ئەو حەزی پیٚ دە کـات، وەك: خـواردنو قسـە کردنو جلكو بەرگ.

١٤. ئەو هەستەی لەلا دروست مەکە کە تۆ زیاتری یان باشتری لە ئـەو تـاکو ڕێزو گەورەییتان لە بەیندا بمێنێت.

١٥.هەمیشـە هـەولٚ بـدە لـە گشـت سـاتەکانی خۆشـیو ناخۆشـیو هـەژاریو دەوڵەمەندیدا لە گە ڵیدا بیتو قەناعەتت لە گە ڵیدا هەبێت.

١٦. دڵە راوکیٚو دڵپیسی بەرامبەر مەکە تاکو نەچـێتە خـە یاڵیـەوەو لـە لای ببێتە ئینکاری.

## چۆن مێردەکەت ئاشت دەکەیتەوە؟

ئاشکرایە زۆر لە پیاوان هەڵچونێکی کاتیو بۆڵە بۆڵیان لەگەڵدایە، ئەم خووەش لای پیاوان یان رەوشێکی کاتیو تایبەتە، یان لە لایان بووەتە خوو. هەندێك لە پیاوان لەسەر هەموو شتێك تووڕە دەبنو هەڵدەچن. هەمیشە بۆ هەموو شتێك کە هاوسەرەکەیان دەیکات لەماڵو دەرەوەدا، دەبۆڵێنن.

گرنگ ئەوەیە خانمی ژیر وا بکات لەبری پەرەپێدانی ئەم خووەی مێرد لە ڕێگەی نواندنی هەڵوێستی هاوشێوەوە، وابکات ئەم ڕەفتارە نەخوازراوە چارەسەر بکات. دەبێت خانمان بە وریاییەکی زۆرەوە رەفتار بکەنو کارێکی وەها بکەن کە ئەو توڕەییە نەهێڵن یان کەمی بکەنەوە. بۆ ئەوەی خانمان بتوانن ئەم کارە بکەن چەند ڕێنماییك دەستنیشان دەکەین:

١- بەرلە هەموو شتێك لەکاتی هەڵچوونو تووڕەبوونی مێردەکەتدا منداڵەکانت دوور بخەرەوە، با ئەوان ئاگایان لەو بارە ناتەندروستە نەبێت، کاریگەریو رەنگدانەوەی خراپی لەسەر خوڕەوشتو کەسایەتیان نەبێت. بۆ ئەوەی بەهۆی تووڕەبوونی باوکیانەوە رقیان لێ نەبێتەوەو لەبەرچاویان نەکەوێت.

٢- لە وەڵامی پرتەو بۆڵەو تووڕەبوونە لەناکاوەکانی مێردەکەت دا تۆی خانمی نەرمو نیان بێدەنگی هەڵبژێرە، هەوڵبدە بە کارێکی دیکەوە خۆت سەرقاڵ کەیتو هەڵوێستەکە بەسەر خۆت نەهێنێت.

٣- وەڵام نەدانەوەو گوێ پێنەدان لەو کاتانە دا وادەکات هاوسەرەکەت تووشی پەشیمانیو شپرزەبوون ببێتو بەخۆیدا بچێتەوە.

٤- هەوڵبدە هەمیشە لەو کاتانەدا رازاوە بیتو جلكو بەرگێکی جوانو سەرەنج راکێش لەبەر بکەیت، بە تایبەتی ئەو جلکانەی کە دەزانیت هاوسەرەکەت حەزی لێیەتی.

٥- ئامادەکردنی ئەو خواردنەی کە ئەو حەزی لێیەتی.

٦- دەتوانیت جێی بهێڵی بۆ ئەوەی لە تەنیایی دا خۆی بیر بکاتەوەو هێور بێتەوە.

## کاتی گونجاو بۆ باسو کێشەی خێزانی [1]

زۆر جار پیاوان ژنان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ژن کاتی گونجاوی نییە بۆ گفتوگۆو هەر باسو گرفتێکی ناو خێزانەکە. بەڵکو زۆر جار لە کاتێکی ناگونجاوو خراپ باسەکانی دەست پێ دەکاتو بەمەش پیاوەکە ئەوەندەی تر تورە دەکات. دەرگای گفتوگۆو دواندن لەسەر کێشەکان بە داخراوەیی بەجێ دەهێڵێت. بەلای ژنەکەوەش چاوی لەوەیە کە پیاو هەرگیز کاتی گونجاوی نیە بۆ باسو گفتوگۆ، پیاوەکە هەمیشە هەوڵ دەدات خۆی بدزێتەوە لە گفتوگۆو ئەو کێشەو باسانەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت.

ئافرەت بە سروشتی خۆی ناتوانێت ئەوەی لەناخی دروست بووە لە هەستو بۆچونو ئەو شتانەی پێی تورە بووە دەری نەخاتو بیشارێتەوە. بەو شێوەیەش خۆی ناگرێت کە باسەکە دوا بخات بۆ ئەو کاتەی پێی دەوترێت کاتی خۆی یا کاتی گونجاو، بەڵکو زۆر جار بەلایەوە گرنگ نییە.

---

(١) فەرمانبەرانی یاسایی، ٢٠١٣/٨/٣٠، www.facebook.com/pages.

- هەنـدێك ئـافرەت بـیر لـە دۆزینـەوەی چارەسـەر ناكـەن بـۆ كێشـەكە ئەوەندەی بەلایـەوە گرنگـە بـاس لـە كێشـەكە بكـاتو ئـەوەی لەناخیـدا كـۆ بۆتەوە دەری ببڕێت.
- هەنـدێك لـە ئافرەتـان پێیـان وایـە كـە پێویسـتە پیـاو ژنەكـەی ئـارام بكاتەوەو تووڕەییەكەی هەڵ بگرێت، ئەگەر پیاوەكەی ئارام نەگرێت ئەی كـێ ئـارامی بكـات وهەسـتو سـۆزی رابگرێـت، هـەروەكو چـۆن پێویسـتە ژن بارودۆخی پیاوەكەی رابگرێت بەهەمان شێوە پیاو لەسەریەتی ژنەكەی ئارام بكـات كاتێـك تـووڕە بـووەو پێویسـتی بـە كەسـێك هەیـە گـوێی لـێ بگرێـتو گفتوگۆی لەگەڵ دا بكات.
- هەندێكی دیكـە لـە ژنـان وای دەبینـن كـە هـەركات كێشـەیەك رووبـدات لەهەمان كاتدا پێویستە لەگەڵ پیاوەكەی قسەی لەسەر بكرێتو چارەسـەری بۆ بدۆزنەوە، خۆ ئەگەر خەتای پیاوەكە بوبێـتو ئێسـتا بـاس نـەكرێت ئـەوا هیچ كات كاتی گونجاو بۆ ئەم باسـە دروسـت نابێتـەوەو لەپاشـاندا كێشـەكە وون دەبێت، بەڵام گەر كێشـەكە پەیوەنـدی هـەبوبێت بـە منداڵەكانـەوە یـان شتی تر ئەوا ژنەكە ئەتوانێت بە ئاسانی كاتێكی گونجاوی بۆ ببینێتەوە.

## نهێنیەكانی گفتوگۆی سەركەوتوو:

توێـــژەرەوانی ژیـــانی هاوســـەرێتی هەنـــدێك ڕێنمـــاییو ئامۆژگـــاریی بەسوودیان خستۆتە بەر دەست تاكو گفتوگۆی نێوان دوو هاوسـەرەكە زیـاتر چالاكو سوودبەخش بێت، ئەوەش لەبیر نەچێت لێهاتویی لەژیانی هاوسەرێتی شـارەزاییەكی زۆر بـە ژنەكـە دەبەخشـێت لـە چـۆنیەتی بەدەمەوەچـونی پیاوەكەیو چۆن بتوانێت بچێتە ناو دڵیەوە، لەو ئامۆژگاریانەش:

١)   بنچـینەی گفتوگـۆی سـەرکەوتوو لەسـەر ڕێـزو خۆشەویسـتی بنیـات دەنرێت، هەروەها ئارامی لە زۆر بار (دۆخ)دا پێویستە.

٢)   ژنەکە دەتوانێت هەنـدێك جـار شـێوازی ناڕاسـتەوخۆ بـەکار بهێنێـت بـۆ خاڵ خستنە سـەر پیتـەکانو ئـەوەی دەیـەوێت بڵێـت پێـی بگەیـەنێت بـەبێ ئەوەی هەستو دڵی پیاوەکەی بریندار بکات.

٣)   پێویستە لەسەر ژنەکە ڕووی پیاوەکەی بخوێنێتەوە تاکو باری دەروونی بزانێت، ماندووە یان نا؟ تاکو بزانێت کاتەکە گونجاوە باسی لەگەڵ بکاتـەوە یان نا؟ وا نەکات ئارەزووی قسەکردنی لەسەر خـودی کێشـەکە بیجوڵێنێـتو هەر پیاوەکە کە گەشتە ماڵ خێرا خۆی نەگرێتو یەخەی پێ بگرێت. چونکە گرنگتر لە باسی کێشەکە ئەوەیە چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە. بـەم ئامانجـەش ناگەیت ئەگەر بەرامبەرەکەت ئامادەیی تیا نـەبوو بـۆ وەرگـرتنی باسـەکەتو گفتوگۆی لەسەر نەکات.

٤)   هەندێ جار لەسەر نان خـواردن بـاس لـە کێشـەکان دەکرێـتو ئەمـەش کاتی گونجـاوی خـۆی نییـە، بـەڵکو دانشـتنی شـەوانەو یـان لـەکاتی چـوونە دەرەوەو هەندێ کاتی تر بە هەلێك وەربگیردرێت.

٥)   ژنەکـە خـۆی دوور بگرێـت لـەوەی بـاسو کێشـەکان بکاتـەوە لـەڕێی تەلەفۆنەوە بەتایبەتی ئەگەر پیاوەکە لەسەر کار بوو. چونکە شوێنی کار بـۆ گفتوگۆکردنی کێشەو باسی خێزانی هیچ کات گونجاو نییە.

٦)   هەندێ باس هەیە ژنەکە هەمیشە قسەی لەسەر دەکاتەوە، بـەڵام کـاتی بەسـەر چـووەو کـاتی ئـەوە نـەماوە ئـەو هەڵەیـەی تیایـدا ڕوویـداوە ڕاسـت بکرێتـەوە. بـۆ نمونـە: ژنەکـە باسـی کـەموکوڕی پیاوەکـە بکـات لـە ڕۆژانـی دەسـتگیرانیو مارەبڕیـدا، یـان لـەکاتی گواسـتنەوەو سـەرەتای ژیـانی

هاوسەریاندا. ئەم شتانە کاتی رۆشتووەو ناگەڕێتەوە تا چاك بكرێتەوە. پیاویش بە گشتی رقی دەبێتەوە لە شتێك کاتی بەسەر چوبێتو ئێستا ژنەکەی دەمەتەقێی لەسەر بکات. ئەم باسانە هیچ سودێکی نییەو بۆشاییەك زیاتر دروست دەکات لەنێوان دوو هاوسەرەکەو ڕەنگە زەحمەت تر بێت پڕ بكرێتەوە. هەروەك لە کوردەواریدا هاتووە " کۆنە کا بەبا دەکات" کە مەبەست لە باسکردنی شتێکە کە وادەکەی بەسەرچووە.

٧) پێویستە ژنەکە ئەوە بزانێت کە زۆربەی پیاوان وا تێ دەگەن قسەی ژن بێ سوودە. ژن تەنها خەمی کڕین وبازاڕێتیو هیچی دیکە، زۆرجاریش هەموو داخوازیەکانی لە سنوری بازاڕو قسە هێنانو بردنە. بۆیە پیاوەکە بەلایەوە زەحمەتە دابنیشێتو بەتەواوەتی گوێ لە ژنەکەی بگرێت. لێرەشدا لەسەر ژنەکە پێویستە پێچەوانەی ئەم بۆچونە بۆ هاوسەرەکەی بسەلمێنێت. دەبێت زیاتر زیرەکانە بێت لەکاتی کردنەوەی دەرگای هەر گفتوگۆیەك لەگەڵ هاوسەرەکەی.

## بۆ راکێشانی باوەڕی هاوسەر بەلای خۆتو گفتوگۆی سەرکەوتووی خێزانی...

بۆ راکێشانی باوەڕی مێردەکەت بەلای خۆتداو گفتوگۆی سەرکەوتووی خێزانی پێویستە ئەم خاڵانە راچاو بکەین:

- دانپێنان بە راو بۆچونی بەرامبەرو جیاوازی تێڕوانینی یەکتر لەسەر مەسەلەکان.
- دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ هەردوو هاوسەرەکە.
- گفتوگۆکان تەنها لەنێوان دوو هاوسەرەکە بێت، دووربێت لە کەسوکاری هەردوولاو منداڵو دۆست وبرادەر.

- دواندن بە شێوازیکی لەسەرخۆو دوور لە توڕەیی‌و دەمارگیری.
- بـەکارهێنانی ووشـەو شـێوازی پـاك‌و روون (بەداخـەوە هاوسـەر هەیـە لەکاتی باسی کێشە خێزانیەکان هانا دەباتە بەر توڕەیی‌و خۆزاڵکردن).
- خۆ دوور گرتن لە فەرمان کردن (وەکو تۆ دەبێت وا بکەیت یان بۆت نیە وا بکەیت.... هتد).
- پشـت بەسـتن بـە سیاسـەتی بڕواپێکـردن (قەناعـەت پـێ کـردن بـە بەرامبەر).
- پێویستە گوێ بگریت بۆ بەرامبەرو والێـت تێبگـات کـە تـۆش گـوێی لـێ دەگریت.
- تا بتوانرێت خۆت بەدوور بگریت لە باسی دووروودرێژ کە ژن زیاتر حـەزی پێیەتی‌و پیاویش ڕقی لێیەتی. چونکە ئـەم شـێوازە لـە بابەتـە سـەرەکیەکە لات دەباتو ئەچنەوە سەر کێشەی لاوەکی یان باسێکی کۆنی دیکە.
- پێویسـتە لـەکاتی گفتوگـۆکردن لـەیادت بێـت کـە ئامـانج گەیشـتنە بـە چارەسەری ئەنجامێکی باش نەك تۆمەتبارکردنی بەرامبەر یـان گـەورەکردنی کێشەکە.

# دەرئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، دەگەینە ئەم ئەنجامە کە دەتوانین لـەم چەند دێرە دا جێیان بکەینەوە:

**یەکەم:** ڕێژەی تەڵاقو لێك جیابوونەوەی خێزان لە باشووری کوردستان ساڵ بە ساڵ ڕوو لەزیاد بوونە. ئەمەش ئەگەر لـە ماوەیـەکی (کورت خایـەن) نەبێت لە ماوەیەکی (درێژخایەن)دا کاریگەریە خراپەکانی لەسەر دەبینرێت. لە کاتێك دا ئەگەر هاوسەرەکان خاوەن منداڵ بن. کـە ئەمـە کێشـەی دەرونـی، کۆمەڵایـەتیو یاسـایش بـۆ ئەنـدامانی خێزانـە لەبەریـەك هەڵوەشـاوەکە جـێ دەهێڵێت.

**دووەم:** لەگەڵ ئـەوەی هۆیـەکانی تـەڵاقو لێکجیابوونـەوە زۆرە، بـە پێـی دابو نـەریتو کلتـوورو ئـاینی کۆمـەڵگاکان جیـاوازە، بـەڵام لـە دادگاکـانی باشـــووری کوردســـتاندا (١٢) هـــۆ وەك هۆکـــاری ســـەرەکی تـــەڵاقو لێکجیابوونەوەکان دەستنیشان کراون. هۆیەکان بـە پێـی ڕیزبەنـدیان کـە لـە باشووری کوردستان بووەتە هۆی کۆتایی هێنان بە ژیانی هاوسەرێتی بـریتین لە:" نەگونجان لەگەڵ یەکتر، نەبوونی مـاڵی جیـا، هـۆی کۆمەڵایـەتی، داوێـن پیسی)، هۆکـاری ئـابووری، تەکنـەلۆجیای سـەردەم (مۆبایـل– ئینتـەرنێت)، هۆکارەکـانی تـر، جیـاوازی تەمـەن، ژن هێنـانی دووەم، هۆکـاری نـەزۆکی، تووش بوونی یەکێکیان بە نەخۆشی، هۆکاری ئاینی".

**سێیەم:** ڕێژەیەکی زۆری ئەو هاوسەرگیریانەی بە تەڵاقو لێکجیابوونـەوە کۆتاییان هاتووە ئەوانەن، کە:

- هاوسەرەکان لەسەر بنەمایەکی پتەو خێزانیان پێك نەهێناوەو ئاستی تێگەیشتنیان بۆ واتای ژیانو خێزان لە ئاستی پێویستدا نییە.

- رێژەیەکی زۆری ئەو هاوسەرگیریانەی بە تەلاقو لێکجیابوونەوە کۆتاییان هاتووە لەو چینەی کۆمەڵگایە کە لە تەمەنێکی بچووکدا هاوسەرگیریان کردووە. تەمەنیان لە نێوان (١٥ – ٢٥)ساڵیدایە. کە بەشی زۆری جیابوونەوەکان هۆکارەکەی " نەگونجان لەگەڵ یەکتر" بووە.

- دووەمین هۆکاری تەلاق بەهۆی نەبوونی ماڵی جیاوە بووە، دروست تر بلێین کێشەی نیشتەجێبوونو چەند گرفتی ترە. چونکە ئەگەر گەنج توانای ئەوەی هەبێت لە ماڵی جیابژییێت هێندەش روو بەرووی کێشەو ئاژاوەو لەبەریەکترازانی خێزان نابێتەوە.

- خیانەتی هاوسەرگیری تەشەنەی کردووە بەهۆی زۆر بوونی پەیوەندییە سێکسیەکانو ئاسان بوونی تێکەلاو بوونی هەردوو رەگەز لە هەموو شوێنەکاندا. قەرەبالغ بوونی شارو زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان وایکردووە کەسانێك بتوانن پەیوەندی سێکسی (داوێنپیسی) ببەستن بەهۆی ئینتەرنێتو باشبوونی گوزەرانی هەندێکو تێکەلاو بوونی رەگەزەکان. کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە.

- کەسانێك کە هەست بە بەرپرسیارێتی یاساییو ئەخلاقیو کۆمەلایەتیو ئاینی ناکەن لەرێی مۆبایل دەست وەردەدەنە ژیانی ئەوانی دیکە. زەنگی ناوەخت دەنێرن بۆ کچێك یان ژنێکو لە ئەنجامدا دووچاری گرفتی دەکەنو بەوهۆیەشەوە چەندیك تەلاقو کێشەی جیاواز تر بۆ خێزانەکان دروست بووە.

- بەهۆی گرتە ڤیدیۆکانی مۆبایلەوە رۆژانە گەورەترین کێشە روو بەرووی خێزانەکان دەبێتەوە، کە لەماوەی چەند دەقەیەکدا لە هەموو ولاتدا بلاودەبێتەوە.

## پێشنیار:

دەتوانین گرنگترین نیشـاندەرەکانی بـەدیهێنانی ئامانجـەکان لـەم چـەند خاڵە دا بخەینە روو:

**یەکەم:** پێناسەی خێزان/ بۆئەوەی تەڵاق و لێکجیابوونەوەکان لەوە زیاتر لێکترازانی خێزانەکانی بەدوا دا نەیەت و کۆمەڵگا لە بناغـەوە **هەڵنەتـەکێنێت**، لە بنەما سەرەکیەکانی سروشتی ژیانی خەڵکەکەی دوور نەخاتەوە، پێویستە **هەنگاوی** زانستی و کردەیی و پـەروەردەیی بگیردرێتەبـەر لـەبارەی ئامـانج لـە پێکهێنانی خێزان چییە و گرنگی خێزان لەچـیدایە؟ بـە واتایـەکی تـر لـەنوێوە پێناسە سەرەکیەکەی خێزان واتای خۆیان وەربگرنەوە.

**دووەم: ئابووری**/ لەگەڵ ئەوەی خاوەن سـەرمایە و بازرگانـە سیاسـیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە باری ئابووری **هەرێمی** کوردستان رۆژ لـەدوای رۆژ باشترە، پێویستە ئەو باشتر بوونە شۆڕبێتەوە بۆ **هـەناوی** کۆمـەڵگاو ئاسـتی خوارەوەش گوزەرانی باشـتر بکرێـت. نـەك ئـەوەی **هەنـدێك** لەسـەر حیسـابی چینی خوارەوە و ناوەند خۆیان قەڵەو بکەن و بازرگـانی بـە بـەها پیرۆزەکـانی مرۆڤایەتیەوە بکەن.

**سێیەم: پێویستە** داهاتی وڵات( باشووری کوردستان) بـە گـومرگ، خالـە سنووریەکان، نەوت، رێگای وشکانی و ئاسمانی و باج و تەواوی بوارەکـانی تـر، بۆ **هەموو** کەسێکی ئـەم نیشـتیمانە ئاشـکرا بێـت. **هـەموو** تاکێـك وەك یـەکتر سودی لێوەربگرێت.

**چوارەم: حکومەت** هەولی چارەسەر کردنی گرفتی نیشـتەجێبوون بـدات و **هاوکاری** ئەوانە بکات کە خێزان پێکدەهێنن تا لەسەر پێی خۆیان دەوەستن.

**پێنجەم:** لەسەر **حکومەت** پێویستە رێگری لە کۆمپانیاکانی مۆبایل بکات کە:

- لەشـەودا نرخـی پەیوەنـدیکردن کـەم دەکەنـەوە، ئەمـەش کارئاسـانی کردووە بۆ گەنجانو کەسانی لاسار کە یاری بەژیانی خێزانەکانەوە بکەن.
- کۆمپانیاکانی مۆبایل سزا بـدات لەسـەر ئـەوەی سـیمکارتی مۆبایـل بـێ ناسنامە دەدەن بـە هاولاتیـانو بـە هـەرزان دەیفرۆشـن. کـە تـا ئێسـتا هـیچ کۆمپانیایەکی مۆبایـل لەسـەر ئـەوە سـزا نـەدراوەو لـێ پرسـینەوەی لەگـەڵ نەکراوە.
- کۆمپانیاکانی مۆبایلو هەندێك دەزگاکانی راگەیاندن لە رێی (sms)ەوە یاری بە ژیـانی خێـزانو کۆمـەڵگاوە دەکـەن، تـەنیا بـیر لـە قـازانجی خۆیـان دەکەنەوە. پێویستە سنوورێکی جدیان بۆ دابنرێت.
- وەك چـۆن بـۆ کـارێکی سیاسـی رەنگـە ئاسـایی بێـت چـاودێری ئەوانـە بکرێـت کـە "تـاوانی سیاسـی یـان جولـەی سیاسـی دژ" ئـەنجام دەدەن، بەهەمان شێوەش دەبێـت کۆمپانیاکـانی مۆبایـل ئەوانـە بدۆزنـەوە کـە یـاری بـەژیانی خێزانـەکان دەکـەنو تـاوانی کۆمەڵایـەتی ئـەنجام دەدەن. چـونکە تاوانی سیاسیو تاوانی کۆمەڵایەتی هەردووکی لە ئەنجامدا هەر تاوانە.

**شەشەم:** وەزارەتی تەندروستی بایەخ بە لایەنی دەروونی تاکەکان بـدات. رێکخراوەکانی بـەناو کۆمـەڵگای مـەدەنی بـە تـەواوی ئـەرکی خۆیـان ئـەنجام بـدەن، وەك لـە پـەیڕەوی کارکردنیانـدا هـاتووە. هـەموو لایـەك (دامودەزگـا فەرمیـەکانی حکومـەت، رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی، راگەیانـدنو هتد...) پێکەوە هەولی چارەسەریو لێکنزیك کردنەوەی خێزانەکان بدەن کە لەسەر لێواری لێکترازاندان.

**حەوتەم:** پێویستە رێگری بکرێت یان پشکنین و فلتەرێکی دادوەرانە دابنرێت بۆ رێگرتن لەو درامایانەی کە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردیو لە رێی دەزگاکانی راگەیاندن بە تایبەتی تیڤیە لۆکالیەکان (ناوخۆیی)و کەناڵەکانی سەتەلایت پەخش دەکرێت. کەوا کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی خێزانەکان دروست کردووەو هۆکارو لایەنێکی جیابوونەوەکان، بووە.

**هەشتەم:** دادپەروەریو رەچاوکردنی لایەنی کۆمەڵایەتیو یاسایی ئاینەکان لەبەرچاو بگیرێتو کار بکرێت لەسەر کەم کردنەوەو نەهێشتنی گرفتی ئاینی، ئەگەر هەبێت.

+++++

# پاشكۆ

## دووەم: تەڵاق بەگوێرەی ئاینە یەكتا پەرستەكان

**تەڵاق لە لای جوو (جووەكان):** [1]

بە پێی شەریعەتی یەهودیەت (جووەكان) پیاو مافی ئەوەی هەیە بە ئارەزووی خۆی ژنەكەی تەڵاق بدات هەتا ئەگەر ژنەكە رازیش نەبێت. وەك ئەوەی لە تەورات (لاپەڕە ٢٤، ژمارە ١)دا هاتووە، لە شەریعەتی موسا پێغەمبەر دا تەڵاق بە چارەسەر دانراوە بۆ كێشەی نێوان ژنو مێردێك وەك ئەوەی لە ئیسلامدا هاتووە، لە كاتێكدا كێشەكانیان بە بنەبەست دەگاتو هیچ هیوایەك بۆ بەیەكەوە ژیانكرن نامێنێت. تەڵاق لە تەورات دا بە كارێكی (ناحەز) دانراوە.

**تەڵاق لە لای مەسیحیەكان:**

لە شەریعەتی مەسیحی دا تەڵاق بە خواستو ویستی تاك لایەنەی پیاو دروست نییە. بە گوێرەی ئینجیلی (مەتتا) لاپەڕە (٥) ژمارە (٣١)دا هاتووە، بۆیە مەزهەبە مەسیحیەكان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی تەڵاقەوە هەیە.

پەیڕەوكارانی ئاینی مەسیحی بە درێژایی دوو هەزار ساڵ تەمەنی ئەم ئاینە چەندین لقو كۆمەڵی لێ بۆتەوە، گرنگترینیان (سێ) پەیڕەوی گەورەن كە (كاسۆلیك، ئەرسۆدۆكسو پرۆتستانت)ە، كە ئەوانیش وەها بۆ تەڵاق دەڕوانن.

---

[1] مێژووی ئاینەكان، د. كەیوان ئازاد ئەنوەر، بەرگی یەكەم، چ١، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ئاینی جوو (٩٧ – ١٠٨)، ئاینی مەسیحی (١٠٩ – ١٢٦)، ئاینی ئیسلام (١٢٧ – ١٥٨).

## ووردەكاریەكانی پەیوەندار بە تەڵاق، بە پێی پەیڕەوەكانی مەسیحیەت بەمجۆرەیە: [١]

**یەكەم: پەیڕەوی كاسۆلیك (كاثولیك):** لە جیهاندا بە گەورەترینو بەرفراوانترین پەیڕەوی مەسیحی دادەنرێت. زاراوەی كاسۆلیك لە زاراوەی (Katholikos)ی یۆنانی وەرگیراوەو بە مانای (جیهانی) دێت.

- باوەڕیان بە تەڵاق نەبووەو نییەو پێیان وابووە كە پیاو نابێت لە ژنێك زیاتر بهێنێت. خۆ ئەگەر بڕیاری جیابوونەوەیاندا ئەوا نابێت پیاوەكە ژنەكەی تەڵاق بدات، بەڵكو دەبێت لە كەنیسە پەیوەندیە خێزانییەكانیان هەڵبوەشێننەوە، ئەوەش لایان تەڵاق نییە.
- ئەم پەیڕەوە بواری نەداوە ژنو ژنخوازی لەگەڵ ئەوانەشدا بكەن كە كاسۆلیك نین.
- بواری نەداوە رەبەنە پیاوەكان ژن بهێننو كچە رەبەنەكانیش شوو بكەن.

> بە كورتی باوەڕدارانی كاسۆلیك بەهیچ شێوەیەك باوەڕیان بە تەڵاق نییە. ئەم بۆچوونەشیان پەیوەست بووە وەك ئەوەی لە پەرتوكەكەیان لە (ئینجیلی (مەتتا)و ئینجیلی (مەرقۆس) دا هاتووە:" هاوسەرگیری پەنهانیەكە كەنیسەی پیرۆز ژنو مێرد بەیەكەوە دەبەستێتەوەو یەكێتیان پێ دروست دەكات. بۆیە لەبەر هەر هۆیەك بێت بە هیچ شێوەیەك دروست نییە لەیەكتر جیا ببنەوە."

**دووەم: ئارسۆدۆكس:** لە جیهاندا دووەمین گەورە پەیڕەوانی ئاینی مەسیحیە. مێژوویەكی گەورەی ململانێی لەگەڵ پەیڕەوی كاسۆلیك هێناوەو

---

[١] كێشەكانی پەیوەندیدار بە باری كەسیەتی، مافپەروەر عزالدین عبدالله یاسین، چاپی یەكەم ٢٠١٢، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ل ٦٢ – ٦٥.

هەیە. زاراوەی ئەرسۆدۆكی لە زاراوەی (Orthodoxy)ی یۆنانی وەرگیراوە كە بە مانای (باوەڕی پتەو) دێت.

- لە هەندێك حاڵەتدا باوەڕیان بە دیاریدەی تەڵاق هەبووەو هەیە، پێیان ئاسایی بووە كە پیاو لە یەك جاردا ژنەكەی تەڵاق بدات.
- بواری نەداوە بە پەیڕەوكارانی ژنو ژنخوازی لەگەڵ ئەوانەدا بكەن كە باوەڕدار نین.
- بواری نەداوە رەبەنە پیاوەكان ژن بهێننو كچە رەبەنەكانیش شوو بكەن. (١)

**سێیەم: پەیڕەوی پرۆتستانت:** لە سەرەتای سەدەی شازدەی زاینیدا لە لایەن (مارتن لوسەر/ ١٤٨٣ – ١٥٤٦)ی ئەڵمانی سەری هەڵدا. سەرەتا بە یەك پەیڕەوی سەربەخۆ دەركەوتو زۆری نەبرد بۆ چەند پەیڕەوی تر دابەش بوو. زاراوەی (پرۆتستانت) یش لە زاراوەی (Protistant) وەرگیراوە كە بە مانای (ناڕەزاییەكان) هاتووە، چونكە ئەوان رەخنەیان لە كەنیسەكانی (كاسۆلیكو ئەرسۆدۆكس) گرت.

- رەبەنی پیاوو ژن لەم ئاینەدا نەبووەو نییە.

> لای پرۆتستانتەكان دروستە ژن تەڵاق بدرێت، ئەویش لە حالەتی (زیناكردن)و (هەڵگەڕانەوە لەدین). ئەم بۆچوونەشیان پەیوەستە بەوەی كە لە ئینجیلی (لۆقا)و ئینجیلی (مەتتا)دا دەربارەی زینا كردن هاتووە:" هەر كەسێك ژنەكەی خۆی تەڵاق بدات تەنها لەبەر زینا كردن نەبێت، ئەوە دەیكاتە زیناكارو هەر كەسێك هاوسەرگیری بكات لەگەڵ تەڵاقدراوێك ئەوا زینای كردووە."

---

(١) پەیڕەوەكانی ئاینی مەسیحی، مێژووی ئاینەكان، نووسەر، د. كەیوان ئازاد ئەنوەر، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٠ – ٢٦.

دەربارەی هەڵگەڕانەوە لەدین وایان لێکدەدایەوە ئەو کەسەی ئاینی خۆی بگۆڕێت بە مردوو دادەنرێت، لەبەر ئەوەی مردووی راستەقینە گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی هەڵدەوەشێتەوە بۆیە ئەوەش بە مردوو دادەنرێت. [(١)]

## تەڵاق بەگوێرەی ئینجیلی (مەتتا، مەرقۆس و لۆقا) وەهایە:

- تەڵاق بە گوێرەی ئینجیلی (مەتتا) لاپەڕە (٥) ئایەتی ژمارە (٣١)و (٣٢) تەڵاق﴿ئینجیلی (مەتا) لاپەڕە (٥) ژمارە (٣١)، دەربارەی تەڵاق وەها هاتووە:" ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەدات، با تەڵاقنامەکەی بداتە دەست"[٣١]. دیسان لە ئینجیلی (مەتتا)دا هاتووە:" بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەدات بێ هۆی داوێن پیسی وای لێدەکات داوێن پیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێك بهێنێت، ئەوا داوێن پیسی دەکات"[٣٢]﴾. [(٢)]

- تەڵاق بە گوێرەی ئینجیلی (مەرقۆس) لاپەڕە (١٠) ئایەتی ژمارە (١-١٢) تەڵاقدان ﴿ [١] ئینجا عیسا ئەو ناوچەیەی (شاری کەفەر ناحونی)ی بەجێهێشت و چوو بۆ هەرێمی یەهودیاو پشتی ئوردن. دیسانەوە خەڵکەکە لێی کۆبوونەوە، ئەویش هەروەك لێی راهاتبوو دەستی کرد بە فێرکردنیان. [٢] هەندێ لە فەریسەکان لێی هاتنە پێشەوە تاقی بکەنەوە، لێیان پرسی:" ئایا دروستە پیاو ژنەکەی تەلاق بدات؟". [٣] لێرەدا عیسا لێی پرسین:"موسا چ راسپاردەیەکی پێداون؟". ووتیان:" موسا رێی داوە تەڵاقنامە بنووسرێ، بەمەش ژن تەڵاق دەدرێ". [٥] عیسا وەڵامی دانەوە:"موسا ئەم راسپاردەیەی بۆ نووسیون، لەبەر دڵڕەقیتان. [٦] بەڵام لە سەرەتای دروست بوونەوە خودا مرۆڤی بە نێرو مێ دروست کرد. [٧] لەبەر ئەو هۆیە پیاو باوك و دایکی بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ هاوسەرەکەی یەك دەگرێ، [٨] ئەوسا هەردووکیان دەبن بە یەك لەش. ئیتر دوو نین بەڵکو یەك لەشن. [٩] ئەوەی

---

(١) کێشەکانی پەیوەندیدار بە باری کەسیەتی، مافپەروەر عزالدین عبدالله یاسین، چاپی یەکەم ٢٠١٢، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ل ٦٢ - ٦٥.

(٢) ئینجیلی پیرۆز، رێنمایی نوێی حەزرەتی عیسا بە شێوەی کوردی سۆرانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل١٠.

خـودا بـه یـەکی گەیانـدووه، مـرۆڤ جیـای ناکاتـەوه.". [10] کـه گەڕانـەوه بـۆ مـاڵ، قوتابیـەکانی لـەم بارەیـەوه لێیـان پرسـی. [11] ئـەویش پێـی ووتن:"ئـەو پیـاوەی ژنەکەی تەڵاق دەداتو یەکێکی که دەهێنێ، ئەوا داوێن پیسـی لەگـەڵ دەکـات. [12] هەروەها ئەو ژنەی واز له مێردەکەی دەهێنێتو شوو به یەکێکی که دەکـات، ئـەوا داوێن پیسی دەکات."﴾. [(1)]

– تـەڵاق بـه گـوێرەی ئینجیلـی (لۆقـا) لاپـەڕه (١٦) ئایـەتی ژمـاره (١٨) تەڵاقـدان ﴿ئـەوەی ژنەکـەی تـەڵاق دەداتو یـەکێکی دیکـه دەهـێنێ، ئـەوا داوێـن پیسی دەکات. ئەوەش کـه تەڵاقـدراوێك دەهـێنێ بـه هـەمان شـێوه داوێـن پیسـی دەکات"﴾. [(2)]

**تەڵاق له لای ئیسلام:**

ئیسلام له قۆناغێکدا تەڵاقی به چارەسەر داناوه بۆ کێشـەی نێـوان ژنو مێردێك له کاتێکدا کەوا کێشەکانیان به بنەبەست دەگـاتو هـیچ هیوایـەك بـۆ بەیەکـەوه ژیـان کردنیـان نامێنێـت. لـەم بارەیـەوه لـه قورئـانی پـیرۆز دا لـه سورەتەکانی (سورة: البقرة، الاحزاب، الطـلاق، التحـريم) لەچـەندین شـوێن وشـەی تەڵاق هاتووەو ووردەکاریەکانی روون کراوەتەوه. [(3)]

هەروەها سورەتێکی قورئانی پیرۆزیش به نـاوی ئەلتـەڵاق (الطـلاق)ه لـه قورئاندا هاتووه. بەڵام سورەتی (البقرة) به درێژی باسی له تەڵاق کردووه.

ئێستاش تەواوی ئەو ئایەتانەی له سوورەتەکانی (البقرة، الاحزاب، الطـلاق، التحريم) باسیان له تەڵاق کردووه، دەخەینه روو، که بەمجۆرەیه:

---

(1) ئینجیلی پیرۆز، رێنمایی نوێی حەزرەتی عیسا به شێوەی کوردی سۆرانی، چـاپی دووەم، ١٩٩٩، ل ١٠١ – ١٠٢.

(2) ئینجیلی پیرۆز، رێنمایی نوێی ...، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

(3) قورئانی پیرۆز.

– **سورة البقرة** [1] : ﴿لاَ يُؤَاخِذُكُمْ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ(٢٢٥) لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ(٢٢٦) وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلاَقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ(٢٢٧) وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلاَحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ(٢٢٨) الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَ أَنْ يَخَافَا أَلاَ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ(٢٢٩) فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ(٢٣٠) وَإِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِتَعْتَدُوا وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُمْ بِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(٢٣١) وَإِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ أَنْ يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُمْ بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ مِنْكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ(٢٣٢) وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَ وُسْعَهَا لاَ تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدْتُمْ أَنْ تَسْتَرْضِعُوا أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُمْ مَا آتَيْتُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(٢٣٣) وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(٢٣٤) وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِنْ لاَ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلاَ أَنْ تَقُولُوا قَوْلاَ

[1] قورئانی پیرۆز، سورة البقرة، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

مَعْرُوفًا وَلاَ تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ(٢٣٥)لاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ(٢٣٦) وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلاَ أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوْا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(٢٣٧) .... وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ(٢٤١) كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ(٢٤٢)﴾

**واتـەی ئايەتـەكان:** (٢٢٥) خـوداى گـەورە ئـەو سـوێندانەتان لێناگرێـت كـە لـە دەمتـان دەردەچێتو لەسـەرى راهـاتوون، بـەڵكو لەسـەر ئـەوە لێتـان دەگرێـتو موحاسـەبەتان دەكـات كـە نيـەتى دڵتـانى لەسـەرەو خـوا لێخۆشـبووە (لـە گوناهەكـەتان)و ئـارامگرو خۆڕاگرە (زوو تۆڵە لە ياخىو سوێندخۆران ناسـێنێت). (٢٢٦) بـۆ ئەوانـەى كـە سـوێند دەخۆن نزيكى هاوسەريان نەكەون، بۆيان هەيە تا چوار مانگ چاوەڕوانى بكەن (دەبێـت لەو ماوەيەدا بڕيارى يەكجارەكى بدەن)، خۆ ئەگـەر ئاشـت بوونـەوەو ڕێككـەوتن، ئـەوە خوا لێخۆشبووو ميهرەبانە. (٢٢٧) خـۆ ئەگـەر سـوور بـوون لەسـەر تەڵاقـدانيان، ئـەوە بەڕاستى خودا بيسەرى (بڕيارانە)و زانايە (بە نيەتيان). (٢٢٨) ژنى تەڵاقدراو، دەبێت تا سێجار عاددەى مانگانە چاوەڕێ بكەنو (شوونەكەنەوە)و حەڵاڵ نيە بۆيان ئەوەى خودا لە مندالْدانياندا دروسـتى كـردووە (منـداڵ يـان حـەيز) بيشـارنەوە، ئەگـەر باوەڕيـان بـە خـوداو بـە رۆژى دوايـى دامـەزراوە، (لـەو ماوەيـەدا) هاوسـەرەكانيان شايسـتەن بـە گێڕانـەوەيان لـە مـاوەى چـاوەڕوانىو عيـددەدا، ئەگـەر ويسـتيان چاكسـازى لـە ژيـانى خۆياندا بكەن (ئەمەش بۆ تەڵاقى رەجعى يە)، ژنان مافيان هەيـە بەسـەر پياوانـەوە بـە وێنەى ئەو مافانەى كە بۆ پياوانە لەسەر ژنان بەگوێرەى باوو نەريتێك كـە پەسـەندە لـە ئيسلامداو پياوان بەسەر ئافرەتانەوە يەك پلەيان هەيە (ئـەويش دەسـەڵاتى گێڕانـەوەى ژنەكانيانـە لـە كـاتى تـەڵاقى رەجعيـدا)و خـودا باڵادەسـتو دانايـە (باڵادەسـتە بەسـەر هەمووانداو دانايە لە دابەشكردنى مافو ئەركەكاندا). (٢٢٩) تەڵاقێك (كە پيـاو بتوانێـت

هاوســەرەکەی تێـدا بگێڕێتــەوە) دووجــارە، دوو کەڕەتــە (پیــاو بــۆی هەیــە تــەڵاقی هاوسەرەکەی بداتو چاکترین شێوازی ئەوەیـە کـە لـە سـوننەتی پێغەمبـەر (د.خ) روون کراوەتەوە)، لەوەو دوا واتە بۆ سێهەم جـار ئـیتر ئەگـەر دەیـەوێت ژیـانی هاوسـەرگیری بباتە سەر (نابێت تەڵاق بێت بە دەمیداو ئەگەر هات) دەبێت بە چاکیو بـە ڕێكو پێكـی دەست بەرداری ببێتو بۆتان حەڵاڵ نییە هیچ شتێکیان لیّ بسێننەوە لـە مـارەیی‌و ئـەو شـتانەی پێتــان بەخشـیوون، مەگـەر بترسـن لـەوەی کـە نـەتوانن سـنوورەکانی خـودا چاودێری بکەنو (ستەم لەیەك بکـەن)، خـۆ ئەگـەر (ئـەی قازیـەکان، ئـەی خێرخـوازان) ترسان لەوەی کە ژنو مێردەکە سنووری خودا راناگرنو (خۆیان گوناهبار دەکەن) ئەوە ئێوە هیچ گوناهبار نابن کاتێك کە دڵنیان ئافرەتەکە دەیەوێت (بە هەنـدێك سـامان، یـان دەسـت هـەڵگرتنن لـە هەنـدێك مـارەیی) خـۆی رزگـار بکـات، دڵنیـابن ئـەو شـتانەی کـە باسـکران سـنوورەکانی خـودای پـەروەردگارن، لێـی مـەترازێنو سنوورشـکێنی مەکـەن، ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر سنوورەکانی خودا، ئـا ئـەو جـۆرە کەسـانە سـتەمکارن. (٢٣٠) خۆ ئەگەر (بۆ جاری سێهەم، پیاو ژنەکەی خۆی) تەڵاقدا، ئەوە ئیتر جـارێکی تـر بۆی حـەڵاڵ نابێـت مەگـەر دوای ئـەوەی شـوویەکی تـر بکـاتو (هاوسـەری دووەمـی بـە شێوەیەکی ئاسایی تـەڵاقی بـدات، یـان بمرێـت)، ئـەوە بۆیـان هەیـە بگەڕێنـەوە بـۆ لای یەکترو (ژیانی ژنو مێردایەتی دەست پێبکەنەوە)، ئەگەر گومانو رایـان وابـوو دەتـوانن سنوورەکانی خودا راگرنو (ژیـانێکی ئاسـودەیی ببەنـە سـەر)، جـا ئـەوەی کـە باسـکرا سنوورەکانی خودای گەورەن، روونیان دەکاتەوە بۆ گەلێك کـە بـزاننو تێبگـەن. (٢٣١) کاتێك ژنانی هاوسەرتان تەڵاقـداو ئـەوانیش گەیشـتنە کۆتـایی (عیـددەیان) ئەوسـا یـان بیانهێڵنەوە لای خۆتان بە چاکەو رێزەوە، یان دەست بەرداریان ببن بە چاکەو رێـزەوە، مەیان هێڵنەوە بە ئێشو ئازارەوە بۆ ئەوەی دەست درێـژیو سـتەمیان لـێ بکـەن، هـەر کەس ئەوە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە، نەکەن ئایەتو رێنمونیەکانی خـودا بـە گاڵتە وەربگرن، یادی نازو نیعمەتی خودا بکەنەوە لەسەرتان، هەروەها یادی ئەو شـتانە بکەنەوە کە لە قورئاندا بۆتان رەوانە کراوە کە پڕە لە دانـایی، لەکاتێکـدا ئامۆژگاریتـان دەکات بەوانەو هەوڵبدەن خواناسو ئاین پەروەر بنو چاك بزانن کە: بەڕاستی، خودا بـە

هەموو شتێك زانایە. (٢٣٢) هەروەها ئەگەر ژنتان تەڵاقداو گەیشتنە کۆتایی عاددەی مانگانەیان، ئێوە (ئەی کەسوکاری ژن) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا ئەگەر ویستیان شوو بکەنەوە بە هاوسەرەکانیان، (یاخود ویستیان شوویەکی تر بکەن)، کاتێك ئەوان لە نێوان خۆیاندا ڕەزامەندییان نواند بە شێوەیەکی جوان، ئەم (فەرمانو ڕێنموویيانە) ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ دەکرێت لە ئێوە کە باوەڕی بە خوداو ڕۆژی قیامەت هەبێت، ئەو جۆرە ڕەفتارو کردەوانەتان جوانترو پەسەندترو خاوێنترە، خودای پەروەردگاریش چاك دەزانێت (چی خێرە بۆتان)و ئێوە نایزاننو دەرکی پێ ناکەن. (٢٣٣) دایکان (تەڵاقدراو بن یان نا) دوو ساڵی تەواو با شیر بە منداڵەکانیان بدەن بۆ هەر کەس کە دەیەوێت شیری تەواو بداتو پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵەکەیە (واتە: باوکی یان بەخێوکەری) ڕزقو ڕۆزیو پۆشاك بە شێوەیەکی جوانو پەسەندی ئایین ئامادە بکات، ئەرك لەسەر هیچ کەس دانانرێت جگە لە توانای خۆی، نابێت هیچ دایکێك زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە، هەروەها باوکیشی نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوەو لەسەر میراتگری منداڵەکەشە وێنەی ئەو مافانەی کە باسکران، خۆ ئەگەر دایكو باوك هەر کاتێك بە ڕەزامەندیو پرسو ڕای هەردوولایان ویستیان منداڵەکەیان لە شیر ببڕنەوە، ئەوە قەیناکاتو هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە لەو بارەیەوە، خۆ ئەگەر ویستتان دایەن بۆ شیر پێدانی منداڵەکانتان بگرن، ئەوەش قەیناکاتو هیچ گوناهتان لەسەر نییە، بە مەرجێك مافو کرێیان بە جوانیو شایستە پێ بدەن، لە خودا بترسنو پارێزکاربنو چاك بزانن بەڕاستی خودا زۆر بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن. (٢٣٤) ئەو پیاوانەتان کە دەمرنو هاوسەران بەجێ دەهێڵن، پێویستە ئەو هاوسەرانە چوار مانگو دە شەو خۆیان بگرنو چاوەڕێ بکەن (شوو نەکەنەوە)، جا کە گەیشتە کۆتایی ماوەی عیددەکەیان، ئەوە ئیتر هیچ گوناهتان لەسەر نییە ئەی کەسو کاری ژن کە ڕێ بدەن ئەو ئافرەتانە بچنەوە دۆخی جارانیان لەوەی کە شەرع حەڵاڵی کردووە بۆیان پێش عیددە، خودای پەروەدگاریش زۆر ئاگادارە بەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن. (٢٣٥) هیچ گوناهێکیشتان لەسەر نییە لەوەی بە ناڕاستەوخۆ خوازبێنی ژنانی مێرد مردوو بکەن (کە هێشتا ماوەی

دیاریکراویان تەواو نەبووەو دروست نیە شوو بکەنەوە)، یاخود لە دڵـی خۆتانـدا بڕیـاری خوازبێنیتان دابێت، خودای گەورە بەڕاستی زانیویەتی کە ئێوە لەمەودوا ناویان دەبەنو باسـیان دەکـەن، بـەڵام نەکـەن بـە نهـێنی بـەڵێنیان لـێ وەربگـرن، مەگـەر بـە شـێوازی گفتارێکی چاكو دروستو باو نـەبێت، نەکـەن بڕیـاری تـەواوی مارەبڕینیـان بـدەن هـەتا ماوەی دیاریکراو تەواو نەبێتو چاکیش بزانن بەڕاستی خودا دەزانێت بەوەی کە لـە دڵو دەروونتاندایە، کەواتە خۆتان بپـارێزن (لـە قەدەغـە کراوەکـانی خـودا)، دڵنیـابنو چـاك بزانن کە خودا زۆر لێخۆشبووو خۆڕاگرو لەسەرخۆیە. (٢٣٦) هیچ گوناهتان لەسەر نییـە ئەگەر ژنانێك تەلاق بدەن کە هێشتا نەچووبنە لایان، یاخود مارەییتان بۆ دیـاری نـەکرد بوون، پێویستە لەسـەرتان هەنـدێك سـامانیان بـدەنێ، جا ئـەوەی دەوڵەمەنـدەو زۆری هەیەو ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەرکـەس) بـە پێـی توانـای خـۆی، ئـەم دیـاریو یارمەتیانە بە شێوەیەك بێت کە باوو پەسەندی شەرع بێت، ئەمەش ئـەرکێکی پێویسـتە لەسەر چاکەکاران. (٢٣٧) خۆ ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان، لە هـەمان کاتیشدا مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، ئەوە دەبێت نیوەی مارەییە دیـاری کراوەکـەیان بدەنێ، مەگەر خۆیان نەیانەوێتو چاوپۆشی لێ بکەن، یان ئەو کەسە چاوپۆشـی بکـات کە مارە بڕینەکەی بەدەستە، چاوپۆشیو لێبووردنتان لە مـافی خۆتـان لـە پارێزگاریـەوە نزیکترەو چاکەو پیاوەتی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن، بەڕاستی خودا بینایە بەو کارو کردەوانـەی کـە ئـەنجامی دەدەن.... (٢٤١) بـۆ ژنـانی تەڵاقـدراو بڕێـك سـامانو پـارە پێویسـتە لەسـەر پیـاوانی لـەخودا تـرسو پارێزگـار. (٢٤٢) ئـا بـەو شـێوەیە خـودا فەرمانەکانی خۆیتان بۆ روون دەکاتەوە (دەربارەی مافی ژنان) بـۆ ئـەوەی ژیـربنو بـیرو هۆشتان بخەنە کار.

++++++++++

– **سورة الاحزاب** [١] : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمْ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلاً(٤٩)﴾

**واتەی ئایەتەکە:** ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ئافرەتانی ئیماندارتان مارە کرد، لەوەودوا جیابوونەوەو تەلاقتان دان پێش ئەوەی بچنە لایان، ئەوە هیچ (عیددە)و ماوەیەکیان ناوێت تا حیسابی بۆ بکەن (ماوەی چاوەڕوانی ناوێت تا شوو بکات بە کەسێکی تر)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دیاریان پێشکەش بکەنو بەجوانی دەستبەرداریان ببن.

++++++++++

– **سورة الطلاق** [٢] : ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لاَ تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلاَ يَخْرُجْنَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لاَ تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا(١) فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَى عَدْلٍ مِنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا(٢) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا(٣) وَاللاَّئِي يَئِسْنَ مِنْ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنْ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاَثَةُ أَشْهُرٍ وَاللاَّئِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُوْلاَتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا(٤) ذَلِكَ أَمْرُ اللَّهِ أَنزَلَهُ إِلَيْكُمْ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا(٥) أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُمْ مِنْ وُجْدِكُمْ وَلاَ تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِنْ كُنَّ أُولاَتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُمْ بِمَعْرُوفٍ وَإِنْ تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى(٦) لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا(٧)﴾.

---

[١] قورئانی پیرۆز، سورة الاحزاب، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

[٢] قورئانی پیرۆز، سورة الطلاق، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

**واتەی ئایەتەکان:** (١) ئـەی پێغەمبـەر (د.خ) (بـە ئوممـەتت رابگەیەنـە) کاتێك ژنانتـان تەلاق دەدەن لە کاتی دیاری کراویاندا تەلاقیان بدەن (کە بریتیە لەوکاتە کە ئافرەت لـە عـاددەی مانگانــە پــاك بۆتــەوە)، حســابی ئەوکاتــەش بــە وردی رابگــرن، لـــە پەروەردگاریشتان بترسنو ماوەکەیان بۆ درێژ مەکەنەوە (ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوانـەدا یەکجار تەلاقتان دان، ئەوە بـا ئـەو ئافرەتـە لـە ماڵەکـەی خۆیـدا بمێنێتـەوە و) دەریـان مەکـەن لـە ماڵـەکانی خۆیانـدا، ئافرەتـەکانیش بـا لـە مـاڵ دەرنەچـن، مەگـەر کـارێکی ناشرینو نـاڕەوای ئاشـکرا ئـەنجام بـدەن، (ئەوکاتـە بـا لـەماڵ نـەمێننو بچـن بـۆ مـاڵی مەحرەمێکیان)، ئا ئەوەیە سنووری خودا لە بارەی تەلاقەوە، ئەوەی لە سنووری خـودا بترازێت ئەوە سـتەم لـە خـۆی دەکـات، ئـەی ئیمانـدار: تـۆ نازانیـت لەوانەیـە دوای ئـەو (تێکچوونو ساردییە) خودای گەورە بارودۆخێك پێش بهێنێت (کە ئاشـت ببنـەوەو رێك بکەونەوەو بۆیە نابێت لەماڵ دەرچن). (٢) کاتێك گەیشـتنە مـاوەی دیـاریکراوی خۆیـان (دوای یەك، یان ئـەو دوو تەلاقـە کـە خواردویانـە)، ئینجـا یـان بیانهێڵنـەوە لای خۆتـان هاوڕێ لەگەڵ رەفتارو هەڵسوکەوتی چاکدا، یاخود وازیان لێ بهێننو لێیان جیا ببنـەوە (لە سێهەم جاردا کە تەلاقتان خوارد) بە شێوەیەکی جوان کە مافیان پارێزراو بێـت، لـە کاتی جیابوونەوەی یەکجاریدا با دوو شایەتی دادپەروەرو خواناس لە خۆتان لـە نێوانـدا هەبێتو ئامادەی شایەتی بـدەنو بیپـارێزن بـۆ خـوداو لەبـەر خـودا، بـەوەی کـە باسـکرا ئامۆژگاری دەکرێت ئەو کەسەی باوەڕ بە خوداو رۆژی دوایی دەهێنێـت، جـا ئـەوەی لـە خودا بترسێتو پارێزگار بێت، ئەوە خودا دەرووی لێ دەکاتەوە... (٣) لـە شـوێنێکەوە رزقو رۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێتو خـۆی پێـی نازانێـت، جـا ئـەوەی پشـت بـە خـودا ببەسـتێت، ئـەو زاتـەی بەسـە، بـۆ ئـەوەی یاریـدەدەری بێـت، چـونکە بەڕاستی خودا کارو فرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خودا بۆ هەموو شتێك نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیار داوە (کە دەبێت پەیڕەوی بکرێـت). (٤) ئـەو ئافرەتانـەی کە نائومێد بوون لە عاددەی مانگانە لە هاوسـەرەکانتان، ئەگـەر کەوتنـە گومانـەوە کـە ئاخۆ عاددەی مانگانـەیان مابێـت یـان نـا، ئـەوە سـێ مـانگ چـاوەڕێ بکـەن، هـەروەها ئەوانەش کە بەهۆی کەم تەمەنیەوە هێشتا نەکەوتونەتە عاددەوە، ئەوانیش سـێ مـانگ

چاوەڕێ بکەن، ئەو ئافرەتانەش کە سکیان هەیە ماوەکەیان ئەوەندەیە تا سکەکەیان دادەنێن، جا ئەوەی کە لە خودا بترسێتو پارێزگار بێت، ئەوە خودا کاری بۆ ئاسان دەکات. (٥) ئا ئەوە فەرمانو سنووری خودایە کە ناردوویەتییە خوارەوە بۆتان، ئەوەی لە خودا بترسێتو پارێزگار بێت، خودا گوناهەکانی دەسڕێتەوەو چاوپۆشی لێ دەکاتو پاداشتەکەی بۆ گەورەو بێ سنوور دەکات. (٦) ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقێك یان دووانیان ماوە، بەگوێرەی تواناتان جێگەو ڕێگەیان بۆ دابین بکەن لە لای خۆتان، نەکەن ئازاریان بدەنو تەنگەتاویان بکەنو زۆریان بۆ بهێنن، خۆ ئەگەر سکیان هەبوو، (ئەگەر سێ تەڵاقیش درابوون) هەر بەخێویان بکەنو مەسرەفیان بکێشن هەتا سکەکەیان دادەنێن، خۆ ئەگەر هاتوو منداڵەکەیان بەشیر گۆشکردو بەخێویان کرد ئەوە حەقی خۆیان بدەنێ، دەکرێت بە شێوەیەکی جوانو چاك راوێژ لە ناویەکدا بکەن بۆ بەخێوکردنی منداڵەکە، خۆ ئەگەر پێکنەهاتنو ناکۆك بوون، ئەوە دەکرێت ئافرەتێکی تر منداڵەکەی بۆ بەخێو بکاتو شیری پێ بدات. (٧) جا ئەوەی دەوڵەمەندە با بەگوێرەی دەوڵەمەندیەکەی بەخشندە بێت، ئەوەیش کە کەم دەستەو هەژارە، با لەوە ببەخشێت کە خودا پێی بەخشیووە، چونکە خودا بەگوێرەی دارایی هەرکەسێك داوای بەخشین دەکات، دڵنیاش بن کە خودا دوای تەنگانە هەرزانی دەهێنێت، دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت.

++++++++++

– **سورة التحريم** [١] : ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ(١)قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ(٢) وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِي الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ(٣) إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ(٤) عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِنْكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا(٥)﴾

[١] قورئانی پیرۆز، سورة التحريم، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

واتەی ئایەتەکان: (١) ئەی پێغەمبەر تۆ بۆچی شتێك لەخۆت حەرام دەکەیت کە خودا بۆی حەڵاڵ کردویت، دەتەوێت بەو کارە هاوسەرەکانت رازی بکەیت؟! لە کاتێکدا هەر خودا لێخۆشبوو میهرەبانە. (٢) بەڕاستی خودا هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتانی بۆ بڕیارداون (بەوەی کەفارەتی بدەن)، ئەو خودایە گەورەتانەو پشتیوانو یارمەتی دەرتانە، هەر ئەویش زاتێکی زاناو دانایە. (٣) کاتێك پێغەمبەر (د.خ) قسەیەکی نهێنی لای هەندێك لە خێزانەکانی درکاند (کە ئەویش دایکە حفصە بوو)، جا کاتێك ئەویش باسەکەی گەیاندە دایکە عائیشە خوداش پێغەمبەری ئاگادار کرد لە رازو نیازیانو باسی هەندێك لە رازەکەی کردو باسی هەندێکی نەکرد، (پێغەمبەر ((د.خ)) گلەیی لە حفصەی خێزانی کرد، دەربارەی درکاندنی نهێنیەکە) دایکە حفصە پرسی: کێ ئەم هەواڵەی پێ گەیاندیت؟ پێغەمبەر ((د.خ)) وتی: خودای زاناو ئاگا منی ئاگادار کرد، (ئەم چەند ئایەتە دەربارەی رووداوێکی تایبەتیە لە ژیانی پێغەمبەردا ((د.خ)) کە لە کتێبەکانی سیرەدا باس کراوە). (٤) (بۆیە خودای گەورە پێیان دەفەرموێت:) ئەگەر هەردووکتان داوای تەوبەو پەشیمانی بکەنو بگەڕێنەوە بۆ لای خودا، ئەوە باشە، چونکە دڵەکانتان لە خشتە چوو بووو ترازا بوو، خۆ ئەگەر پشتی یەکتر بگرن دژ بە پێغەمبەر ((د.خ))، ئەوە چاك بزانن کە خودا خۆی یاریدەدەرێتیو هەروەها جوبرەئیلو ئیماندارە چاکەکان، فریشتەکانیش لەوەودوا پشتیوانن بۆی. (٥) ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) تەڵاقتان بدات، ئەوە نزیکە خودا هاوسەرانی چاکتر لە ئێوەی پێ ببەخشێت، موسڵمانو باوەڕدار، ملکەچی پەروەردگار، زوو لە هەڵە پەشیمان، خوداپەرستو دیندار، رۆژووەوان، یان بیرو هۆشیان لە کاردایەو سەرنجی دروست کراوانی خودا دەدەن، هەروەها ئەو ئافرەتانە هەیانە بێوەن (بێوەژن)و هەیانە کچن...

****

## مارەبەجاش

ماره كردنێكی دیكه كەماره كردنێكی (فاسدة) بریتییه له (نكاح المحَلِّل) به كوردی پێی دەوترێت ((ماره بەجاش)) ئەویش بەو شێوه دەبێت پیاوێك خێزانەكەی تەلاق دەدات تەلاقی سێهەم دوای ئەوەی كەلە پیاوی یەكەم حەرام دەبێت پیاوێكی دیكه ئەو ئافرەته ماره دەكات بەمەبەستی ئەوەی حەلاڵی بكاتەوه بۆ پیاوی یەكەم. ئەم جۆره ماره كردنه له گوناهه گەوره كانەو نەفرەتی (لعنة)ی لێكراوه.

**وەك لەم فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) دا هاتووه:**

نمونەی فەرموودەكە:

عن ابن مسعود–رضي الله عنه– قال :( لَعَنَ رسُولُ الله صلّى الله عليه وعلى آله وسلم المُحِلَّ والمُحَلَّل له) رواه الترمذي. [1]

واته: پێغەمبەر محمد (ﷺ) له عنەتی لەو پیاوه كردووه، كه ئەو جۆره ئافره تانه حەلاڵ دەكاتو لەو پیاوەیش كەبۆی حەلاڵ دەكرێت، نەفرەت–لعنه– بۆ گوناهه گەورەكان بەكار دێت.

- ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) فەرمویەتی:"هەر كەسێك ئەو جۆره پیاوانەم بۆ بهێنێت رەجمیان دەكەم". [2]
- عەبدوڵڵای كوڕی ئیمامی عومەر پرسیاریان لێكرد دەربارەی ئەم حەلاڵ كردنه بۆ پیاوی یەكەم؟ فەرموی: ئەوه زینایه. وه فەرموشی:" ئێمه له سەردەمی پێغەمبەر محمد (ﷺ)دا بەزینامان ئەژمارد".

---

[1] عن ابن مسعود، رواه الترمذي -١١٢٠، و النسائي-٦/ ١٤٩. و أحمد -١/ ٤٤٨، حديث صحيح .

[2] مامۆستاعبدالكریم محمدقادر، حسبنا الله ونعم الوكيل. ٧/ ٥/ ١٤٣٤هـ، ئادمین:عـمر كاسكانی.

ئـــەوە حـــوكمی شـــەرعە بـــۆ "مارەبـــەجاش"، بـــەڵام بەداخـــەوە لـــە نـــاو موسوڵمانان‌دا بەناوی ئیسلامەوە ئـەم جـۆرە مارەبەجاشـە ئـەنجام دەدرێـت. بەڵێ کاتێك ئەو ئافرەتە بەو شێوەیە مارەبەجاشی پێ دەکرێت‌و زیناشـی لـە گـەڵ دەکرێـت‌و دوای تـەڵاقی ئـەدەن بـۆ پیـاوی یەکـەم. ئـەوە حـوکمی ئیسـلاممان زانـی بەرامبـەر بـە مارەبـەجاش. پێویسـتە لـە سـەر هـەموو موسوڵمانێك لەم حوکمە ئاگادار بێت. بۆ ئەوەی چی دیکە سوکایەتی نەکرێت بە ئافرەتان بەناوی ئیسلامەوە نەفرینی – الله عزوجل– لەو کەسانە بێت کە مارەبەجاش دەکەن‌و پێی ڕازین.

**یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو**

لەگەڵ حوکمو ماددەکانی

**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

## دەروازەی چوارەم
## هەڵوەشانەوەی گرێبەندی هاوسەرگیری

### بەشی یەکەم
### تەڵاقدان

### ماددەی سیو چوارەم: [١]

**یەکەم:** تەڵاقدان بریتییە لە هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی راشکاو، کە شەرعو یاسا دەلالەتی لەسەردەکەن بەبێ بەستنەوە بە دارشتنێکی سنووردار، یان زمانێکی دیاری کراو بە کەوتنی لەلایەن مێرد یان ژن ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان سەرپشک کرابێت یاخود لە دادوەرەوە بێ.

---

(١) حوکمەکانی ماددەی سیو چوارەم لە یاسایەکە، لەهەرێمدا، بەپێی ماددەی سیازدەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ لەکارخراو، ئەوەی سەرەوە جێگای گرتەوە.

تێبینی: یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە (الوقائع العراقیە) ژمارە (٢٨٠) ی رۆژی (١٩٥٩/١٢/٣٠)دا بلاوکراوەتەوە.

یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە ژمارە (٩٥)ی رۆژی (٢٠٠٨/١٢/٣٠)ی وەقایعی کوردستاندا بلاوکراوەتەوە.

**دووەم:** گـوێ بـە وەكالـەت نـادرێ لـەكاتی ڕێكارەكـانی توێژینـەوەی كۆمەڵایـەتیو تـەحكیمو لەكـەتنی تـەڵاق، ئەگـەر بەربەسـتێك نـەبێ لـە ئامادەبوونی یەكێك لەدوو هاوسەرەكە.

**سێیەم:** گوێ بە تەڵاق نادرێ بە ئامادەبوونی دوو شایەدی ڕاستگۆ نەبێ لـەكاتی كەوتنیـدا یـان دانپێـدانانی لەبـەردەم هـەردووكیان یـان لەبـەردەم دادوەردا.

## ماددەی سی‌و پێنجەم: [(1)]

١. تەڵاقی سەرخۆش یان شێتو كەم ئەقڵو ناچاركراو یان ئـەو كەسـەی شت لێك جیاناكاتەوە لـە ئـەنجامی تـووڕەیی یـان كارەسـاتی كتـوپڕ یـاخود پیریی یان نەخۆشی ناكەوێ.

٢. تەڵاقی ئەو نەخۆشە دەكەوێ كـە نەخۆشـی مـەرگێتی یـان لەبارێكـدا بـووە كـە ئەگـەری لەناوچـوونی زۆربـێ، ئەگـەر لـەو نەخۆشـیەدا یـان لـەو حاڵەتەدا مرد، بە مەرجێك هەستی جیاكردنەوەی لەدەست نەدابێت، ژنەكەی دەبێتە میراتگری هەرچەندە تەڵاقەكەشی (بائین) بێت.

## ماددەی سی‌و شەشەم:

ئەو تەڵاقە ناكـەوێت كـە دەسـتبەجێ نـەبێت، یـان مەرجـدار بێـت، یـان بەشێوەی سوێند خواردن بەكارهاتبێت.

(١) ماددەی سی‌و پێنجەم لە یاسایەكە، لەهەرێمدا، بەپێی ماددەی چواردەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ لەكارخراو ئەوەی سەرەوە جێگای گرتەوە.

## ماددەی سی‌و حەوتەم: [1]

١- مێرد سێ تەڵاقی دەرهەق بە ژنەکەی بەدەستە.

٢- ئەو تەڵاقە ناکەوێ کە بەژمارە گوتراوە، یا بەهێما، مەگەر یەکێك نەبێ‌و تەڵاقی (موعتەددە)ش ناکەوێ.

٣- ئەو ژنەی سێ جاری جیا جیا تەڵاق بدرێت، دەبێتە (بەینونە)ی گەورە (لێکترازانی گەورە).

## ماددەی سی‌و هەشتەم: تەڵاق دوو بەشە:

١- گێڕانەوەیی (رەجعی): دەشێ مێرد لەکاتی عیددە، سەردانی ژنەکەی بکات بێ‌گرێبەستکردنەوە بەمەرجێك ئارەزووی هەردووکیان لەسەر چاکبوونەوە بێت. [2]

٢- تەڵاقی جوداکەرەوە (بائن)، ئەمیش دوو بەشە:

أ- جوداکەرەوەی (بائن)ی بچووك: لەم جۆرە تەڵاقەدا، مێردەکە بۆی هەیە ژنە تەڵاقدراوەکەی خۆی، بە گرێبەندێکی نوێ بهێنێتەوە.

ب- جوداکەرەوەی گەورە (بنبڕ): لەم جۆرە تەڵاقەدا، مێردەکە بۆی نییە (حەرامە) ژنە تەڵاقدراوەکەی، کە سێ جار، جیا جیا تەڵاقی داوەو ماوەی عیددەکەشی لەسەرچووە بهێنێتەوە.

---

[1] بڕگەی (٢) ی ماددەی سی‌و حەوتەم لە یاسایەکە، لەهەرێمدا لەکارخراو، بەپێی ماددەی پازدەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، ئەوەی سەرەوە جێگای گرتەوە.

[2] بڕگەی (١)ی ماددەی (سی‌و هەشتەم) لە یاساکە، لەهەرێمدا لەکارخراو، ئەوەی سەرەوە بەپێی ماددەی شازدەم لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگای گرتەوە.

**ماددەی سیو نۆیەم:** [(١)]

١- هەر کەسێ بیەوێ ژنەکەی تەڵاق بدات، پێویستە داوایەك لە دادگای باری کەسایەتی بکاتەوە داوای کەوتنی تەڵاقەکە بکاتو، بڕیاری دادگای لەسەر وەربگرێت. ئەگەریش نەیتوانی سەر لەدادگا بدات، پێویستە تەڵاقدانەکە، لەماوەی عیددەدا لەدادگا تۆمار بکات.

٢- مێرد ناچار دەکرێت گوژمە پارەیەك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ لە سندوقێکی تایبەتی چاودێری خێزان دابنێ لەلای دادگا لەکاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاق.

٣- ئەگەر مێرد، ژنەکەی تەڵاق داو، لەلای دادگا ساغ بووەوە کە پیاوەکە خەتابارە لە تەڵاقدانیو ژنەکەی لەو بارەیەوە تووشی زیان بوو بوو ئەوا دادگا حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە پێشکەشی دەکات، بەوەی کە پیاوەکەی تەڵاقی داوە قەرەبووێکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایيو پلەی خەتاو توندوتیژییەکەیداو تێکڕا تەخمین دەکرێ بەمەرجێك کەمتر نەبێ لە نەفەقەی سێ ساڵو، زیاتریش نەبێ لە پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون.

٤- حکومەتی هەرێم، چاودێری ژنی تەڵاقدراو، کە هیچ دەستکەوتێکی نەبێ دەخاتە ئەستۆی خۆیو پارەیەکی مانگانەی لەلایەن چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ تەرخان دەکرێ، تاکو دەرفەتێکی کارکردنی بۆ دەڕەخسێ، یاخود شوو دەکاتەوە.

---

[(١)] بڕگەی (٢و ٣)ی ماددەی (سیونۆیەم) لە یاسایەکە، لەهەرێمدا، لەکارخراو، ئەوەی سەرەوە بەپێی ماددەی حەڤدەم لەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگای گرتەوە هەر بەپێی ئەم ماددەیە بڕگەیەکیش بەزنجیرەی (٤) وەك ئەوەی سەرەوە بۆ ماددەی (سیو نۆیەم) زیادکرا.

## بەشی دووەم
## لێکجیاکردنەوەی دادگایی

### ماددەی چلەمین:

بۆ هەریەکە، لە ژنو مێرد هەیە داوای لێکجیابوونەوە بکەن ئەگەر یەك لەم هۆکارانەی خوارەوە لەئارادابێت:

١- ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان زیان بە ئەویدی یان بە منداڵەکانیان بگەیەنێت بەشێوەیەك نەتوانن لەژیانی هاوسەرێتی بەردەوام بن. خوو پێوەگرتن بە سەرخۆشکەرو هۆشبەرەکان، بە زیانگەیاندن دەژمێردرێت، بەمەرجێك خوو پێوەگرتنەکە بەراپۆرتێکی رەسمی، لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ بیسەلمێنێت، هەروەها قومارکردن لەماڵی هاوسەرێتیدا لەخانەی زیانگەیاندن دادەنرێت.

٢- ئەگەر هاوسەرەکەی دیکە ناپاکیی هاوسەرێتی ئەنجام بدا. جووتبوونی پیاوەکەش لەدواوە لەگەڵ ژنەکەیدا (لواگ)، بەهەر شێوەیەك بێت، بەناپاکی هاوسەرێتی دەژمێردرێت.

٣- ئەگەر گرێبەندی هاوسەرگیری، بەرلەوەی یەك لە هاوسەرەکان هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، بەبێ رەزامەندیی دادوەر ئەنجامدرابێت.

٤- ئەگەر هاوسەرگیریەکە لە دەرەوەی دادگا، بەشێوەی زۆرەملێ ئەنجامدرابێتو جووتبوونیشی لەگەڵدا کرابێت.

٥- ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی لێك جودابوونەوەی دەبێ.[١]

---

[١] برگە (٥)ی ماددەی چلەم لە یاسایەکە، لەهەرێمدا لەکارخراو، ئەوەی سەرەوە، بەپێی ماددەی هەژدەم لەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگای گرتەوە.

**ماددەی چل و یەکەم:**

١. هەریەك لە هاوسەرەكان بۆیان هەیە، ئەگەر ناكۆكی لەنێوانیاندا بەرپابوو، داوای لێكجیابوونەوە بكەن، چ پێش جوتبوون، چ پاش جوتبوون.

٢. پێویستە دادگا لە هۆكاری ناكۆكییەكە بكۆڵێتەوە، ئەگەر بوونی ناكۆكییەكە سەلمێنرا، ئەوا پێویستە ناوبژیوانێك لە كەسوكاری ژنەكەو، ناوبژیوانێك لەكەس‌وكاری مێردەكە دەستنیشان بكرێت (ئەگەر دەست كەوتن) بۆ ئەوەی لەگەڵ یەكدی ئاشتیان بكەنەوە، ئەگەر دەست نەكەوتن، دادگا هەڵبژاردنی ناوبژیوانەكان دەخاتە ئەستۆی هەردوو هاوسەرەكە، ئەگەریش رێك نەكەوتن، دادگا، خۆی هەڵیاندەبژێرێت.

٣. پێویستە لەسەر هەردوو ناوبژیوانەكە هەوڵی پێكهاتنەوەیان بدەن، ئەگەر بۆیان نەكرا، گرفتەكە بۆ دادگا بەرزبكەنەوەو بەرونی لایەنی كەمتەرخەم دەستنیشان بكەن. ئەگەر ناوبژیوانەكانیش لەگەڵ یەك ناكۆك بوون، دادگا ناوبژیوانی سێیەمیان بۆ دەستنیشان دەكات.

٤. دەبێتە سێ خاڵ:

**أ-** ئەگەر دادگا بۆی دەركەوت كە ناكۆكیی نێوان هاوسەرەكان بەردەوامەو، نەشیتوانی پێكیان بهێنێتەوەو، مێردەكەش رازی نەبوو ژنەكەی تەڵاق بدات، دادگا لێكیان جیادەكاتەوە.

**ب-** ئەگەر لێكجیابوونەوەكە پاش جووتبوون بوو، كەمتەرخەمیەكەش لە ژنەكە بوو، ئەوا مارەیی پاشەكییەكەی ناكەوێت چ داواكار بێت چ داوا لێكراو، خۆ ئەگەر هەموو مارەییەكەی وەرگرتبێت، پێویستە نیوەی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەگەر سەلمێنرا كە كەمتەرخەمیەكە لە هەردوكیانەوە

بووە، ئەوا مارەیی پاشەکییەکە، لەنێوانیان بەڕێژەی کەمتەرخەمیەکەیان دابەش دەکرێت.

ج– ئەگەر لێکجیابوونەوەکە، پێش جووتبوون بوو، سەلمێندراش کە کەمتەرخەمیەکە لە ژنەکە بووە، ئەوا پێویستە ئەوەندەی لە مارەییە پێشینەکەی وەرگرتووە، بیداتەوە.

## ماددەی چل و دووەم:

ئەگەر داوای جیابوونەوە، لەبەر یەکێ لەو هۆیانەی لەماددەی چلەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، نەسەلمێندراو رەتکرایەوە، بڕیاری رەتکردنەوەکەش پلەی بنبڕبوونی وەرگرت، پاشان داوایەکی تری لێکجیابوونەوە لەسەر هەمان هۆکار بەرزکرایەوە، ئەوا پێویستە لەسەر دادگا پەنا بباتەبەر ناوبژیوانی کردن بەپێی دەقی ماددەی چل و یەکەم.

## ماددەی چل و سێیەم: [1]

**یەکەم:** ژن، بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، ئەگەر یەك لەم هۆکارانەی خوارەوە لەئارادابوو:

١– ئەگەر مێردەکەی بەندکرا بە سزایەك ئازادی موقەییەد بکات بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ و زیاتر دوای ساڵێك لە جێبەجێ کردنی هەرچەندە دەرامەتی هەبێ و خەرجی بکات.

---

[1] (١، ٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی چل و سێیەم لە یاسایەکە، لەهەرێمدا لەکارخراو، ئەوانەی سەرەوە بەپێی ماددەی نۆزدەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگەیانی گرتەوە. هەر بەپێی ئەم ماددەیە، بڕگەی (سێیەم)یش لەکارخرا.

٢- ئەگەر مێرد، ژنەکەی بۆ ساڵێك‌و زیاتر، بەبێ پاساوی (رەوا) بەجێهێشت، هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێ-بوونی دیار بێ‌و دەرامەتی وای هەبێ لێی خەرج بکات.

٣- ئەگەر مێرد، لەرۆژی گرێبەندەکەوە تاماوەی دوو ساڵیش، داوای گواستنەوەی ژنەکەی کە نەچوبێتە پەردەوە نەکردبێ ئەگەر مافەکانی هاوسەرێتی بەجێ نەهێنابێت، داوای گواستنەوەی ژنەکەی بکات داواکەی بەهەند وەرناگیرێت.

٤- ئەگەر مێردەکەی بەستراو (عنین) دەرچوو، یان گرفتاربوو بە نەخۆشییەك کە نەیتوانی ئەرکی ژن‌و مێردایەتیی لەگەڵدا بەجێ بهێنێ، چ لەبەر هۆکاری ئۆرگانی، چ لەبەر هۆکاری دەروونی، یان پاش لەپەردەکردنی ژنەکەی، گرفتار بووبێ‌و، بەپێی راپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ سەلمێنرابێت کە چارەسەری بۆ نییە. بەڵام ئەگەر بۆ دادگا دەرکەوت کە هۆکارەکەی، هۆکارێکی دەروونییە، ئەوا بۆماوەی یەك ساڵ جیابوونەوەکەیان دوادەخات، بە مەرجێ ژنەکە بتوانێت، لەماوەی ئەو ساڵەدا، مێردەکە، لەخۆی بێنێتەکار.

٥- ئەگەر مێردەکەی نەزۆك بێت، یان دوای ژنهێنانی تووشی نەزۆکی بێت‌و هیچ منداڵێکی زیندووشی لەمێردەکەی بۆ نەمابێتەوە.

٦- ئەگەر ژنەکە، پاش گرێبەندەکە بۆی دەرکەوت کە مێردەکەی دەردەدارەو تووشی گەڕی یان خورشت یان ئسیقا یان زوهری یان شێتی بووەو، بەبێ زیان، لەگەڵیدا نایباتەسەر، یان دوای ئەوە تووشی دەردێك لەو دەردانە، یان دەردێکی تری وەك ئەو دەردانە بووە. بەڵام ئەگەر دادگا، دوای پشکنینی پزیشکی، بۆی دەرکەوت کە دەردەکەی ئومێدی چاکبوونەوەی

لێدەكرێت، ئەوا جیاكردنەوەیان دوادەخات تا چاك دەبێتەوەو، ژنەكەش بۆی هەیە بەدرێژایی ماوەی دواخستنەكە سەرجێیی نەكات. بەڵام ئەگەر دادگا بۆی دەركەوت، كە ئەو دەردەی هیوای ئەوەی لێناكرێت لە ماوەیەكی گونجاودا نەمێنێ‌و، مێردەكەشی رازی نەبوو تەڵاقی بداتو، ژنەكەش مكوڕبوو لەسەر داواكەی، ئەوا قازی حوكم بەجیاكردنەوەیان دەدات.

٧ ئەگەر مێردەكە، رازی نەبوو بەبێ پاساوێكی بەجێ (رەوا) خەرجیی ژنەكەی بكێشێ، دوای ئەوەی ئەو پەڕیشی شەست رۆژ مۆڵەتی پێدرابوو.

٨- ئەگەر نەتوانرا (نفقة) لە مێردەكە بسەنرێت لەبەر پێواربوونی (تغیبة) یان بزربوونی یان خۆشاردنەوەی، یان حوكمدانی بە حەپسكردن لەساڵێك زیاتربێت.

٩- ئەگەر مێردەكە رازی نەبووبێت ئەو خەرجییە بدات كە حوكمی پێدەرچووەو لەسەری كەڵەكەبووەو، فەرمانگەی جێبەجێكردنیش، مۆڵەتی ئەوپەڕی شەست رۆژی پێدابێت.

**دووەم:** ژن بۆی هەیە، بەر لە چوونە پەردە، داوای لێك جودابوونەوە بكاتو پێویستە لەسەر دادگاش بڕیاری لێك جودابوونەوەكە بدات، دوای ئەوەی ژنەكە هەموو ئەو مارەییەو خەرجییانەش دەداتەوە بە مێردەكە، كە بەڕاستیو دروستی بە مەبەستی ئەو هاوسەرگیرییە سەرفی كردووە.

## ماددەی چلو چوارەم: [١]

دەشێ هۆیەكانی لێك جودابوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیری بەهەموو هۆیەكانی سەلماندنو لەوانەش ئەوە شایەدییانەی

[١] ماددەی چلو چوارەمی یاسایەكە، لەهەرێمی كوردستاندا، لەكارخراو، ئەوەی سەرەوە بەپێی ماددەی بیستەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگای گرتەوە.

گوێیان لێگیراوە، ئەگەر بە تەواوتر هاتبێ‌و ئەمەش دادگا دیاری دەکات، بەدەر لەو حاڵەتانەی کە یاسا هۆیە دیاریکراوەکانی سەلماندنیانی دەستنیشان کردووە.

## ماددەی چل‌و پێنجەم:

ئەو لێك جودابوونەوانەی کە لە ماددەکانی (چلەم‌و چل‌و یەکەم‌و چل‌و دووەم‌و چل‌و سێیەم)دا هاتووە بە تەڵاقی (بینونە)ی بچووك دادەنرێن.

### بەشی سێیەم
### لێك جودابوونەوەی بەخوایشت (الخلع)

## ماددەی چل‌و شەشەم: [1]

١- لابردنی کۆتی هاوسەرگیری (خولع) بە دەربڕینی (خولع)ـە، یاخود بەوەی کە ماناکەی دەبەخشێ، بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەك زیاتر نەبێ لەوەی وەریگرتووە لەمارەیی دیاریکراوو مەرجیش نییە مێردەکە بەو (خولع)ـە رازی بێ ئەگەر دەرکەوت بۆ دادوەر لەڕێگەی تەحکیمەوە کە ژنەکە ناتوانێ لەگەڵیدا بژی.

٢- بۆ دروستیی لێك جودابوونەوە بەخوایشت، مەرج ئەوەیە کە مێردەکە لێوەشاوەبێت بۆ تەڵاقدانەکەو، ژنەکەش (محل) ی تەڵاقدانەکە بێت. بە (خولع) تەڵاقی (بائن) دەکەوێ.

---

[1] هەردوو بڕگەی (١، ٣) لەماددەی چل‌و شەشەمی یاسایەکە، لەهەرێمی کوردستاندا لەکارخراون، بڕگەی (١)ی سەرەوە، بەپێی ماددەی بیست‌و یەکەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگایانی گرتەوە.

## دەروازەی پێنجەم
## لە عیددەدا ( واتا لەرۆژانی بێنوێژیدا )

### ماددەی چل‌و حەوتەم:

لەسەر ژن پێویستە لەم دوو حاڵەتانەی خوارەوەدا عیددە بگرێت:

١. ئەگەر لێك جودابوونەوەی خۆی‌و مێردەكەی، پاش لەپەردەكردنی روویدا، چ بەهۆی تەڵاقی گەڕاوە، یان (بینونە)ی بچووك یان گەروە یان لێك جودابوونەوە یان یەكترجێهێشتن یان هەڵوەشانی گرێبەندەكە یان سەرپشكی باڵقبوون (خیار البلوغ).

٢. ئەگەر مێردەكەی مرد، هەتا، ئەگەر پێش لەپەردەكردنیشی مردبێت.

### ماددەی چل‌و هەشتەم:

١. عیددەی تەڵاق‌و هەڵوەشاندنەوە بۆ لەپەردەكراو، سێ بێنوێژییە (قروو).

٢. ئەگەر ژنەكە بالغ بوو، لە بنەڕەتیشدا بێنوێژ نەبووبێ، ئەوا عیددەی تەڵاقی یان جوداكردنەوەی، سێ مانگی تەواوە.

٣. عیددەی ئەو ژنەی مێردەكەی دەمرێ، چوار مانگ‌و دە رۆژە بۆ ژنی یەك گیان، بەڵام بۆ ژنێ زگی هەبێ (دووگیان بێت) لەو ماوەیەی تا منداڵەكەی دەبێت‌و لەو ماوەیەی كە دیاركراوە كامیان درێژتربێت عیددەكەی دەگرێت.

٤. ئەگەر ژنە تەڵاقدراوەكە، لە عیددەدا بوو، مێردەكەی مرد، ئەوا عیددەی مردنەكەی دەگرێ‌و ماوەرابوردووەكەی بۆ حساب ناكرێت.

**ماددەی چل و نۆیەم:**

عیددە، دەستبەجێ (فوراً) دوای تەلاقدان، یان دوای لێك جودابوونـەوە، یان دوای مردنەکە دەست پێدەکات،هەرچەندە ژنەکە بەتەلاقدانەکەش یان بە مردنەکەشی نەزانیبێت.

**ماددەی پەنجایەم:** [1]

دەبێ نەفەقەی عیددە بۆ ژنە تەلاقدراوەکە، لەسەر مێردە زیندووەکەی بێ‌و، هیچ نەفەقەیەك بەناوی عیددەی مردن نادرێت.

## دەروازەی شەشەم

## منداڵبوون و ئەنجامەکانی

### بەشی یەکەم

### هەوێنی منداڵ، پشتەباب (النسب)

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**

منداڵی هەموو ژنێك، لەپشتی مێردەکەیەتی، بەم دوو مەرجەی خوارەوە:-

١. کەمترین ماوەی زگەکەی (دوو گیانیەکەی) بەسەر گرێبەندی هاوسەرگیرییەکەیدا تێپەڕیێت.

٢. تێکەڵبوونی ژن‌و مێردەکە لەتوانادا بێت.

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

١. داننان بە کوڕایەتیی (البنوه) کەسێکی باوکنەزانراودا هەتا، ئەگەر لە سەرەمەرگیشدا بێت- پشتەبابی (النسب)ی دانپێدانراوەکەی پێ دەچەسپێ، ئەگەر کەسێکی وەك ئەم، لەو بکەوێتەوە (یولد مثله لمثله).

---

[1] ماددەی پەنجایەم لە یاساکە، لەهەرێمدا لەکارخراو، ئەوەی سەرەوە، بەپێی ماددەی بیست‌و دووەم لەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ جێگای گرتەوە.

٢. ئەگەر دانپێدانەرەکە ژنێکی بەشوو بوو، یان لە بێنوێژیدابوو (معتدة)، ئەوە لەو بارەدا، ناچەسپێت کە ئەو منداڵە لەپشتی مێردەکەی بووبێت، مەگەر بە بڕوایی مێردەکە یان بە بەڵگە.

### ماددەی پەنجاو سێیەم:

دانپێدانانی بابنەزانراو، بە باوکایەتی یان دایکایەتیدا، پشتەبابەکەی پێدەسەلمێنێت، ئەگەر دانپێدانراوەکە بڕوایی پێداو، کەسێکی وەك ئەمیش، لەو کەوتبێتەوە.

### ماددەی پەنجاو چوارەم:

دانپێدانان بە پشتەبابدا، لە غەیری کوڕایەتیو باوکایەتیو دایکایەتیدا، لەسەر غەیری دانپێدانەر پێڕۆناکرێ. تەنیا بە بڕوایی پێدان نەبێ.

## بەشی دووەم
## لە شیرەخۆری و لەلەیی (الحضانة)دا

### ماددەی پەنجاو پێنجەم:

دایك، پێویستە شیر بە منداڵەکەی بدات، تەنیا لە حاڵەتەکانی نەخۆشیدا نەبێ کە ڕێگای ئەوەی پێنادەن.

### ماددەی پەنجاو شەشەم:

کرێی دایکی شیریی منداڵ لەسەر خەرجیبەدەستی منداڵەکەیە، ئەوەش بەرامبەر بە خۆراکەکەی دادەنرێت.

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

١- لەژێر سایەی هاوسەرێتیو لە جیابوونەوەشدا، دایك، لەبەرترە (احق) بۆ لەلەییو پەروەردەکردنی منداڵەکەی، ئەگەر منداڵەکە بەو کارە زیانی پێنەگات.

٢- مەرج ئەوەیە، لەلەکە (دایەنەکە) باڵغو ئاقڵو جێگای متمانەبێتو بتوانێت منداڵەکە پەروەردە بکاتو بیپارێزێت، دایکێکیش تەڵاقدرابێو مێردبکاتەوە لە لەلەیی ناکەوێو، دادگا بڕیاردەدا کە لەم بارەدا، بۆ بەرژەوەندی منداڵەکە، دایکی لەبەرترە لەلەیی بکات، یان باوکی.

٣- ئەگەر لەلەکە (دایەنەکە) لەگەڵ خەرجیبەدەستی منداڵەکە، لەسەر کرێی لەلەییەکە ڕێکنەکەوتن، ئەوا دادگا دەیخەملێنێ. تا هاوسەرێتییەکەش لەئارادابێت، یان ژنەکە لە بێنوێژیی (معتدە) تەڵاقی گەڕاوەدا بێت، حوکم بە بڕی کرێی دایەنییەکە نادرێت.

٤- باوك بۆی هەیە چاودێریی کاروبارو پەروەردەو فێرکردنی منداڵە بەدایەندراوەکە بکات، تا، دە ساڵان لەتەمەنی تەواو دەکات، دادگاش بۆی هەیە ماوەی لەلەیی بچووکەکە، تا پازدە ساڵان تەواو دەکات درێژبکاتەوە ئەگەر بۆی سەلمێندرا دوای گەڕانەوە بۆ لیژنەکانی پسپۆڕی پزیشکیو میللیش، ئەو درێژکردنەوەیە، بە بەرژەوەندی منداڵەکە دەزانن، بەمەرجێ، بەشەو، لەلای دایەنەکەی (لەلەکەی) ببێو لای کەس نەمێنێتەوە.

٥- ئەگەر منداڵەکە پازدە ساڵانی لەتەمەنی تەواوکرد، مافی بەگەنکردنی (اختیار) مانەوەی دەبێت لای دایك یان باوکی یان لەلای خزمێکی تا، تەمەنی هەژدە ساڵان تەواو دەکات، ئەگەر دادگا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەو جێگەیەی بە دروستی بەگەنکردووە.

٦- لەلەیەك، بەحوکمی دادگا، کۆتایی بە لەلەیەتییەکەی هێنرابێت، بۆی هەیە، داوای منداڵەکە، لەو کەسە بکاتەوە کە حوکمی وەرگرتنی منداڵەکەی بۆ دراوە، ئەگەر سەلمێندرا، لەو ماوەیەی کە لەلای بووە زیانی پێگەیشتووە.

٧- ئەگەر دایکی بچووکەکە، مەرجێك لە مەرجەکانی لەلەیی لەدەست دا، یان مرد، ئەوا لەلەیەتییەکە دەکەوێتە سەر باوکی، ئەگەر بەرژەوەندی بچووکەکە لەوەشدا نەبوو، ئەوا لەلەیەتییەکەی دەدرێ بەو کەسەی دادگا بەگەنی دەکات، لەمەشدا بەرژەوەندی بچووکە رەچاو دەکات.

٨- ئەگەر نەدایك، نەباوك بۆ لەلەیی (دایەنێتی) لەبارنەبوو، ئەوا، دادگا ئەو کارە دەخاتە ئەستۆی دایەنێك، یان لەلەیەکی ئەمین. ئەگەر دایەنگای ئامادەکراوی دەوڵەت هەبوو، ئەوا دادگاکە دەشێ بە دایەنگای دەوڵەتی بسپێرێت.

٩- دابەش *دەبێت بەسەر:*

**أ-** ئەگەر باوکی بچووکەکە، مەرجێك لە مەرجەکانی لەلەیەتیی لەدەست دا ئەوا، بچووکەکە لەلای دایکی تا مەرجەکانی دایەنێتی تێدا مابن دەمێنێتەوە، تا بالغ دەبێ، بەبێ ئەوەی هیچ خزمێکی ژن یان پیاو مافی سەندنەوەی لە دایکەکەی هەبێ.

**ب-** ئەگەر باوکی منداڵەکە مردو، دایکی منداڵەکە، ئەگەر مێردیش بکاتەوە بە پیاوێکی عێراقیی نامۆ بە منداڵەکە، ئەوا، منداڵەکە لەلای دایکی دەمێنێتەوە، بەمەرجێ:-

١. دایکەکە باقیمەنی مەرجەکانی لەلەیەتیی تێدا مابێت.

٢. دادگا، قەناعەت بێنێ بەوەی کە بە مانەوەی بچووکەکە لەلای دایکی، تووشی زیان نابێت.

٣. مێردی دایکەکە لەکاتی گرێبەندی هاوسەرگیرییەکەدا، بەڵێن بدات کە چاودێری بچووکەکە بکاتو زیانی لێنەدات.

ج- ئەگەر مێردی دایکەکە، لەو بەڵێنەی لە (٣)ی بەندی (ب)ی سەرەوەدا دەقەکەی هاتووە، لای دا، ئەوە دەبێتە هۆکارێك کە ژنەکە داوای جیابوونەوە بکات.[١]

---

[١] بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستانەوە بەژمارە (٨) لە ٢٨/٦/٢٠٠١ دەرچوو، بەپێی ماددەی یەکەمی ئەم بڕیارە، بڕیاری ژمارە (٢١١)ی ساڵی ١٩٨٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەکارخراو، ماددەی دووەمی بڕیارەکە دەڵێت: (هەریەك لەدایكو باوك، بەپێی ئەو حوکمەی کە لە دادگای باری کەسایەتیی دەرچووە، لەو جێگەیەدا چاویان بە منداڵەکەیان دەکەویٚ کە لەسەری رێککەوتوون، ئەگەر نەکرا، ئەوا، جێگەکە، بەپێی بڕیاری جێبەجێکاری دادی ئەو شارەی کە منداڵەکەو دایەنەکەی لێدەژین دیار دەکرێت. بڕیارەکەش لە رۆژنامەی فەرمی ژمارە(١٩) رۆژی(١/٨/٢٠٠١)ی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

## یاسای مافی ژنی تەڵاقدراو لە نیشتەجێ بوون
## ژمارە (٧٧)ی ساڵی (١٩٨٣)

**ماددەی یەکەم:** [(١)]

١- ئەو دادگایەی سەیری داوای تەڵاقدانی ژنێك یان لێکجیابونەوەی دەکات، بڕیارێك دەردەکات لەسەر داوای ژنەکە، بە مانەوەی لە دوای تەڵاقدانەکە یان جیابوونەوەکەی، بە تەنیاییو بەبێ مێردەکەی لەو خانووەی یان لەو شوقەیەی کە تێیدا بە یەکەوە دەژیان، ئەگەر مولکی مێردەکەی بێت. ئەم بڕیارەش لەگەڵ بڕیاری تەڵاقدانەکە یان لێکجیاکردنەوەکەدا دەردەچێت.

٢- ژنە تەڵاقدراوەکە هەمان ئەو مافەی دەبێت کەلە برگە (١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەگەر مێردەکەی، پێش تەڵاقدانەکە، ئەو خانووە یان ئەو شوقەیە کە مولکی خۆیەتی بەخشیبیە بە کەسێکی دی.

**ماددەی دووەم:**

١- نیشتەجێ بوونی ژنە تەڵاقدراوەکە بە پێی ماددەی یەکەم، بۆ ماوەی سێ ساڵە بەبێ کرێ بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- کە ژنەکە، خانووەکە یان شوقەکە (هەمووی یان بەشێکی) بە کرێ نەداتەوە.

ب- هیچ کەسێ لەگەڵ خۆی نیشتەجێ نەکات، جگە لەو کەسانەی کە لەژێر سایەی دایەنێتیی خۆیدا بوون.

---

(١) یاسای ژمارە (٧٧) لە ژمارە (٢٩٥٢)ی رۆژی (١٩٨٣/٨/٨)ی (الوقائع العراقیە)دا بلاوکرایەوەو، ماددەی یەکەم ئیلغاکراو. ئەم دەقەی ئێستا بە پێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٤(یاسای هەموارکردنی دووەم)جێگای گرتەوە. ئەوەش بزانە کە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٨٨ (یاسای هەموار کردنی یەکەم)، بە پێی یاسای هەموار کردنی دووەم. کە ئاماژەمان پێیدا — ئیلغا کرا.

ج– زیان بە خانووەکە یان شوقەکە نەگەیەنێت.جگـە لـەو وردە زیانانـەی کەلە بەکارهێنانی ئاسایی پێیدەگات.

٢– بـەدەر لـە حـوکمی برگـە (أ ، ب) ژنەکـە بـۆی هەیـە یـەکێك لـە پێنەشـیاوەکانی (محـارم) لەگـەڵ خـۆی نیشـتەجێ بکـات. بەمـەرجێك لـەو کەسانەی کە مێردەکـە بـەخێویان دەکـاتو لەگـەڵیان لـە خانووەکـە یـان لـە شـوقەکە نیشـتەجێن، مێینەیـەکی وای تێـدا نـەبێت کـە تەمـەنی دایـەنێتی رەتکردبێت.

## ماددەی سێیەم:

ژنەکە لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە، لەو مافە بێبەش دەکرێت:

أ. ئەگەر هۆی تەڵاقدانەکە یان جیاکردنەوەکەی ناپاکیی هاوسەرێتی یـان ناچیزەبوونی ژنەکە بێت.

ب. ئەگەر بە تەڵاقەکە یان لێکجیابونەوەکە قایل بێت.

ج. ئەگەر جیاکردنەوەکەی لە ئەنجامی مخالەعەوە بێت.

د. ئەگـەر خانوێیـك یـان شـوقەیەکی نیشـتەجێ بـوونی تایبـەت بـەخۆی بووبێت.

## ماددەی چوارەم:

بەرێوەبەرایـەتیی جێبـەجێکردنی پێوەندیـدار، حـوکمی ئـەو برگەیـەی ژنـە تەڵاقدراوەکە، لە خانووەکە یان لە شوقەکەدا دەهێڵێتەوە جێبـەجێ دەکـات. هەروەها هەڵدەستێ بە چۆلکردنی لە مێردەکەو ئەوانـەش کـە ناشـێن لەگـەڵ ژنەکەدا نیشتەجێ بن، تەنیا ئەوانە نـەبێ کـە مێردەکـە بـەخێویان دەکـاتو

لەگەڵیاندا دەژیان، ماوەی سێ ساڵەکەش لە بەرواری چۆڵکردنەکەوە دەست پێدەکات.

**ماددەی پێنجەم:** لادراوە.

**ماددەی شەشەم:**

ئەگەر مێردەکە لە چۆڵکردنی خانووەکە دوا کەوت دوای تەبلیغکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنەوە کەپێویستە بە پێی حوکمەکانی یاسای جێبەجێکردن (التنفیذ) چۆڵی بکات، ئەوا، جێبەجێکەری داد بڕیارێك دەردەکات بۆ هەر ڕۆژە لە ڕۆژەکانی دواکەوتنەکەی سەد دیناری پێدەبژێرێت (تغریم)و، لە ڕێگای جێبەجێکردنەوە لێی دەسەندرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە، لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە، کاری پێدەکرێت.

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

دەرکەوت کە ژنگەلێکی زۆر، دوای تەڵاقدان یان لێکجیابوونەوە بەبێ داڵدە دەمێننەوە، لەبەر ئەوە، عەدالەت وا دەخوازێ، ئەو ژنەی حوکمی تەڵاق یان جیاکردنەوەی دەردەچێ، مافی بدرێتێ لە خانووەکە یان لە شوقەکەدا کەلەگەڵ مێردەکەیدا نیشتەجێ بووە بمێنێتەوە تاماوەیەك هەتا داڵدەیەك بۆ خۆی پەیدا دەکات، چونکە مێردەکە بە تواناترە نیشتەجێییەك بۆ خۆی پەیدا بکات. دەریش کەوتووە کە ماوەی سێ ساڵ بۆ ژنەکە کیفایەتە. ئەگەر داوایەك بەرز بکاتەوە بۆ ئەو دادگایەی کە سەیری دەعوای تەڵاقەکەی یان جیاکردنەوەکەی دەکات، ئەوا دادگاکە بڕیارێك دەردەکات کە بەبێ مێردەکەی لە خانووەکەدا یان لە شوقەکەدا بمێنێتەوە ئەگەر موڵکی مێردەکە بێت.

ئەم مافەی کە بە ژنەکە دراوە بۆ ئەوەیە کە زیانی پێنەکەوێت، پێویستە لەسەری ئەو مافەی بەکاربێنێ بەبێ ئەوەی زیان بە مێردەکەی بگەیێنێ. رێگای ئەوەشی پێدراوە کە یەکێك لە پێنەشیاوەکانی (محارم) خۆی لەگەڵ خۆیدا نیشتەجێ بکات بەمەرجێ لەو کەسانەی کە لەگەڵیدا نیشتەجێنەو مێردەکە بەخێویان دەکات مێینەیەکی وایان تێدا نەبێت تەمەنی دایەنێتیی تێپەڕ کردبێت، هەروەها پێویستە لەم مافە بێبەش بکرێت ئەگەر بەهۆکاری ناپاکیی هاوسەرێتی یان بەهۆی ناچیزەبوونەوەی تەڵاقدرا بێت، یان بە تەڵاق یان بە لێکجیا بوونەوە قایل بووبێت، چونکە رەوا نییە زیان لە مێردەکە بدرێت لە بارێکدا کە ژنەکە خۆی هۆکاری ئەو زیانە بووە، یان پێی قایل بووە.. ژنەکە، لەو بارەشدا لەو مافە بێبەش دەکرێت ئەگەر خانوویەك یان شوقەیەکی نیشتەجێی هەبێت، چونکە دەتوانێت، ئەگەر چۆڵ بێت تێیدا نیشتەجێ ببێتو ئەگەریش بەکرێ درابێ سوود لە کرێیەکەی وەربگرێت.

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

## بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش( هەڵوەشاو ) دەربارەی باری کەسایەتی

### بڕیاری ژمارە (١٤٧)

پشت بە حوکمەکانی برگە (أ) لەماددەی چل‌و دووەمی دەستووری کاتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، لەدانیشتنی ڕۆژی (١٩٨٢/١/٢٨)یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا: [1]

١- گێڕانەوەی ژنی تەڵاقدراو بۆ ژێرسایەی (عصمەی) مێردەکەی، بەمەبەستی ئەو (لەیەك ژن پتر هێنانە) دانانرێت کە لەهەردوو برگەی (٤، ٥)ی ماددەی سێیەمی یاسای باری کەسایەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراودا هاتووە، ئەگەر مێردەکە، پێش هێنانەوەی ژنە تەڵاقدراوەکەی، گرێبەندی هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بەستبێ.

٢- مێردێ ژنی خۆی تەڵاقدابێ، ئەو مەرجەی لەسەر نامێنێ کە بۆ گێڕانەوەی ژنە تەڵاقدراوەکەی، موافەقەتی دایەرەکەی (فەرمانگەکەی) بهێنێ، ئەگەر ئەو یاسایانەی کە مێردەکە پابەندێتی، وەدەستهێنانی ئەم موافەقەتە، بەر لەژنهێنانەکە بە پێویست دابنێت.

٣- کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٤- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە و، حوکمەکانی ئەو حاڵەتانەی هاوسەرگیریش دەگرێتەوە کەبەر لەجێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بەستراون.

---

(١) بڕیاری ژمارە (١٤٧)ی ڕۆژی ١٩٨٢/١/٢٧ دەرچووە، لەژمارە (٢٨٧٠)ی ڕۆژی ١٩٨٢/٢/٨ی -الوقائع العراقية-دا بلاوکراوەتەوە.

## بڕیاری ژماره (١٠٠٠)

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (أ) لەماددەی چلو دووەمی دەستووری کاتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەدانیشتنی رۆژی (١٠/٩/١٩٨٣) یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا: [1]

١- دەشێ نەفەقەی منداڵان زیادبکرێت، هەروەها دەشێ نەفەقەی عیددەش زیادبکرێت مادامێکی تەلاقدراوەکە لەعیددەی خۆیدا بێت. ئەو زیادکردنەش بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکەیە. زیادبوونی داهاتی ئەو کەسەش کە نەفەقەکەی بەسەردابڕاوە بەهۆیەك لەهۆیەکانی زیادکردنی نەفەقەکە دادەنرێت.

٢- ئەم بڕیارە، لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمییەوە جێبەجێ دەکرێت.

## بڕیاری ژماره (١٥٢٩)

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (أ) لەماددەی چلو دووەمی دەستووری کاتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەدانیشتنی رۆژی (٣١/١٢/١٩٨٥) یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا: [2]

**یەکەم**: ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات، ئەگەر مێردەکەی بۆماوەی لەشەش مانگ زیاتر لەخزمەتی سەربازی دوابکەوێ یان ڕابکات، یانیش ڕابکات بۆ پاڵ دوژمن. پێویستە لەسەر دادگا حوکمی

---

(١) بڕیاری ژمارە (١٠٠٠) لە رۆژی(١٠/٩/١٩٨٣) دەرچووە، لەژمارە (٢٩٦٠)ی رۆژی ٢٦/٩/١٩٨٣ی – الوقائع العراقية– دا بڵاوکراوەتەوە.

(٢) بڕیاری ژمارە (١٥٢٩) رۆژی (٣١/١٢/١٩٨٥) دەرچووە، لەژمارە (٣٠٨١)ی رۆژی (٢٠/١/١٩٨٦)ی– الوقائع العراقية–دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام کارکردن بەو بڕیارە، لەهەرێمی کوردستان– عێراقدا بەبڕیاری ژمارە (٣٥)ی رۆژی (٣/٧/١٩٩٣)کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە سڕکرا (جمد).

لێکجیاکردنەوەکە دەربکات، سەرپاکی مافەکانی هاوسەرێتیش بۆ ژنەکە گلبداتەوە.

**دووەم**: لێکجیاکردنەوە، بەپێی ئەم بڕیارە بە تەڵاقدانی گەڕاوە دادەنرێتو، ڕێگا بەمێردەکە دەدات بچێتەوە لای ژنەکەی، ئەگەر لەماوەی بێنوێژیدا (عیددەدا) بچێتەوە سەر خزمەتی سەربازییەکەی یان لەڕاکردنەکەی بگەڕێتەوە.

**سێیەم**: ئەگەر مێردەکە، ڕاکردنەکەی دووبارەکردەوەو، دووبارە حوکمی لێکجیاکردنەوە بەپێی ئەم بڕیارە دەرچوو، ئەوە، لەم بارەدا، لێکجیاکردنەوەکە بەتەڵاقی (بینونە)ی بچووك دادەنرێت.

**چوارەم**: ئەم بڕیارە، لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمییەوە، کاری پێدەکرێت.

## بڕیاری ژمارە (٥٤٤)

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (أ) لەماددەی چلو دووەمی دەستووری کاتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەدانیشتنی رۆژی (١٩٨٧/٧/٢٨) یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا: [(١)]

**یەکەم**: باوکی پێوارێك (غائیبێك) لەدەرەوەی عێراق، دەشێ بەهۆی زیناوە داوای جیاکردنەوەی کوڕەکەی لەژنەکەی بکات بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:-

---

(١) ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەدانیشتنی رۆژی (١٩٨٧/٧/٢٨) یدا بڕیاری ژمارە (٥٤٤)یدا، کە لە ژمارە (٣١٦٢)ی رۆژی (١٩٨٧/٨/١٠)ی (الوقائع العراقية) دا بڵاوکراوەتەوەو وشەی (طلاقاً بات) کەلە بڕگەی سێیەمیدا هاتووە راست کراوەتەوە بۆ (طلاقاً بائناً) بەپێی بەیاننامەی راستکردنەوەکە لەلایەن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتییەوە دەرچووەو لە ژمارە (٣١٦٤)ی رۆژی ١٩٨٧/٨/٢٤ی (الوقائع العراقية) دا بڵاوکراوەتەوە... بەڵام ئێستا بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە (٦٢)ی رۆژی ٢٠٠٠/٤/٢٩ لە هەرێمی کوردستاندا ئیلغاکرا.

١- كە باوكی پێوارەكە (غائیبەكە)، دوای تەواوكردنی ماوەی ئەو پێوارییەی كە دەقەكەی لەماددەی (٨٥)ی یاسای چاودێریی ناكامان ژمارە (٧٨)ی ساڵی (١٩٨٠)دا هاتووە بە سەرەوگردی (قەییمی) ئەو كوڕەی دامەزرابێت.

٢- كە جەریمەی زیناكە بەبڕیاری دادگای تایبەتمەند چەسپابێتو، پلەی بنبڕیی وەرگرتبێت.

**دووەم**: ناشێ باوكی پێوارەكە دەعوای زیناكە بخاتەگەڕ بەبێ ئیزنی ئەو دادگایەی بە سەرەوگرد (قەییم) لەسەر ئەو كوڕەی دایمەزراندووە.

**سێیەم**: لێكجیاكردنەوەكە لەم بارەدا بە تەڵاقی (بائن) دادەنرێت.

**چوارەم**: ئەم بڕیارە لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمییەوە كاری پێدەكرێت.

## بڕیاری ژمارە (١٧٥)ی رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٤

بڕیاری ژمارە (١٧٥)ی رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٤ لە ژمارەی (٣٤٨٧)ی رۆژی (١٩٩٣/١٢/٦)ی - الوقائع العراقیە-دا بڵاوكراوەتەوە: (ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە لە مێردە دیلەكەی (ئەسیرەكەی) بكات، ئەگەر بەشێوەیەك لە شێوەكان سەلمێنرا كە بایداوەتەوەو خزمەتی دوژمن دەكات، پێویستە لەسەر دادگاش كە حوكمی لێكجیابوونەوەی بۆ بداتو تەواوی مافەكانی هاوسەرێتیشی بۆ بهێڵێتەوە. لێكجیاكردنەوەش بەپێی ئەم بڕیارە بە تەڵاقی گەڕاوە دادەنرێت، رێگا بە مێردەكە دەدات ژنەكەی بباتەوە ئەگەر لەماوەی عیددەدا بچێتەوە ناو ریزی نیشتمانی.[1]

[1] ئەم یاسایە، لەژمارە (١٩)ی رۆژی (٢٠٠١/٨/١)ی -وەقایعی كوردستان)دا بڵاوكراوەتەوە. لە هەرێمی كوردستاندا كاری پێناكرێت.

## بڕیاری ژماره (١٢٧)ی رۆژی ١٩٩٩/٧/٢٤

بڕیـاری ژمـاره (١٢٧)ی رۆژی ١٩٩٩/٧/٢٤. لـه ژمـاره (٣٧٨٥)ی رۆژی ١٩٩٩/٨/٢ی – الوقائع العراقية – دا بڵاوكراوەتەوە:( لەحاڵەتی تەلاقـدان دا، ژن مارەیی پاشەكییەكەی بـه پێـودانگی نرخـی زێـڕی رۆژی مـاره بڕینەكـەی وەردەگرێت.) [1]

+++

---

[1] ئەم یاسایە، بەدەرچـوێندراو دانـرا، بـەپێی مـاددەی (دەیـەم/ یەكـەم) لەیاسـای ژمـاره (١) سـاڵی ٢٠٠٥/ هەموارکراوی سەرۆکایەتیی هـەرێمی کوردسـتان– عێـراق و، لـەرۆژی بڵاوکردنەوەشـی لەرۆژنامـەی رەسمیـی (وەقـایعی کوردسـتان) ژمـاره (٩٥)ی (٢٠٠٨/١٢/٣٠)دا جێبـەجێ کـرا. بـەڵام لـە ئێسـتادا لـــە هـەرێمی کوردستاندا کاری پێناکرێت.

# یاساو بڕیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمی کوردستان، دەربارەی باری کەسایەتی

**یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠١/ رۆژی (٢٠٠١/٦/٣٠)**

**ماددەی یەکەم:** ئەگەر مێردێ ژنەکەی تەڵاقداو، دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکە بەزوڵم تەڵاقی داوەو، بەو تەڵاقدانەش ژنەکەی زەرەرمەند کردووە، ئەوە، لەوبارەدا، دادگا لەسەر داوای ژنەکە حوکمی قەرەبووکردنەوەی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەدا دەدات کە لەگەڵ باری دارایی‌و گوزەران‌و پلەی زوڵمەکەیدا بگونجێ‌و زەرەرەکان سەرجەم خەملێ دەکرێن بەمەرجێ سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی دیکەی ژنەکە نەفەقەکەشی لەماوەی دووساڵ کەمتر نەبێ‌و لە (٣) سێ ساڵیش تێنەپەڕێ. [1]

**ماددەی دووەم:** هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەبێت ناخرێتەبەرکار.

**ماددەی سێیەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:** ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتەبەرکار.

+++

(١) لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێنا کرێت.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان

ژمارەی بڕیار: (٦٢)

بەرواری بڕیار: ٢٠٠٠/٤/٢٩ز

رێكەوتی ٩/ گوڵان/ ٢٧٠٠ك

بـــڕیـار

## پشت بە حوكمەكانی بڕگە (٤) لەماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری ئەمەی خوارەوەمان دا:

ئـەم هەمواركردنانـەی خـوارەوە، بەسـەر یاسـای بـاری كەسـایەتی ژمـارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)، هەمواركراودا رێكاردەكرێن:

**أ-** بڕگەی (٦) لە ماددەی(٣)ی یاسـایەكە هـەمواردەكرێتو، بـەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٦- هەركەسـێ گرێبەنـدی هاوسـەرگیریی بـۆ زیـاتر لـەژنێك بەپێچـەوانەی هەردوو بڕگەی (٤) و(٥) كرد، بـە حەپسـكردن سـزادەدرێت لەسـێ سـاڵ زیـاتر نەبێو بە غەرامەیەكیش لە دەهەزار دینار كەمتر نەبێت).

**ب-** بڕگەی (٧) لە ماددەی (٣)ی یاسایەكە هەمواردەكرێتو، بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٧- بەدەر لەحوكمەكانی هەردوو بڕگەی (٤)و (٥)ی ئەم ماددەیە، پیاوێـك دەشێ لەژنێك زیاتر بهێنێ ئەگەر مەبەسـتی هاوسـەرگیرییەكەی لەبـەر هۆكـاری تەندروستی یان لەبەر نەزۆكی بێت).

**ج-** ئەمەی خوارەوە لەكۆتایی ماددەی چوارەمدا زیاد دەكرێت:

(ئەگـەر یـەكێكیان پێـوار بێـت (غائـب بێـت) لـە ناوچـەكە بـە مـەرجێكیش وەكالەتەكـە، لەلایـەن دادنووسـی جێگـەی نیشـتەجیی وەكیلەكـەوە پەسـند

بکرێتو، لەلایەن نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، لەودەوڵەتەدا تەئیید بکرێت).

د- ئەمەی خوارەوە، لەکۆتایی بڕگە (٢) لەماددەی (٦)ی ئەم یاسایەدا زیاد دەکرێت:

(بەمەرجێ نووسراوەکە لەلایەن دادنووسی جێگەی نیشتەجێی داواکاری ژنهێنانەکەوە پەسندکرابێتو، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو دەوڵەتە، تەئییدی کردبێت)

هـ- وشەی (یازدە ساڵی) کە لەماددەی (٨)دا هاتووە، لادەبرێتو، وشەی (حەڤدە ساڵی) جێگای دەگرێتەوە.

و- ماددەی (٢٣) لەیاسایەکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢٣- ژنێك نەتوانێ کاربکات، یان داهاتێکی تایبەت بەخۆی نەبێت، نەفەقەکەی دەکەوێتە سەر مێردەکەی لەساتی گرێبەندی هاوسەرێتیی دروستەوە هەرچەندیشە لەماڵی باوکی نیشتەجێبێت، مەگەر مێردەکەی داوای گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆی لێکردبێتو ژنەکە بەناهەق رازی نەبووبێت).

ز- بڕگە (١) لەماددەی (٢٤)ی یاسایەکە هەمواردەکرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢٤-١: ژنێك گوێڕایەڵ بێت (المطاوعة)، نەفەقەی دەبێتە قەرزو دەکەوێتە ئەستۆی مێردەکەی لەو ساتەوەی کە نەفەقەکەی لێ بڕیوە).

ح-١: بڕگە (٢) لەماددەی (٢٥)ی یاسایەکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ژن پابەند ناکرێت بە گوێڕایەڵی بۆ مێردەکەی، بەبێ گوێیش دانانرێت ئەگەر مێردەکەی بەزوڵم داوای گوێڕایەڵی لێبکاتو مەبەستی ئەوەبێت زیانی

لێبدات یان جارِسی بکات. ئەمانەی خوارەوەش بەتایبەتی، بەزوڵم و زیانلێدان دادەنرێن:).

**ح–٢**: لقی (أ)و، (ب)و، (ج)و، (د) لەبڕگە (٢)ی ماددەی (٢٥) وەکو خۆیان دەمێننەوە.

**گ**– بڕگە (٣) لەماددەی (٢٥)ی یاسایەکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لەسەر دادگا پێویستە، لەحوکمی بێگوێیی بەسەر ژنەکەدا، پەلەنەکات، تا بەڕوونی هۆیەکانی گوێڕایەڵنەبوونی ژنەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت).

**ی**– بڕگەی (٤) لەماددەی (٢٥)ی یاسایەکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پێویستە لەسەر دادگا حوکمی بێ گوێیی، دوای ئەوە بەسەر ژنەکەدا بدات کە هەموو کۆششێکی خۆی، بۆ لابردنی ئەو هۆکارانەی کە رێگا لە گوێڕایەڵییەکە دەگرن).

**ك**– بڕگەی (٥) لەماددەی (٢٥)ی یاسایەکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(أ– ژنەکە بۆی هەیە، دوای ئەوەی (شەش مانگ) بەسەر بنبڕبوونی حوکمی بێگوێییەکەدا تێدەپەڕێت، داوای جیابوونەوە بکات. پێویستە لەسەر دادگاش حوکمی لێکجیاکردنەوەکە دەربکات، لەم بارەدا مارەیی پاشەکی دەسووتێ و، ئەگەر ژنەکە هەموو مارەییەکەی وەرگرتبێ، دەبێت بیداتەوە.)

(ب– مێردیش بۆی هەیە، دوای ئەوەی کە حوکمی بێ گوێیی ژنەکەی پلەی بنبڕی وەردەگرێ، داوای لێکجیابوونەوە بکات، دادگاش پێویستە حوکمی لێکجیاکردنەوەکەی بۆ بداتو، ژنەکەش پابەند بکات بەوەی چیی وەرگرتووە لەمارەیی پێشینەکەی، بیگەڕێنێتەوە، بەڵام مارەیی پاشەکییەکەی دەسووتێ

ئەگـەر داوای جیابوونەوەكـەی پـێش لەپـەردەكردنی كردبـێ، بـەڵام ئەگـەر جیابوونەوەكـە پـاش لەپـەردەكردن بووبێـت، ئـەوا مـارەیی پاشـەكییەكەی دەسووتێو (یسقط) ژنەكە پابەند دەكرێت بـەوەی كـە نیـوەی بداتـەوە ئەگـەر هەمووی وەرگرتبێ.)

ل- مـاددەی (٢٩) لەیاسـایەكە هـەمواردەكرێو، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢٩- ئەگەر مێرد ژنەكەی بەبێ نەفەقـە جێهێشـتو خـۆی شـاردەوە، یـان پێواربوو (غائب بـوو) یـان بزربـوو، ژنەكـەش بێكـاربوو یـان توانـای كـاركردنی نەبوو، ئەوا قازی حوكمی نەفەقەی بۆ دەدا، لەبەرواری كردنەوەی دەعواكـەوە، دوای سەلماندنی ژنو مێردایەتیو سوێنددانی ژنەكە، كـە مێردەكـەی نەفەقـەی بۆ بەجێنەهێشتووەو، ئەمیش بێگوێی نەكردووەو، تەڵاقیشی نەداوە عیـددەی بەسەرچـووبێت. ئـەوا قـازی رێگـای پێـدەدا، كـاتی پێویسـت قـەرز بـەناوی مێردەكەیەوە بكات.)

م- مـاددەی (٥٠) لەیاسـایەكە هـەمواردەكرێو، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٥٠- پێویسـتە نەفەقـەی مـاوەی عیـددەی تەڵاقـدراو، هـەتا، ئەگـەر گوێڕایەڵیش نـەبووبێت، مێردەكـەی بیـدات ئەگـەر زینـدووبێت، عیـددەی مـردن نەفەقەی نییە.)

ن- مـاددەی (٥٨) لەیاسـایەكە هـەمواردەكرێ، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٥٨- نەفەقەی هەموو ئادەمیزادێك لەپارەی خۆیەتی، تەنیا ئەو ژنە نـەبێ كـە توانـای كـاركردنی نییـە، یـان داهـاتێكی نییـە، ئەوانـە نەفەقـەیان لەسـەر مێردیانە.)

**س–** بڕگەی (١) لەماددەی (٨٩)ی یاسایەکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(١– باوكو دایكو منداڵانو بەرەوخوارەوەش، نێرینە دوو بەشی مێینەی دەبێت، منداڵە نێرینەکانی باوکمردوش، هەریەکە، لەکاتی ڕێکخستنی قەسسامی شەرعیدا، بۆی هەیە، لەبەردەم دادگای باری کەسایەتیدا، بەئارەزووی خۆی، لەبەشە میراتی خۆی، بۆ خوشکی بێتەخوار وەك چاودێریکردنێك لەدۆخی خێزانیو ئابووریی خوشکەکەی، پێویستە لەسەر دادگاکەش، ئەوە بچەسپێنێ لەو قەسسامەدا کە بەشە میراتەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا ڕێکدەخات).

**ع–** بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش: (١٧٠٨ کە لە ١٩٨١/١٢/١٧) دا دەرچووەو ژمارە (١١٢٨ کە لە ١٩٨٥/٩/٢دا دەرچووە)و، ژمارە (١٥٢٩ کە لە ١٩٨٥/١٢/٣دا دەرچووە)و، (٥٤٤ کە لە ١٩٨٧/٧/٢٨دا دەرچووە) ئیلغا دەکرێن.

**٢–** پێویستە لەسەر وەزیری داد ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**٣–** ئەم بڕیارە، لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت.

**٤–** ئەم بڕیارە، لەسلێمانی، لەرۆژی (٢٠٠٠/٤/٢٩ز) دا، ڕێکەوتی ٩/ گولان/ ٢٧٠٠ك نووسراوە.

**جلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان** (*)

+++

* سەردەمی حوکمڕانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك) لە سلێمانی، لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا.

## یاسای ژماره (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:** [(١)]

**یەکـــەم:** کـارکردن بەبڕگـە (١) لـەماددەی (سـێیەم) لـە یاسـای ژمـارە(١٨٨)ی سـاڵی ١٩٥٩ی هـەموارکراو، لـە هـەرێمی کوردسـتان– عێـراق ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(١– هاوسەرگیریی گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژنو پیاودا کە بە هۆیەوە هەریەك بۆ ئەوەکەی دی بە پێـی شـەرع حـەڵاڵ دەبـێو مەبەست لێـی پێکهێنـانی خێزانـە لـە سـەر بنچـینەی خۆشەویسـتیو بـەزەییو بـەر پرسیارییێتی هاوبەش بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.)

**دووەم:** کارکردن بە بڕگەکانی (٤،٥،٦،٧)ی ڕادەگیرێو ئەمەی خـوارەوە جێی دەگرێتەوە:

نابێ هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێك پتر بکرێت مەگەر بە ڕێگەپێدانی دادوەرنەبێ.

دەبێ ڕێگەدانیش ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

**أ–** لەبـەردەم دادگـا ڕەزامەنـدیی هاوسـەری یەکـەم لـە سـەر ژنهێنـانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ.

**ب– تووشبوونی** ژنەکە بە نەخۆشیەکی درێژخایەنی سەلمێنراو کـە ڕێگـە لـە کـاری سـەرجێی ژنو مێردایـەتی بگـرێو ئومێـدی چـاکبوونەوەی نـەبێ، یاخود نەزۆك بێ. کە بە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتی پزیشکی سەلمێنرابێ.

---

[(١)] لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێنا کرێت.

ج- ئەو **پیاوەی** ژنی دووەم دێنێ توانای دارایی وای هەبێ کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێك بکات و ئەمەش دەبێ بە بەڵگەنامەی فەرمی بسەلمێنێ و لە کاتی رێکاری گرێبەندی هاوسەرگیریەکەدا پێشکەش بە دادگای بکات.

د- دەبێ **مێردەکە** لە بەردەم دادگا بەڵێنامەیەك بە نووسین بەر لە گرێبەندیی هاوسەرگیریی پێشکەش بکات بە بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوانی هەردوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێی هاوسەری و پەیوەندییەکانی دیکەی هاوسەرگیریی لەڕووی (ماددی و مەعنەوی)یەوە.

هـ- نابێ ژنەکە ئەو مەرجەی لە گرێبەندی هاوسەرگیریی دانابێ، کە هەوێی بەسەر نەیەت.

و- هەر کەسێکی گرێبەندی هاوسەرگیریی بۆ زیاتر لە ژنێك بە پێچەوانەی هەریەك لە بڕگەکانی (أ،ب،ج،د،هـ) لە (دووەم)ی ئەم ماددەیە کرد، بەحەپس کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمترو لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەکی دە ملیۆن دیناریش سزادەدرێ.

ز- نابێ دادوەر جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە بڕگەی (و) دا هاتوون ڕابگرێ.

**ماددەی دووەم**:

کارکردن بە حوکمی ماددەی پێنجەم لەیاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەو جێی دەگرێتەوە:

(شایستەیی لە گرێبەندی هاوسەرگیریی بە بوونی ئەو مەرجانە دێتە دی، کە پێویستە لە هاوگرێبەندەکان هەبن یان لەوانەی جێیان دەگرنەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.)

**ماددەی سێیەم**:

**یەکــەم**: کـارکردن بـە بەنـدی (د) لـە بڕگـەی (١)ی مـاددەی شەشـەم ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١**–ن

**د**– شایەدی دانی دوو شایەد کە شایستەیی یاساییان هەبێ بۆ گرێبەنـدی هاوسەرگیرییەکە لێرەدا ژن و پیاو یەکسانن.

**دووەم**: بڕگەیەك بەزنجیرە (٥) دەخرێتە سـەر ماددەکـە بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

(**٥**– هاوسەرەکە بۆی هەیە لە کاتی گرێبەندی هاوسـەرگیریدا مێردەکـەی مافی ئەوەی بداتێ کە بۆی هەبێ تەڵاقی بەدەست بێ.)

**ماددەی چوارەم**:

کارکردن بە حوکمی بڕگە (٢) لە ماددەی حەوتـەم لـەم یاسـایەدا ڕادەگـیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(**٢**– دادوەر بـۆی هەیـە ڕێگـە بـدات بەیـەك لـە دوو هاوسـەرەکان گـەر نەخۆشی ئەقڵی هەبێ هاوسەرگیریی بکات ئەگەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەنـد دەرکـەوت هاوسـەرگیرییەکەی زیـان بـە کۆمـەڵگا ناگەیـەنیو لـە بەرژەوەندیی خۆیەتی بەمەرجێك هاوسەرەکەی دیکەی بە روونیو بە نووسین رازی بێ لە کاتی گرێبەندیی هاوسەرگیرییەکەیدا.)

**ماددەی پێنجەم**:

**یەکەم**: کارکردن بە حوکمی بڕگە(١) لەماددەی هەشـتەمی ئـەم یاسـایە ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:–

(**١- هەر کەسێك شازدە ساڵی تەمەنی تەواوکردو داوای هاوسەرگیریی کرد، دادوەر بۆی هەیە ڕێگەی پێ بدات،ئەگەر دەرکەوت شایستەیی‌و توانای جەستەیی هەیەو ئەمەش دوای ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار (وەلی)ی شەرعی دەبێ‌و ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگربوو،ئەوا دادوەر داوای لێدەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا قایل بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت یان ڕەخنەکەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێی پێ بدرێ، ئەوا دادوەر ڕێگەی ئەو هاوسەرگیرییە دەدات.)

**دووەم:** بڕگەیەك بە زنجیرەی (٣) دەخرێتە سەر ماددەکەو بەم جۆرەی خوارەوە:

(**٣-** دایك بە سەرپەرشتیار (وەلی) ئەمر دادەنرێ کە باوك مردبێ یان، دیارنەبێ‌و دایکەکە بەخێوی کردبێ‌و لەلای بێ.)

**ماددەی شەشەم**:

کارکردن بە بڕگەکانی (٢،١)ی ماددەی نۆیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ‌و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(**١-** نابێ هیچ خزمێك یان کەسێکی بیانی یەکێك ناچاربکات چ نێر بێ‌و چ مێ بۆ هاوسەرگیریی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی‌و گرێبەندی بە زۆری بە نادروست دادەنرێ، ئەگەر نەچووبێتە پەردەوەو لە گەڵی جووت نەبووبێ‌و ئەگەر چووبیش ئەوا ڕادەگیرێ. هەروەها کەسێك لە خزمان یا جیا لەوانیش ڕێگە لە یەکێك بگرێ کە شایستەیی هاوسەرگیرییە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ هاوسەرگیریی.)

(**٢-** هەرکەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ئەم ماددەیە بکات بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ‌و لە پێنج ساڵیش زیاتر

نەبێ سزادەدرێ ئەگەر لە خزمەکانی پلە یەك بێ، بەڵام گەر سەرپێچی کەر لە ئەوان نەبوو ئەوا سزاکەی حەپس کردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ یاخود بەندکردنی بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ زیاتر نەبێ.)

**ماددەی حەوتەم**:

کارکردن بە حوکمی برگەکانی (٥،٢) لە ماددەی دەیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(٢- بەیاننامەکە بە راپۆرتێکەوە دەلکێندرێ کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەرچووەو پشتگیریی تەندروستی هەردوو هاوسەرەکە دەکەن لە نەخۆشی (کەمی بەرگەگرتن)ی تووشبووو بەرهەڵستی تەندروستیو بە بەڵگەنامەی دیکەش کە یاسا دەیکاتە مەرج.)

(٥- هەر کەسێك گرێبەندی هاوسەرگیریی لە دەرەوەی دادگا بکات بە غەرامەیەك سزا دەدریت کە لە ملیۆنێك دینار کەمتر نەبێو لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێو سزاکەی حەپس کردن دەبێ بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێو لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لەژیانی هاوسەری دا لە دەرەوەی دادگا گرێدا.)

**ماددەی هەشتەم**:

کارکردن بە ماددەی بیستو سێیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(نەفەقەی ژن دەکەوێتە سەرشانی پیاوەکەی، بەڵام لەو حاڵەتەی کە ژنەکە هەبووبێ، ئەوا بەرپرسیاریەکە هاوبەش دەبێ ئەگەر ژنەکە قایل بوو.)

**ماددەی نۆیەم**:

کارکردن بە بڕگە (١) ی ماددەی بیستو چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(١- نەفەقەی ژنێك کە هیچ پەیوەست بوونی ژنو مێردایەتی تێکنەدابێ کە لەم یاسایەدا هاتوون بە قەرز دادەنرێو لە ئەستۆی مێردەکەیدا، دەبێ لەو کاتەی کە مێرد لە خەرج کردنی ئەو نەفەقەیە دەوەستێو نایدات.)

**ماددەی دەیەم**:

کارکردن بە حوکمەکانی ماددەی بیستو پێنجەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم**: **لاساری (نشوز)**: بریتیە لە خۆ بە گەورە زانینی یەکێك لە دوو هاوسەرەکە لەسەر ئەوەکەی دیکەیان وەکو ئەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- مێرد ژنەکەی بە جێبێڵێ یاخود، ژنەکە ماڵی مێردی بەبێ مۆڵەتو بەبێ ڕووی شەرعی جێبێڵێ.

٢- بە خراپی جێبەجێ کردنی ئەرکی هاوسەرگیریی هەریەك لەدوو هاوسەرەکە یان کەموکوڕی نواند بە مەبەستی زیان گەیاندن بە هاوسەرەکەی دی.

٣- ئامادە نەکردنی ماڵی شەرعی لەلایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی بە جۆرێك کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیو ئابووریدا بگونجێ.

٤- قەدەغەکردنی مێرد یا ژن بۆ هاتنە ناو ماڵ بەبێ پاساوێکی شەرعی.

**دووەم**: پێویستە لە سەر دادگا پەلە نەکات لە دەرچواندنی حوکمەکەی بە لاساری یەك لە دوو هاوسەرەکە تاکو بە تەواوی ئاگاداری هۆیەکانی

لاساری نەبیٚو دەبیٚ هەموو هەوڵەکانی بە کاربێنیٚ بۆ نەهێشتنی ئەو هۆیانەی ڕێگرن لە پێشی.

**سێیەم:** لاساری بە هۆیەك لە هۆیەکانی لێك جودابوونەوە دادەنریٚ دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە:–

١– ئەگەر پیاوەکە خۆی لاسار بوو، ئەوا پێویستە نەفەقەی ژنەکەی بە درێژایی ماوەی لاساری بداتو لە باری جودابوونەوەشدا، پێویستە مارەیی پاشەکیو نەفەقەی عیددە بداتو قەرەبووی ئەوەی کەوتۆتەسەری بکاتەوە ئەگەر هاتبێتە سەری.

٢– ئەگەر ژنەکە لاسار بوو، ئەوا لە نەفەقە بێبەش دەکریٚو مارەییە پاشەکیەکەشی ناکەویٚ لەحالەتی لێك جودابوونەوە لە یەکتری دوای چوونە پەردە(دخول)، ئەگەر هەموو مارەییەکەی وەرگرتبیٚ، دەبیٚ نیوەی ئەوەی وەری گرتووە بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر جودابوونەوەکە بەر لە چوونە پەردەوە بێت، ئەوا مارەیی پاشەکیەکەی ناکەویٚو ناچار دەکریٚ ئەوەی وەری گرتووە لە مارەیی پێشەکی بیگەڕێنێتەوە.

**چوارەم:** لێك جودابوونەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە بە تەڵاقی (بائین) دادەنریٚ لە جۆری (بەینونە)ی بچووك.

**ماددەی یازدەم**:

کارکردن بە حوکمی ماددەکانی بیستو نۆیەمو سییەم لە یاساکەدا ڕادەگیریٚو ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:

(ئەگەر مێرد بەبیٚ نەفەقە ژنەکەی جێهێشتو خۆی بزر کرد یان نەهاتەوە، یاخود ون بوو یان بەندکرا، دادوەر حوکمی خۆی دەدات بە دانی

نەفەقــە لــە ڕۆژی بەجێهێشــتن‌و ســندووقی چـاودێری كۆمەڵایـەتی نەفەقــەی خەملێندراوخەرج دەكات).

**ماددەی دوازدەم**:

كاركردن بە حوكمی ماددەی سی‌و سێیەم لـە یاسـاكەدا رادەگـیرێ‌و ئەمـەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(هیچ ملپێكەچكردنێك لەلایەن مێردەوە ناسەپێندرێتە سەر ژن‌و ژنەكـەش نایســەپێنێتە ســەر مێردەكــەی بۆهــەر كارێـك كـە پێچـەوانەی حوكمـەكانی شەریعەت‌و یاسابێ).

**ماددەی سێزدەم**:

كاركردن بە حوكمی ماددەی سی وچـوارەم لـە یاسـاكەدا ڕادەگـیرێ‌و ئەمـەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**یەكــەم:** تەڵاقـدان بریتیـە لـە هـەڵگرتنی پەیوەنـدیی هاوسـەرگیریی بـە شێوەیەكی راشكاو كە شەرع‌و یاسا دەلالەتی لەسەر دەكەن بەبێ بەسـتنەوە بە دارشتنێكی سنووردار، یان زمانێكی دیاری كراو بە كـەوتنی لەلایـەن مێـرد یان ژن ئەگەر یەكێكی كردە بریكاری خۆی یان سەر پشك كرابێـت یـاخود لـە دادوەرەوە بێ.

**دووەم**: گـوێ بــە وەكالــەت نـادرێ لــە كـاتی رێكارەكـانی تۆژینــەوەی كۆمەڵایــەتی‌و تــەحكیم‌و لــە كــەتنی تــەڵاق، ئەگــەر بەربەســتێك نــەبێ لــە ئامادەبوونی یەكێك لەدوو هاوسەرەكە.

**سێیەم:** گوێ بە تەڵاق نادرێ بە ئامادەبوونی دوو شایەدی ڕاستگۆ نەبێ لە كـاتی كەوتنیـدا یـان دان پێـدانانی لەبـەردەم هـەردووكیان یـان لەبـەردەم دادوەردا.

**ماددەی چواردەم**:

کارکردن بە ماددەی سیو پێنجەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**١-** تەڵاقی سەرخۆش یان شێتو کەم ئەقڵو ناچارکراو یان ئەو کەسەی شت لێك جیاناکاتەوە لە ئەنجامی تووڕەیی یان کارەساتی کتوپڕیاخود پیریی یان نەخۆشی ناکەوێ.

٢- تەڵاقی ئەو نەخۆشە دەکەوێ کە نەخۆشی مەرگێتی یان لە بارێکدا بووە کە ئەگەری لە ناوچوونی زۆربێ، ئەگەر لەو نەخۆشیەدا یان لەو حاڵەتەدا مرد، بە مەرجێك هەستی جیاکردنەوەی لە دەست نەدابێت، ژنەکەی دەبێتە میراتگری هەرچەندە تەڵاقەکەش (بائین) بێت.

**ماددەی پازدەم**:

کارکردن بە حوکمی بڕگەی (٢) لە ماددەی سیو حەوتەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

ئەو تەڵاقە ناکەوێ کە بە ژمارە گوتراوە یا، بە هێما، مەگەر یەکێك نەبێو تەڵاقی (موعتەددە)ش ناکەوێ.

**ماددەی شازدەم**:

کارکردن بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی سیو هەشتەم لە یاساکەدا رادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

تەڵاق دوو بەشە:

١-**گێڕانەوەیی (رەجعی):** دەشێ مێرد لەکاتی عیددە سەردانی ژنەکەی بکات بێ گرێبەستکردنەوە بە مەرجێك ئارەزووی هەردووکیان لەسەر چاکبوونەوەبێت.

**ماددەی حەڤدەم**:

**یەکەم:** کارکردن بە حوکمی بڕگەکانی (٢، ٣)ی ماددەی سیو نۆیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

٢- مێرد ناچار دەکرێت گوژمە پارەیەك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ لە سندوقێکی تایبەتی چاودێری خێزان دابنێ لەلای دادگا لەکاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاق.

٣- ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاق داو لەلای دادگا ساغ بووەوە کە پیاوەکە خەتابارە لە تەڵاق دانیو ژنەکەی لەو بارەیەوە تووشی زیان بووبوو، ئەوا دادگا حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە پێشکەشی دەکات، بەوەی کە پیاوەکەی تەڵاقی داوە قەرەبوویێکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایيو پلەی خەتاو توندوتیژیەکەیداو تێکرا تەخمین دەکرێ بە مەرجێك کەمتر نەبێ لە نەفەقەی سێ ساڵو زیاتریش نەبێ لە پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون.

**دووەم**: بڕگەیەك بە زنجیرەی (٤) دەخرێتە سەر ماددەکە بەم جۆرەی خوارەوە:

(٤- حکومەتی هەرێم چاودێری ژنی تەڵاقدراوکە هیچ دەستکەوتێکی نەبێ دەخاتە ئەستۆی خۆیو پارەیەکی مانگانەی لەلایەن چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ تەرخان دەکرێ، تاکو دەرفەتێکی کارکردنی بۆ دەرەخسێ، یاخود شوو دەکاتەوە.)

**ماددەی هەژدەم**:

کارکردن بە بڕگەی (٥)ی ماددەی چلەمین لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(٥- ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی لێک جودابوونەوەی دەبێ.)

**ماددەی نۆزدەم**:

**یەکەم**: کارکردن بە (٢،١) لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی چلو سێیەم لە یاساکەدا رادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

١- ئەگەر مێردەکەی بەندکرا بە سزایەك ئازادی موقەییەد بکات بۆ ماوەی (٣) سێ سالّو زیاتر ، دوای سالّێك لە جێبەجێ کردنی، هەرچەندە دەرامەتی هەبێو خەرجی بکات.

٢- ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ سالّێكو زیاتر بە بێ پاساوی ڕەوا بەجێهێشتو هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێبوونی دیاربێو دەرامەتی وای هەبێ لێی خەرج بکات.

**دووەم**: کارکردن بە حوکمی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چلو سێیەم لە یاساکە لە هەرێمی کوردستان رادەگیرێ.

**ماددەی بیستەم**:

کارکردن بە حوکمی ماددەی چلو چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(دەشێ هۆیەکانی لێك جودابوونەوەو هەلّوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیریی بە هەموو هۆیەکانی سەلّماندنو لەوانەش ئەو شایەدییانەی کە گوێیان لێگیراوە، ئەگەر بە تەواوتر هاتبێو ئەمەش دادگا دیاری دەکات، بەدەر لەو حالّەتانەی کە یاسا هۆیە دیاریکراوەکانی سەلّماندنیانی دەستنیشانکردووە.

**ماددەی بیستو یەکەم**:

کـارکردن بــە بڕگــەکانی (٣،١) لــە مــاددەی چــلو شەشــەم لــە یاســاکەدا ڕادەگیریێو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١–** لابردنی کۆتی هاوسـەرگیری **(خولـع)** بـە دەربڕینـی (خولـع)ە یـاخود بەوەی کە ماناکەی دەبەخشیێ، بەرامبـەر قـەرەبوو کردنەوەیـەك زیـاتر نـەبیێ لـەوەی وەریگرتـووە لـە مـارەیی دیـاریکراوو مـەرجیش نییـە مێردەکـە بـەو (خولـع)ە رازی بـیێ ئەگـەر دەرکـەوت بـۆ دادوەر لـە ڕێگـەی تەحکیمـەوە کـە ژنەکە ناتوانیێ لە گەڵیدا بژی.

**ماددەی بیستو دووەم**:

کارکردن بە ماددەی پەنجایەم لە یاساکەدا رادەگیریێو ئەمەی خوارەوە جێـی دەگرێتەوە:

(دەبیێ نەفەقەی عیددە بۆ ژنە تەڵاقدراوەکە لەسـەر مێـردە زیندووەکـەی بیێو هیچ نەفەقەیەك بەناوی عیددەی مردن نادرێت).

**ماددەی بیستو سێیەم**:

کـارکردن بــە مــاددەی پــەنجاو هەشــتەم لــە یاســاکەدا ڕادەگــیریێو ئەمــەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:–

نەفەقەی هەر مرۆڤێك لەماڵی خۆیەتی تەنیا ژن نەفەقەکەی لەسەر مێردییێتـی لەکاتی گرێبەندی تەواودا.

**ماددەی بیستو چوارەم**:

کـارکردن بــە مــاددەی حــەفتاو چــوارەم لــە یاســاکەدا ڕادەگــیریێو ئەمــەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(١– ئەگەر رۆڵەی رۆڵـە لەگـەڵ رۆڵـەدا کۆبوونـەوە یـاخود رۆڵـەی رۆڵـەی رۆڵە لەگەڵ رۆڵەی رۆڵەدا کۆبوونەوەو ئەگەر هاتنە خـوارەوەش جێـی بـاوکی

کۆچکردوویان یان دایکی کۆچکردوویان دەگرنەوەو ئەوەی دەیانکەوێ لە میرات بۆیان دێتە خوار هەرچەندە لە ژیانیش دامابێ، بەمەرجێك لە سێیەکی میراتەکە زیاتر نەبێ، ئەگەر میراتیان نەگرتو باپیر یان داپیر ئەوەی دەیان کەوێ پێیان نەدانو ئەگەر کەمتریان پێدان لەوەسیەتی واجیب بۆیان تەواو دەکرێ.)

(٢- حوکمەکانی وەسیەتی واجیب رۆڵەکانی براو خوشکانیش دەگرێتەوە جا ئەگەر نێر بن یاخود مێو ئەگەر هاتنە خوارەوەشو بۆ هەردوو هاوسەریش دێتە خوار ئەگەر ژنەکە ئەهلی کیتاب بێ.)

(٣- خاوەن میرات لە سەردەمی ژیانیدا بۆی هەیە ماڵەکەی خۆی بەسەر میراتگرانی نێرو مێ بەیەکسانی دابەش بکات، یاخود ئەمە رابسپێرێ بەمەرجێك لەسێ یەکی میراتەکە زیاتر نەبێو بەرەزامەندیی ئەوانی تربێ ئەگەر لەسێیەك پتربوو.)

(٤- خاوەن میرات بۆی هەیە رابسپێرێ پتر نەبێ لە سێیەکی میراتەکەی بدات بە میراتگرێك.)

(٥- ئەگەر وەسیەتی ئەرك (واجیب) ناکۆك بوو لەگەڵ وەسیەتی هەلبژێردراو(ئیختیاری) ئەوەی یەکەمیان پێش هی دووەمیان دەخرێ.)

**ماددەی بیستو پێنجەم**:

کارکردن بە حوکمی برگە(١) لە ماددەی نەوەدو یەکەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ وە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(١/ مێرد لەگەڵ لقی میراتگری ژنەکەی چواریەکی دەکەوێو ئەگەر نەیبێ ئەوا نیوەی دەکەوێ. بەڵام ژن لەگەڵ بوونی لقی میراتگر ئەوا هەشت یەك دەگرێو لەکاتی نەبوونیشی ئەوا چواریەك دەگرێ دوایی دەرهێنانی

بەشـەكەی خـۆی كـە بەشـداریی كـردووە لـە پێكـەوە نـانی جـیٚ ماوەكـە (التركه) (میراتەكە) دا.)

**ماددەی بیستو شەشەم**:

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێت ئەگەر لەگەڵ حوكمـەكانی ئـەم یاسایە ناكۆك بیٚ.

**ماددەی بیستو حەوتەم**:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجیٚ بكەن.

**ماددەی بیستو هەشتەم**:

ئەم یاسایە لـە ڕۆژی بڵاوكردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـایعی كوردسـتان) جێبەجیٚ دەكریٚ.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق**

## هۆكارەكانی دەركردنی ئەم یاسایە

بەهۆی گرنگی یاسای باری كەسییەتیو پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە تاكو كۆمەڵو لـە پێنـاو بـەرەوپێش بردنـی كۆمـەڵگای كوردسـتانیو ڕێكخسـتنی پەیوەندییـەكانی خێزانو كۆمەڵایـەتیو دابینكردنـی دادپـەروەرىو یەكسـانی سـەبارەت بـە مامەڵـە كردنـی كۆمەڵایـەتیو خێزانـیو دروسـتكردنی هەماهـەنگیو هاوتـەریبی لـە نێـوان یاساو گۆڕانكارییەكانی شارستانی سەردەمداو بەمەبەستی ڕەنگدانەوەی ئاراسـتەو ڕوانینی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بـۆ بـەهێزكردنو زامنكردنـی مافـەكانی ئافرەتانیو ژنانی كوردستانیو دابینكردنی دادپـەروەری تـەواوی نێـوان ژنو پیـاو دووباڵی ژیانی مرۆڤایەتی لە كۆمەڵگەدا ئەم یاسایە دانرا.

++++

**سەرچاوەکان:**

## کتێبە ئاسمانیەکان

- قورئانی پیرۆز
- تەورات
- ئینجیل

- خولاصەی تەفسیری نامی، دانراوی مەلا عبدالکریمی مدریس، چاپی دووهەم، ٢٤٣١ کۆچی – ٢٠١٠ زاینی.
- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمدامین، پێداچوونەوەی لێژنەیەك، چاپی دووەم
- ئینجیل، رێنمایی نوێی حەزرەتی عیسا بە شێوەی کوردی سۆرانی، چاپی دووەم، ١٩٩٩.

## کتێبەکان بە کوردی

١. توندوتیژی خێزانی– تێڕوانین و چارەسەر، توێژەری کۆمەڵایەتی عەبدوڵلا عەبدولرەحمان، چاپی یەکەم/ ٢٠١٢، پاشکۆی کتێب، تەلاق و لێکجیابوونەوە، ل ١٣٤ – ١٣٩، مەرجەکانی ماف ئافرەتی تەلاقدراو بۆ نیشتەجێ بون، ل ١٥٤، ئەو حالەتانەی ژنی تەلاقدراو ئەم مافانە لەدەست دەدات، ل ل١٥٤ .

٢. مێژووی ئاینەکان، د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ئاینی جوو (٩٧ – ١٠٨)، ئاینی مەسیحی (١٠٩ – ١٢٦)، ئاینی ئیسلام (١٢٧ – ١٥٨).

٣. یاسای باری کەسیەتی (( یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای هەموارکردنی جێ بەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان– عێراق))، بەشی راگەیاندن و پەیوەندیەکان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٣.

٤. کێشەکانی پەیوەندیدار بە باری کەسیەتی، مافپەروەر عزالدین عبداللە یاسین، چاپی یەکەم ٢٠١٢، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ل ٧٣ – ٧٤،

٥. یاسای باری کەسێتی حوکمو ماددەکانی یاساو بڕیارەکانی/ پەیوەست بە باری کەسایەتیی/ بەرکار لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ئامادەکردنی حاکم عەونی البزاز، بەشی تەلاق دوو بەشە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستا- عێراق، لە چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، لێژنەی کاروباری یاسایی (٢٧)، www.perleman.org ،٢٠٠٩، ل٣٣

## کتێبەکان بە عەرەبی

٦. التكلفة الاجتماعية للطلاق، د. هدى زكريا، استاذ علم الاجتماع بجامعة الزقازيق، مركز قضايا المرأة المصرية، ٢٠٠٣، ص ٧٠ – ٧٩

## توێژینەوەکان بە کوردی

٧. جیابوونەوەو لێکترازانی خێزان لە هەرێمی کوردستان، ئامادەکردنی گۆڤاری شیکار، ژمارە (٠) پایزی ٢٠١٢.

٨. خلیل اسماعیل محمد، نەخشەی ئیدارەی کوردستانی عێراقو بوای نەتەوەکەی، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (٢)ی ساڵی هەشتەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەریدەکات، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ٣٥-٣٨

٩. روپێوی چالاکی قاوەخانەکانی ئینتەرنێت بۆ ساڵی ٢٠١٠، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی موردستان، بەشی گواستنەوەو گەیاندن ٢٠١١، ل ٢-٣

## توێژینەوەکان بە عەرەبی

١٠. نادية طلعت سعيد، طرف السيارات في محافظة اربيل دراسة في جغرافية النقل، رسالة مقدمة الي كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ص١٧

١١. هاشم ياسين محمد امين الحداد، اطلس موارد الطبيعية في محافظة اربيل ادارة ارض الزراعية دراسة كارتوغرافية- جز (١-٢) رسالة ماجستر مقدمة الي كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠، ص ٥

## بەڵگەنامە فەرمیەکان

١٢. مامەلـەکانی ئەنجامـدراو لـە دادگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان لـە ٢٠١٠/١/١ تـاکو ٢٠١٣/٦/٣٠، بەڕێوەبەریـەتی پـلان و ئامـار لـە ئەنجومـەنی دادوەری هـەرێمی کوردستانی عێراق

١٣. ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچە هەولێر،٢٠١١/١/١ تاکو ٢٠١١/٢١/٣١

١٤. ئاماری تایبەت بە دادگای باری کەسی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچە هەولێر،٢٠١٢/١/١ تاکو ٢٠١٢/٢١/٣١

١٥. ئامـاری (ئەنجومـەنی بـاڵای دادوەری عێـراق) لـە عێـراق، ١١ مـانگی ٢٠١٧، https://www.iraqja.iq/statistics/


## گۆڤارەکان بە کوردی


١٦. گۆڤـاری شـیکار، ژمـارە سـفر (٠) پـایزی ٢٠١٢، گۆڤـارێکی هـزری ئـەکادیمی وەرزییـــــە، پـــــەیمانگای (ی.ئ.ك) بـــــۆ پرســـــە کۆمەڵایەتیـــــەکان دەری دەکات،جیابوونـەوەو لێکترازانـی خێـزان لـە هـەرێمی کوردسـتان، ئامـادەکردنی گۆڤاری شیکار، ل ٦٩ – ٩١ .

١٧. گۆڤاری شیکار، ژمارە (٣) پایزی ٢٠١٣، گۆڤارێکی هزری ئەکادیمی وەرزییە، پەیمانگای (ی.ئ.ك) بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان دەری دەکات، جیابوونـەوەی ژن و مێرد لە تەمەنی پیریدا، گۆنا مستەفا قرگەیی، ل ١٣٩ – ١٤٢ .

١٨. لاپـەڕەی فەیسـبووکیان بەناویـەوە دروسـتکردووە، گۆڤـاری سـڤیل، ئـا: رائیـدی مـــــاف ژیلـــــەمبۆ عبـــــدالقادر معـــــروف، تـــــەمموز ١٣، ٢٠١٣، http://www.civilmag.com/?p=13585

١٩. تـەڵاق... بەراوردکاریـەکی ڕێـژەیی لـە نێـوان کوردسـتان و وڵاتـانی عەرەبیـدا، ئـا: ئاری بەختیار– هەولێر، گۆڤاری تاو، ژمارە ٣٤، ئاداری ٢٠١٢، ل ٦٩

٢٠. گۆڤاری سڤیل، ژمارە (١٧٤) ٢٠١٣/٣/١٦، گۆڤارێکی هزری ئەکادیمی وەرزییـە، گۆڤارێکی هەفتانـەی گشـتی ئـازادە، لـە کـەرکوك لـە بەرامبـەر سـێ هاوسـەرگیری تەڵاقێك هەبووە، ئامادەکردنی گۆڤاری سڤیل، ل٤٦ – ٤٧.


## رۆژنامەکان

٢١. لــه دايكبــوونى مۆبايــل و گەشەســەندنى، زانســت و زانيــارى، هەفتەنامەيــەكى زانستيە هەموو سێ شەممەيەك رۆژنامەى خەبات دەريدەكات ٨ لاپەڕەيە، ژمارە ٤٧، سێ شەممە ٢٩١٣/١١/٦، ل ٥ .

٢٢. مۆبايل بۆ هەندێك لە كچان بووە بە بەلا، شاناز حەسەن، رۆژنامەى هاولاتى، ژمارە (١١٨٨)، دووشەممە ٢٠١٣/١١/٢٥، ل ٩

٢٣. كەنعان بەهادين، داود فۆاد، ئينتەرنێت بۆ خۆپێگەياندن يان كات بەسەربردن؟ ڕۆژنامەى خەبات، ژ ١٦٣١، ٢٠٠٤/١١/٢٦.

٢٤. هــەر كــەنالێك ژمــارەى مۆبايــل بلاوبكاتــەوە پەخشــەكەى رادەگيرێــت، شــوان بەرزنجى، هەفتەنامەى رووداو، ژمارە (٢٠٧)، دوو شەممە ٢٠١٢/٤/١٦، ل١٥.

٢٥. لەعێراقدا، رێژەى جيابوونەوەى ژن و مێردەكان لە يەكترى لە بەرز بوونەوەدايە، ئامارى (ئەنجومەنى دادوەرى بالاى عێراق) لە عێراق، ٢٠١٢، شەونم محەمەد ئەمين، رۆژنامەى هەولێر، ژمارە (١٤٠٢)، ٢٠١٢/٨/١، ل ٨

٢٦. مەرجەكانى ياساى بارى كەێتى بۆ مارەكردنى ژنى دووەم هيچ سودێكى نييە، ٤٥٠ پياوى شارەكانى هەرێمى كوردستان، ژنى دووەم لە كەركوك مارە دەكەن، ئــا: ســلێمان جــرجيس، هەفتەنامــەى ژيانــەوە، ژمــارە (٥٨٨)، يەكشــەممە ٢٠١٤/١/١٩، ل ١

## ويبسايتى ئينتەرنێت

27. http://www.krg.org/p/p.aspx?l=13&s=020000&r=327&p=238
28. http://www.krg.org/p/p.aspx?l=13&s=020000&r=327&p=296
29. دوو ياساى شيعە بارودۆخەكە ئالۆزتر دەكەن، ويبسايتى نيقاش، موستەفا حەبيب، بەغدا، ٣١.١٠.٢٠١٣،
http://www.niqash.org/articles/?id=3318&lang=ku
30. فەرمانبەرانى ياسايى، ٢٠١٣/٨/٣٠،
https://www.facebook.com/pages/.
31. پارێزەر/ شوان رەفيق حسن،
www.facebook.com

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

++++++++++++++++++++

++++++++++++

كۆتايى